# هێلکەی شووم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

میخائیل بۆلگاکۆف

# هێلکەی شووم

وەرگێڕانی:

**مەنسوور تەیفووری**

پێشەکی:

**عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی**

ناوی کتێب: هێلکەی شووم – چیرۆك
وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری
پێشەکی: عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٠٥
پیت لێدان: دارا ئەحمەد + سەهەند سەرتیپ
هەڵەگری: شێرازد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٧٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# بلێی وەستان لە بەرامبەر ئیستالیندا چۆن بێ؟

لەباتی پێشەکی

هەندێ کەس وەکو دەریان، پان و بەرینن؛ هەندێ کەسیش وەکو گۆمن، قووڵ و بێ بنن؛ هەندێکیش وەکو شەتاون، چڕن، شێت و شڕن؛ ئەتوانی بەفرۆکە بەسەر دەریادا تێپەڕ بی و لە پانتایی بێ سنووری دەریا ڕابمێنی؛ لەسەر گاشەبەردێ دابنیشیت و ببڕیتە قووڵایی گۆمێ؛ بەڵام ئەبێ خۆت بپارێزی لە شەپۆلی شەتاو: شەتاو ئەتکێشێ، لەگەڵ خۆی ئەتبا؛ تۆلستۆی دەریایە، پان و بەرینە، داستایۆسکی گۆمە: قووڵ و بێ بنە؛ بۆلگاکۆف شەتە: ڕووبارێکی چڕە، کوورانێکە ئەگەر لەگەڵ دەریاش تێکەڵ بێ هەر خوڕە، بەگوڕە، ڕووبارێکە ئەگەر گۆمیشی تیابێ مەند نییە، پڕ قەڵبەزە و کەف و کوڵە.

هەر کاتێ لە بۆلگاکۆف تێدەفکرێم، بێ ئاگا دەست و پێم کۆ دەبێتەوە، تەزوویەك بەنێوشانمدا دێ و لاتراسکەیەك ئەبەم، بەترس و لەرزەوە لە خۆم ئەپرسم بلێی وەستان بەرامبەر ستالین چۆن بێ؟ داخۆ دەمەلاسکێکردنەوەی ئیدئۆلۆژییەکی زاڵی وەك ستالینیزم سانا بێ؟ بێگومان نابێ وابێ، ئەی چۆن بوو ئەو کابرایە بەتەنێ بەرامبەر بەو شەپۆلانە وەستا و لە کانگای دڵیەوە بەهەیمەنەی ستالین پێکەنی. ماندلشتام، گۆمیلۆف، ئانا ئاخماتوا و زۆر کەسی تریش وەستابوون، بەڵام بۆلگاکۆف

شتێکی تربوو. ئەوان وەستابوون، بەڵام بۆلگاکۆف وەستا و پێکەنی، گاڵتەکردن بە بەڕێوەبەرانی دەزگای ستالینی شۆخی نەبوو، بەڵام بۆلگاکۆف کەسایەتییەکی سامناك و شەیتانی وەك «ڤۆلەند» ئەنێرێتە نێو ئەوان و سووکایەتی و باپووشکەبوونیانی لە گاڵتەجاڕی ڕۆمانی «مورشید و مارگریتا»دا نیشان دەدا، یان لە دەلاقەی چاوی سەگێکەوە کە بە پەرجووی زانست چۆنیەتییەکی مرۆیی پەیدا کردووە، لە پانتایی ڕەفتاری مەسخەرەی مرۆڤ دەڕوانێ و ڕۆمانێك دەخولقێنێ بەناوی «دڵی سەگ». ئەگەر بمانەوێ ناوەرۆکێك بۆ کارەکانی بۆلگاکۆف دەستنیشان بکەین بێگومان ئەمەیە «ئاژاوە» خۆی هەر لە ناخی دیسیپلینی حیزبییەوە سەر هەڵدێنێ.

ژانری ئەدەبیی scenes fictin زەرفێکی باشە بۆ ئەم ناوەرۆکە. نووسەرانی ناڕەزایی لە شێوەی چیرۆکی.

scenes fictionدا داخی خۆیان دەخەنە سەر کاغەز و لە کارگەی ئەم شێوازەدا پەیکەری بەسامی دەسەڵاتداریی لەتوپەت ئەکەن. ئالدۆس هاکسلی، جۆرج ئۆرویل و، بەر لەوان جەی. ئێچ، وێلز و زۆر کەسی دیکە ئەم کارەیان کردبوو، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانیبوو بەدەم پێکەنینەوە

تویکاری بکەن و هەر لەو کاتەشدا قیز و هێڵنج و پێکەنین تێکەڵ بکەن.

ئەتوانین کارەکانی بۆلگاکۆف بەجۆرێك گرۆتسك[1] دابنێین. گرۆتسکێك کە بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سامناك و گاڵتەجاڕی هەموو دیکتاتۆرییەکە.

دیکتاتۆر بچووك و سووکە، بەڵام با دەکاتە خۆی، یان باشتر وایە بڵێین بایان تێ دەکەن. هیتلەر کورتەباڵا و مووڕەش بوو، کەچی خۆی بەپێشەوای ڕەگەزی پاکتر دەزانی، جا دیارە ڕەگەزی پاکتریش دەبێ باڵابەرز و زراڤ و کاڵ و چاوشین بێ ! مۆسۆلینی کەچەڵ و تێکسمڕاو بوو، بەڵام خۆی بەژوولیووس سێزار نەدەگۆڕییەوە.

لە هەموو ئەمانە «کۆمێدی– تراژیك»تر ئەمەیە کە ستالین هەم کارەکانی بۆلگاکۆفی پێ خۆش بوو و، هەم لێی ئەترسا.

باشە، ئەمانە هەموو گرۆتسکن و، گاڵتەجاڕ و سامناکتر کاتێکە دیکتاتۆر لەژێر ئاڵای ئاشتیدا شەڕ هەڵبگرسێنێ و لە پێناوی ئاییندا ئایین بڕووخێنێ، نیاندرتاڵ بێ و خۆی بەڕێبەری هۆمۆساپێنس بزانێ، قول بە فل حاڵی بێ و ئیددیعای ویژدان بکا.

بەڕاستی مرۆڤ ئەبێ چی بکا لە بەرامبەر ددانەکیڕێی دیکتاتۆردا؟ ئەبێ بێدەنگ بێ یان پڕ بە دڵ بقیڕێنێ یان.

---

(١) گرۆتسك شێوازێکی هونەرییە، ڕەنگە بۆ سەر شێواندن لە سانسۆرچی. لە ئەدەبیاتدا کاتێ نووسەر نەتوانێ دەنگی خۆی بەڕوونی دەرببڕێ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناکۆکیی کۆمەڵایەتیدا بدوێ، بەم شێوە کار دەکات. بەکورتی ئەتوانین بڵێین گرۆتسك تێکەڵێکە لە تراژێدی و کۆمێدی. کارەساتی دڵتەزێن و پارادۆکسیکاڵ لە بوخچەی گاڵتە دەپێچرێتەوە و بەشێلەبزە کارەساتی قەوماو پێشان دەدات، هەڵبەت ئەم بسکە و پێکەنینە زۆر زەق نییە و خوێنەر ئەبێ خۆی تێی بگات، وەکی دۆخی گریگوار سامسا لە ڕۆمانی کەوڵاوکەوڵی کافکادا و ...هتد.

بەڕای هەندێ ئەدەبناسی وەك لووکاچ و گۆڵدمەن و یاکووبسن، شێواز و ژانر هەر وەك توخمی زاڵ

(Dominant) بەر و بەرهەمی بارودۆخی زەمانەیە و، ژانر وەك ئاوێتەیەکی بالاڕوان ڕواڵەتی زەمانە ئەنوێنێتەوە و هەر لەو کاتەشدا خۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتییە، کەوابێ ئەمە بەرهەم نییە کە ریالیسمە، بەڵکو ئەوە ژانرە دۆخی واقیعی بانگەواز دەکات. «زەمانە ژانر ئەخولقێنێ و ژانریش زەمانە ئەنوێنێ». ئەمانە هەموو میکانیزمی جوبرانیی دەروونی کۆیین، کە من پڕ بەدڵ پێم وایە ژانری سەردەمی ئێمە گرۆتسکە– دەبێ هۆی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەش هەر ئەمە بێ.

**عەبدوڵلا کەیخوسرەوی**

## ١
# چاوخشاندنێك بەژیاننامەی پرۆفیسۆر پێرسیكۆفدا

ئـێوارەی ڕۆژی شانـزەی ئـاوریلـی سالّـی ١٩٢٨، پـرۆفسیـور پـێرسیـكـۆفـی مـامۆستای جانەوەرنـاسیی زانكۆی دەوڵەتیی ژمـارە چوار و بـەڕێوەبـەری ئەنستیتۆی جانەوەرناسیی مۆسكۆ، چووە ژووری كارەكەی لە شەقامی گرتسین.

پـرۆفـیسۆر گـلـۆپـە حـوبـایـەكـەی ژوور سەری داگیـرساند و چـاوێكی بەژوورەكەدا گێڕا. بەڕاست ئەگەر ئۆبـاڵی كۆی ئەو بەڵا گەورەیەی ئەم دوانیوەڕۆیە قەومـا، بخەینە ئەستۆی پرۆفیسۆر، حەقمـانە.

پـرۆفـیسۆر ڕەبـەق پـەنجا و هـەشت سالّـی تـەمـەن بـوو، بـەسەرێكی كەچەڵەوە كە زۆربـاش كـاری دەكرد. نـاو بەنـاو قژی زەردبـاو بەكۆمەڵ وەك بنچكی گژوگیا لەم لاو ئەو لای كەللەی ڕوابوو. ڕیشی هەمیشە شەش تێغەی و ڕوومەتی شالووس ولچی قوتی خوارەوەی وایان كردبوو سیمای پێرسیكۆفی و نـاوازەكەی لاسار بنوێنێ. لووتێكی سووریشی هەبوو كە

چاویلکەیەکی بچووکی کۆن و لە مۆدە کەوتووی قاپ زێو سواری بووبوو.

چاوە وردەکانی زیتەیان لێ نەدەبڕا، باڵای بەرز و پشتی تۆزێك کووڕ بوو. دەنگی زیق و ناسك و ناخۆش بوو و پچڕ پچڕ قسەی دەکرد. بەڕێزی ئەم تایبەتمەندییە سەیر و سەمەرانەی پرۆفسیۆر ئەمەش زیاد بکە کە جەنابی وەختێك لەسەر شتێك دەیدایە ڕاوی قسە و پتەو دەچووە ژێر وتەکانی، چاوی بچووك دەکردەوە و ئەنگوستی ئیشارەتی دەستی ڕاستی دەبووە قولاپ. مادامیش شارەزای بوارەکەی بوو و هەمیشەش لە ڕاستیی وتەکانی دڵنیا، ئەم قولاپە بەردەوام لەبەردەم گوێگرانیدا هەلەکە سەمای بوو.

ئەم پرۆفیسۆرەمان، لە دەرەوەی بواری پیشەکەی: (جانەوەرناسی، جنین ناسی، ئاناتۆمی، ڕووەك ناسی و جوگرافیا)، بە دەگمەن قسەی دیکەی کردبا.

پرۆفیسۆر نە ڕۆژنامەی دەخوێندنەوە و نە حەزیشی بە تیاتر دەکرد.

ژنەکەی ساڵی **١٩١٣** ڕەدووی تینۆرخوێنی «ئۆپێرای زیمینا» کەوت و ئەم چەند دێڕەی بۆ بەجێ هێشت:

«قرپۆقە قێزەونەکانت هۆی موچڕکە ناخۆش و نەفریتەکانی منن. بیرەوەرییان هەموو تەمەن ئازارم دەدات!».

پرۆفیسۆر ژنی نەهێنایەوە و دواشی بڕایەوە.

زوو هەڵدەچوو و خێراش دەنیشتەوە. زۆریش حەزی لە «چای میوەیی» مارۆشکا بوو.

لە شەقامی بریچیستینکا، لە ماڵێکی پێنج ژووری دەژیا کە یەکێکیان بەدەستی پیرەژنێکی لەڕەوە بوو بەناوی ماریا ستێپانۆنا- ماریا

خزمەتکاری ماڵەکە بوو. ساڵی ۱۹۱۹، کاتێ سیان لە ژوورەکانیان لە پرۆفیسۆر سەند، بە ماریا ستێپانۆنای ڕاگەیاند: «مەرج بێ ئەگەر واز لەم کارە قۆڕانەیان نەهێنن، ئەم وڵاتە جێدێڵم!».

شکی تێدا نییە گەر پرۆفیسۆر قسەکەی بەڕاست گەڕاندبا، سانا دەیتوانی لە کوێی دونیا و لەکام زانکۆی جانەوەرناسی حەزی لێیەتی دامەزرێ، چونکو پرۆفیسۆر زانایەکی هەرە شارەزای بوارەکەی بوو و لە بواری دووژیانان وخشۆکەکاندا جگە «ویلیام ڤۆکل» لە کەمبریج و «جاکۆمۆ باتلۆمێئۆبکتری» لە ڕوما کەس نەبوو شان لە شانی بدات.

جگە ڕووسی چوار زمانی دیکەی بە باشی دەزانی و بە فەرەنسە و ئالمانیی وەك زمانی دایکی دەدوا.

پێرسیکۆف هیچ کات خەیاڵی بەجێهێشتنی وڵاتی بەڕاست نەگەڕاند. ئەگەر چی ساڵی ۱۹۲۰ لە ساڵی ۱۹۱۹ش خراپتر لەگڵ دەرهات!

ڕووداوەکان یەك لە دوای یەك دەقەومان. ناوی شەقامی نیکیتسکای مەزن گۆڕا بۆ گرتسین. زۆری نەخایاند چوکڵەکانی کاتژمێرە گەورەکەی نێو دیواری بینایەك لە ناوبڕی نێوان شەقامی گرتسین و مێخاووی لەسەر یانزە و چارەك وەستا و تاوێك دواتریش لە شووشە بەندەکانی ئەنستیتۆدا، وەك دیارە لەبەر کەم و زۆربوونی خێرا و توندی گەرما و سەرما، سەرەتا هەشت نموونەی دەگمەنی قرپۆق و کەمێك دواتریش پانزە بۆقی ئاسایی و لە دواییشدا، ناوازەترین نموونەی بۆقی سۆرینامی فەوتان.

ڕێك دوای ئەوەی ژووریلە شووشەییەکانی ئەنستیتۆ پاش بۆقەکان کە لە یەکەم چەشنی خشۆکی بێکلك بوون بێناز کەوتن، وێلاسە پیر، نیگابانی تەواوکاتی ئەنستیتۆ، ئەگەرچی لە هیچ چەشنێکی خشۆکێکیش نەبوو، ئێوە خۆش.

گەورەترین هۆی مردنی ئەو و ئەو خشۆکە داماوانە یەك شت بوو کە پرۆفیسۆر پێرسیکۆفی جانەوەرناس زۆر زوو پێی زانیی: برسیەتی.

زانیارەکە باشی بۆ چووبوو. وێلاس ئاردی پێویست بوو و بۆقەکانیش کرمی ناو ئارد، کەچی قەوما و بەقاتبوونی ئەوی یەکەم، دووهەمەکەشیان ئاو بێنە و دەست بشۆ.

پێرسیکۆف بیری دەکردەوە ئەو بیست نموونە قرپۆقەی مابوون بەقالۆنچە بژیەنێ، کەچی وەك دیارە قالۆنچەکانیش بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر کۆمۆنیزمی سەربازی، بزربوون.

بەم جۆرەش پاشماوەی خشۆکەکان ناچار هەڵڕێژرانە زیرابی ئەنستیتۆکەوە.

ئەم مەرگە یەك لە دوای یەکانە، بەتایبەت مەرگی بۆقی سوورینامی، وەها گورچکبڕ کاری لە پێرسیکۆف کرد، لەبەر هەندێ شت کە تەنیا خوا دەزانێ چین، بەتاوانی هەموو مردنەکانی خستە ئەستۆی کۆمیسێری باڵای کولتوور.

پێرسیکۆف کڵاو لەسەر کاڵە لە پێ لە هۆڵی ساردی ئەنستیتۆدا وەستابوو و ڕوو لە ئیوانۆفی یاریدەری کە جێنتلمەنێکی تەواو بوو بە هەیکەڵ و قەڵافەتێکی جوان و ڕیشێکی زەردی بزنییەوە، دەیگوت:

«بەڕای من دەبێ بەمردنیش لێی ڕازی نەبن. کەس نازانێ خەریکی چین! خەریکن هەموو شتێك وێران دەکەن. بەڕاست نییە؟

ئای کە جانەوەرێکی سەیر بوو. نموونەیەکی دەگمەن، پیپایەکی ئامریکانای ۱۳ سانت درێژ.»

پەندەکە بەمەوە نەوەستا. دوای وێلاس پەنجەرەی دوولۆی بیناکە لەهەر

دوو لاوە بــەستــی و سەهــۆڵ چــمــا چــەپکــە گـوڵ لــە نــاوەوە شیشەی پەنجەرەکانی تەنی.

کەروێشك و ڕێوی، گورگ، ماسی و لە دواییدا حەیوانەکان و تەنانەت ماراویە چەقەکانیش هەموو فەوتان.

پێرسیکوڤ یەك ڕۆژی ڕەبەق قسەی نەکرد، پاشان سینەپاڵووی گرت، بەڵام نەمرد. دوای چاکبوونەوە، هەفتەی دووجار دەهاتە ئەنستیتۆ و لە هۆڵە گردەکەیدا کە دیار نەبوو بۆ پلەی گەرماکەی لەکاتی سەروخوار کردنی پلەی هەوای دەرەوەشدا هەمیشە پێنج پلە لەژێر سفرە، لە توێی دەسماڵگەردن و کڵاوێکی تا سەر گوێ و جووتێك کاڵەوە، بەدەم و لووتی وەك دووکەڵکێش پڕ لە هاڵاوییەوە، بۆ حەوت هەشت گوێگرێك لەسەر خشۆکەکانی ناوچەی گەرمیانی زەوی کۆنفرانسی دەگرت.

پێرسیکۆف بەشی دیکەی کاتەکانی، لە پریچیستینکا، لەسەر کاناپە، لە ژوورێکدا کـە تـا بـنـمـیـچـەکەی چین چین کتێب کەڵـەکە کرابـوو، لـەژێر بـەتـانـیدا بـەدەم کۆکینـەوە سەیری زارکی ئاگراویی سۆبە دیوارییەکەی دەکرد، کە لە نەبوونی ئاگردوودا ماریای خزمەتکار بەکورسیە دەسك زێڕەکان دەیگڕاند و، بیری لە بۆقە سوورینامیەکە دەکردەوە.

بەڵام تەنگانە تا سەر نییە. ساڵی بیست و یەکیش تێپەڕی و لە ساڵی بیست دووەوە ڕەوتەکە پێچەوانە بۆوە.

یـەکـەم گـۆڕان هـاتـنـی پـانـکـرات بـوو لـەبـاتـی وێلاسە پیر، کـە وێڕای گەنجییەکەی ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا بەنیگابانیی ئەنستیتۆکە بشێ. بەهەر چەرمەسەرییەك بوو کەرەستەی گەرمکەریان دامەزراندەوە. هاوین پـێرسیکـۆف بـەیـارمـەتی پـانکرات لـە ئـەستێرکی کلیزمـا چـواردە بۆقـی ئـاسایی ڕاو کرد و لە شووشە بەندەکاندا سەر لەنوێ ژیان بووژایەوە. ساڵی

٢٣ پێرسیکۆف حەوتووی هەشت جاران – سێ جار لە ئەنستیتۆ و پێنج جار لە زانکۆ – و سالْی ٢٤ حەوتووی سیانزە جار کۆنفرانسی دەگرت و لە فێرگەی کرێکارانیش وانەی دەوتەوە. بەهاری سالْی ٢٥ قاو داکەوت کە پێرسیکۆف لە تاقیکردنەوەی کۆتایی سالْدا، هەفتا و شەش خوێندکاری لە وانەی خشۆکەکاندا دەرنەچواندووە.

پێرسیکۆف لە یەکێکیانی پرسی: چۆن نازانی مارەکان چییان لە خشۆکەکانی تر جیاوازە؟ جێگەی پێکەنینە کورِۆ! مارەکان کاسەی قوونیان نییە... هەر ئەمە. تێگەیشتی؟ جێگەی شەرمە. نەکا مارکسیست بی؟ کورە، کە لە ئان و ساتی دەرنەچوواندا بوو بە داماویەوە وتی: بەلْێ، مارکسیستم. پێرسیکۆف بە ئەدەبەوە وتی: ئاواهی، کەوابوو زەحمەت نەبێ پاییز تەشریف بێننەوە.

پاشان شاگەشکە هەلْیدایێ: پانکرات، تکایە کەسی دواتر...

هەر چۆن دوو ژیانەکان پاش وشکەسالْێکی درێژخایەن دەژێنەوە، پرۆفیسۆر پێرسیکۆف سالْی ١٩٢٦ ژیایەوە. هۆکەشی ئەوەبوو کۆمپانیای هاوبەشی ئامریکی – رووسی هەر لە سەرەتای کۆلاّنی گازیتنایاوە تا ئەو سەری شەقامی تۆرسکایا لە ناوەندی مۆسکۆ، ئاپارتمانی پانزە نهۆم و لە کەناری شاردا کۆمەلْەیەکی سێ سەد بلووکی – هەر یەك بەهەشت یەکەوە – بۆ کرێکاران دروست کرد و بۆ هەمیشە قەیرانی سامناك و گالْتەجاریی خانووی بنبڕ کرد، کە هەموو دانیشتوانی مۆسکۆی عاسێ و وەڕەز کردبوو. بەڕاستی ئەمە خۆشترین هاوینی ژیانی پێرسێکۆف بوو. جارجار دلْخۆش و ڕازی بەدەم لێهەلْسوونی لەپی دەستیەوە، ئەو کاتانەی دەهێنایەوە بیر کە بەناچاری لەگەلْ ماریا ستیپانۆنادا ترنجابوونە دوو ژوور و، بسکەی سمێلْی دەهات. پرۆفیسۆر هەر پێنج ژوورەکەی خۆی وەرگرتەوە. بەرچاوی ڕوون و فراوان بۆوە. دوو

هـەزار و پـێنـج سەد بـەرگ کـتـێب، حـەیـوانـی وشك کـراو، ئـیـدیـۆگـرام، بـوونـەوەرانـی نێو ئـەلکـۆل و شووشەی تـوخـم و پێکـهـاتـە کیـمـیـاویـەکـان گـەڕانـەوە شوێنـی خـۆیـان و گڵـۆپـە سەوزەکـەی ژووری کـاری پـرۆفـیسۆر داگیرسایەوە. ئەنستیتۆش نەدەناسرایەوە. دیوارەکانیان ڕەنگێکی کرێمی کرد. ژووری خشۆکەکان هەموو لوولەیان بۆ کێشرا، لەباتی شیشەکانی پـێشوو، شیشەی ئـاوێنـەنـوێن دانـران. پـێنـچ مـیکـرۆسکـۆپـی تـازە، مێزی شیشەکرد بۆ توێکردن، لووستێری گۆئاسا کە بۆ دوو هەزار گڵۆپ کرابوو و ڕوونـاکـایـی دەگـەڕانـدەوە، لـەگـەڵ هـەنـدێ پـرۆژۆکـتـۆر و قـەفـەزە بـۆ [دروستکردنی] مۆزەخانە نێردران. چما گیانێکی تازە بەبەر پێرسیکۆفدا کرابێ و بەم جۆرەش بوو کە مانگی دێسامبری ساڵی ١٩٢٦ پاش چاپی ئەم نامیلکەیەی خوارەوە هەموو دونیا زانییان پرۆفیسۆریش هەیە:

«هەندێ سەرنج لەسەر وەشانی هیتۆنەکان»

١٢٦ لاپەڕە، بڵاوکردنەوەی زانکۆی ژمارەی ٤ی مۆسکۆ. پاییزی ساڵی ١٩٢٧یش بەرهەمێکی گرنگی بە ٣٥٠ لاپەڕەیی دیکەی بڵاو کردەوە کە بۆ ٦ زمان و یەك لەوان ژاپونی وەرگێڕدرا:

«جەنیننـاسیی پیپ و قرپۆقەکان» نرخی ٣ ڕۆبل – بڵاو کردنەوی دەوڵەت. ئەمانە هات تاکو هاوینی ١٩٢٨ ئەو ڕووداوە سەیر و سامناکە ڕووی دا.

# ٢

## ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

بەهەر جۆر، پرۆفیسۆر گڵۆپە حوبابیەکەی داگیرساند و چاوێکی بە دەوروپشتیدا گێڕا، پاشان دەستی بەکلیلی پرۆژۆکتۆری سەر مێزە درێژەکەی تاقیگەدا نا، ڕووپۆشە سپییەکەی لەبەر کرد. کەرەستەی کانزایی سەر مێزەکە زرینگەیان لێ هەستا. بەشێکی زۆر لەو سێ سەد هەزار کەرەستە میکانیکییەی ساڵی ٢٨ لە مۆسکۆدا هاتوچۆیان بوو خێرا و بەقیژ و واژێکی سەرسامکەرەوە بەلێوارە سواوەکەی شەقامی گرتسیندا دەڕۆشتن و دەققەی جارێکیش تراموای ژمارە ٤٧,٢٢,١٦ یان پاسی هێڵی ٥٣ بەهاڕە و زرمە لە گرتسینەوە بەرەو مێخاووی دەچوون. لە دوورەوە داسی تەماوی و زەردەڵی مانگ دنکی تریفەی ڕەنگامەی دەدا لە شیشەی ئاوێنەنوێنی ژووری کار و – چەندە لە گۆمەزی لێڵ و قورسی کەنێسەی عیسا مەسیح دەچوو. بەڵام نە مانگ و نە هات و هاواری ئەو دوانیوەڕۆ بەهارییەی مۆسکۆ، هیچیان نەیاندەتوانی سەرنجی پرۆفیسۆر بدزن. پرۆفیسۆر لەسەر سێپێیەکی بگەڕ دانیشتبوو، بە پەنچەی بەتووتن

زەردهـەڵگـەڕاوی، پـێچـی ڕێککـردنـی مـیـکـرۆسـکـۆپـە پـێشکـەوتـووەکـەی کـۆمـپـانـیـای تـیسیسێفی دەگـەڕاند کـە ئـامیبی زیندوو و ڕەنگنـەکراوی خرابوونە ژێر. ڕێك هـەر ئەو کاتەی پێرسکۆف خـەریك بوو پلەکەی لە پێنچ هـەزارەوە بەرەو دە هـەزار دەگەڕاند،

بەشی دووەم

درگاکە کرایەوە و ریشێکی بزنی و بەروانکەیەکی چەرمی دەرکەوت و یاریدەرەکەی هـەڵیدایێ:

– ڤلادیمیر ئیپاتیچ، نموونەکەم ئـامادە کردووە. سەیرێکی ناکەی؟

پێرسیکۆف خێرا لەسەر کورسیەکە دابەزی. بەدەم ڕۆشتنەوە پێچەکەی لـە جـێگـەیـەکدا دانـا و بـەدەم کـایـەکردن بـەجگـەرەکـەی دەستـیـەوە. چـووە ژووری کـاری یـاریدەرەکەی. لـەسەر مێزە شیشەییـیـەکـە لـەسەر پـەڕەیـەك چێوپـەمـە، قرپۆقێکی نیوەگیـان لە تـاوی ئـازار و ترس واق وڕمـاو، دانرابوو. هــەنــاوی بـێـڕەنگ و ڕوونــی لــە زگــە خـوێـنـاویـیـەکـەیـەوە بــەرەو ژێر میکرۆسکۆپەکە شۆڕەی کردبوو. پێرسیکۆف وتی: زۆر باشە! ئینجا چاوی بەمیکرۆسکۆپەکەوە نووساند. وەك دیارە شتێکی ئەوتۆ و سەرنجڕاکێش لە هـەناوی قرپۆقەکەدا بوو؛ وەك چاو لە لەپی خۆی بکات، گلۆبوولە سوورە زینـدووەکـانـی دەدی بـەڕووبـاری دەمـارەکـانـدا تـێیدەتـەقێنن. پێرسیکۆف ئـامیبـەکـانی ئـەو لای تـەواو لـەبیر چوو و نزیکی کـاتژمێر و نیوێك لـەگـەڵ ئیوانۆف بـەنۆبـە بـەچاوەی میکرۆسکۆپـەکـەوە نووسان. لـەم مـاوەشدا ئـەم دوو زانـایـە هــەنـدێ قسـەیـان ئـاڵوگۆڕ کرد کـە ئـەقڵـی خـەڵـکی ئـاسایـی نـەیدەبڕی.

ئینجا، پێرسیکۆف وازی لە میکرۆسکۆپەکە هێنا و وتی: خوێنەکەی خـەریکە دەگیرسێ و هیچیش لەگەڵ ناکرێ. قرپۆقـەکە بـەزەحمـەت سـەرێکی

جووڵاند و چاوە کزەکانی دەیانگوت: «ئینسانی حیز...»!

پێرسیکۆف هەستاو پێی سڕی جووڵاند و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. باوێشکێکی دا. دەستی بە پیلّووە ئاوساوەکانیدا هێنا. لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە و چاوی بە میکرۆسکۆپەکەوە نایەوە. پەنجەی بۆ پێچی ڕێك کردنەکە برد ڕێکی بکات و کەچی دەستی کشاندەوە. لە چاوی ڕاستیەوە، بازنەیەکی سپیی لێڵ دەرکەوت کە توێکەی پڕ بوو لە کۆمەڵێك ئامیبی هێندە کەمڕەنگ کە بە ئاستەمێ دەبینران. لە ناوەڕاستی ئەم بازنەدا ڕستێکی ڕەنگامەی تیشك وەك چەپکە قژێکی لوول، دیاربوو.

ئەمە شتێك بوو پێرسیکۆف و سەدان خوێندکاری تا ئەو کاتە زۆرجار بینیبوویان، بەڵام هیچیان بەهەندیان نەگرتبوو و هەڵبەت شتێکی گرنگیش نەبوو. ئەڵقە تیشکی ڕەنگامە مانای ئەوەبوو شیشەی لام لە جێگەکەی لە خاڵی چڕبوونەوەی عەدەسیەکەدا نییە و کاتێ ئەم ئەڵقە تیشکە ڕەنگامە دەردەکەوت هەمووان دڵڕەقانە بەخولدانێکی پێچەکە پاکیان دەکردەوە و هەر خێرا ڕووبەرێکی ڕوونی سپی دەردەکەوت.

پەنچەی شووشی جانەوەرناس لەسەر گرنجەکانی پێچی میکرۆسکۆپەکە، لەپڕ لەرزی. چووە دواوە و پاشان خزایەوە خوارەوە. هۆکەشی چاوی ڕاستی پێرسیکۆف بوو کە لەپڕ بەبینینی شتێکدا چەقی، کۆبۆوە، سەرسام بوو و پاشان تووشی دڵەڕاوکە هات! لە شانسی خراپی کۆمار ئەوەی لە پشت میکرۆسکۆپەکە دانیشتبوو کەسێکی ئاسایی و بێ بەهرە نەبوو، بەڵکو پرۆفیسۆر پێرسیکۆف بوو. هەموو بوون و گیانی پرۆفیسۆر چڕ بووبووەوە و لە چاوی ڕاستیدا کۆبۆوە. پێنج دەققە قوڕ و قەپ و بێ قسە، ئەشرەفی مەخلووقات بەچاوێکەوە کە بەسەیرکردنی یەکبینی شیشە دەکزایەوە، لە گیانلەبەرە نزمترەکەی کۆڵییەوە. قوڕوقەپێکی قورس باڵی بەسەر کەسەکەدا کێشابوو. پانکرات لە ژووری

تەنیشت ڕێڕەوی هاتنە ژوورەوەدا خەوی حەوت پاشانی دەبینی. تەنیا جارێك. لە کەمێك دوورترەوە، بە ئەستەم دەنگی زرینگەی شیشەکان لە قەفەزەدا هات، ئیوانۆف بوو کە خەریك بوو درگای ژوورەکەی دادەخست و دەرۆشت. بەدوویدا، درگای هاتنە ژووری بیناکە شەقەیەکی لێ هەستا. پاشان دەنگی پرۆفیسۆر هات کە دیار نەبوو لەگەڵ کێ قسە دەکات!

ئەو لۆرییەی هەمیشە درەنگ وەخت تێدەپەڕی، بەشەقامی گرتسیندا پەڕییەوە و دیوارە کۆنەکانی ئەنستیتۆی لەراندەوە. ئەو زەرفەی پێنسەکانی تێدا چوو جووڵا و زرینگایەوە. پرۆفیسۆر نایە ئەم لاو ئەو لای میکرۆسکۆپەکە. چیدی ئاسمانیش نەیدەتوانی پێچەکەی پێ با بدات. ئای، نا. ئێستا دەترسا هێزێکی نەبینراو ئەوەی لەبەر چاو بزر بکات کە بینیبووی.

کاتێ پرۆفیسۆر لە پشت میکرۆسکۆپەکەی هەستا، بەیان ئەنگوتبوو و تیزماڵکێکی زێڕین بەر مێزی کەمڕەنگی ئەنستیتۆ کەوتبوو. بەلاقی سڕەوە بەرەو پەنجەرەکە چوو و بەپەنجەی لەرزۆکی، دەستی بە دوگمەی پەردەکە دانا. پەردەی ڕەش سیمای بەیانییان داپۆشی و ژووری کارەکە پڕبۆوە لە شەوێکی ڕازاوی.

پێرسیکۆف، ڕەنگپەڕیو بەڵام شاد، پێی ڕاکێشا و بەچاوی ماندووی تەڕەوە، سەیری عەردی ژوورەکەی کرد و هاتە گۆ: شتی وا نابێ، ئەقڵ نایبڕێ. پاشان ڕووی لە قرپۆقەکانی نێو شووشەبەندەکان کرد و بەردەوام بوو:

لە ئەقڵدا نییە. جەنابتان. خۆ حاڵی عەرزم هەن؟ بەڵام قرپۆقەکان نووستبوون و هیچیان وەڵامی پرۆفیسۆریان نەدایەوە.

پاش کەمێك بێدەنگبوون بەرەو کلیلی گڵۆپەکە چوو. پەردەکانی کێشا.

گڵۆپەکانی کوژاندەوە و لە میکرۆسکۆپەکە ڕامایەوە.

ماسوولکەی سیمای گرژ بوونەوە، برۆ سووربـاوە پڕەکانی هێنایە یەك و بۆڵاندی: ئای، ئای، ئای نەما. پاشان وشەکانی کێشایەوە و بەردەوام بوو: دەزانم...دە...زا...نم.

شاگەشکە سەیری حوبابیە کوژاوەکەی ژوور سەری کرد و وتی:

ئەی چۆن. هەر ئاوا سانا!

بەم جۆرە، سەرلەنوێ جیرەجیرِ پەردەکان دادرانەوە، حوبابیەکە هەڵکرا و چـاوی پـێرسیکـۆف بـەشیشەی میکرۆسکۆپەکەوە نووسا. شیلـەبزەی سەرکەوتنی کەوتە سەر لێو.

قـامکـی ئـیشارەتـی هـەڵـێنـا و بـەدەنگێکی دلێرەوە وتـی: ئـاخرەکـەی دەیدۆزمەوە. ڕەنگە لەبەر تیشکی خۆرەکە بێ!

پـەردەکـان هـەڵدرانـەوە. ئێستـا هـەتـاو ڕێك هـاتبـووە بـەردەمـی . تیشك دیـوارەکـانـی ئـەنستیـتۆی تـەنیبـوو و لار لـە لێواری بیـنـاکـانـی شەقـامـی گرتسیندا ڕاکشابوو.

پرۆفیسۆر بـۆ تـاقیکردنـەوەی ئـەوەی نیوەڕۆ خـۆر لـە کوێی ئـاسمـانـدا دەبێ، چاوی لە پەنجەرەکە بڕیبوو و دەچووە دواوە و دەهاتە پێش، چما سەما بکات، تاکو بەزگەوە بەسەر ڕفی پەنجەرەکەدا کەوت. ئینجا دەستی دایە کارێکی گرنگ و نهێنی. میکرۆسکۆپەکەی بەکڵاوەیەکی شووشەیی داپۆشی، بەگڕی شینی چرا ئەلکوولییەکەی. لاکێکی تواندەوە و لە خوارەوە بەچەند خاڵ مێزەکە و کڵاوە شووشەییەکەی پێکەوە لاك و مۆر کرد و بە کـەڵـە مـووستـی شێلای. گـڵـۆپـەکـەی کـوژانـدەوە، لـە ژوورەکە چووە دەر، درگـاکـەی داخست و بـەقـوفـڵـی ئینگلیسی حـەوت قـوفـڵـەی کرد. ڕێڕەوی ئـەنستیتۆ بوولێڵ بوو. پرۆفیسۆر گەشتە ژوورەکەی پـانکرات و مـاوەیەك بێ

ئەنجام لە درگای دا.

لە دواییدا دەنگی بۆڵەبۆڵێك چما دەنگی سەگێکی زنجیرکراو بێ، بەدەم تف و بۆڕەوە لە پشتی درگاکە بەرز بۆوە.

پانکرات بەژێر پانتۆڵێکی ڕێڕێی کەژییەوە دەرکەوت و بەچاوی تەڕ و زەقەوە لە زاناکەی ڕوانی.

لە زیندەخەودا بوو. پرۆفیسۆر لەسەر چاویلکەکەیەوە سەیرێکی کرد و وتی: ببوورە خەبەرم کردیەوە. گوێ بگرە! سبەی کەس بۆی نییە بچێتە ژووری کارەکەی من. شتێکم لەوێ داناوە کە نابێ بەهیچ شێوەیەك بجووڵێ، تێگەشتی؟!

پانکرات کە هەر نەیدەزانی چ باسە، وتی: ت... تێ... گەشتم و بەدەم لەتردانەوە لەژێر لچەوە بۆڵەی دەهات.

جانەوەرناس، هێواش لە پەراسووی سرەواند، بەجۆرێك کە پانکرات خێرا ڕاچڵەکی و هۆشی بەبەرەدا هات، ئینجا پێی گوت: نا، گوێ بگرە پانکرات بزانە ئەڵێم چی، هەستە پانکرات! من درگای ژوورەکەی خۆمم داخستووە، پێویست ناکات تا من دێمەوە پاکی بکەیتەوە، تێگەشتن؟

پانکرات بەدەنگێکی نووساوەوە وتی: بەڵێ، گوێم لێتانە.

– زۆر باشە. دە بڕۆ بنوو.

پانگرات بێ وەستان لەنێو درگاکە بزر بوو و بازی دایە سەر چرپاکەی و پرۆفیسۆر لە کۆریدۆرەکەدا خەریکی جل لەبەرکردن بوو. کراسە هاوینییە خۆڵەمێشییەکەی لەبەر کرد و کڵاوە نەرمەکەی نایە سەرو لە کاتێکدا وێنەی نێو میکرۆسکۆپەکە هەموو بیروهۆشی بردبوو، لە کاڵەکانی ورد بۆوە و تاوێك بەو جۆرە مایەوە، چما یەکەم جار بێ

بیانبینیّ. دوای کەمێك تای چەپی لە پیّ کرد و ویستی تای ڕاستیش بکات بەسەریدا؛ بەڵام تەسك بوو. پرۆفیسۆر لەبەر خۆیەوە وتی: ڕووداوێکی چەند سەیرە!... لەوانەبوو هیچ کات پێی نەزانم... دیار نییە ئاکامەکەی بەکویّ دەگات لاقرتێیەکی کرد، چاوی تەنگ کردەوە. لە کاڵەکان ڕاما. تای چەپی داکەند و تای ڕاستی لە پیّ کرد.

خوایە گیان، بە خەیاڵیش نازانی ئاکامی ئەم کارە بە کویّ دەگات!

پرۆفیسۆر بەبێزەوە نووکی کاڵەکەی چەند جارێك بەعەرزا کێشا کە چما نەیدەویست بەپێی ڕاستیدا بچیّ، بەڵام نەیتوانی لە پێی بکات. ئەنجام وازی لیّ هێنا و دەستی دایە دەستەسڕەکەی، بەڵام کە زانی نەماوە، تووند درگا قورسەکەی پێوەدا و چووە دەر. لەبەر درگاکە، چەند جارێك دەستی بەگیرفانەکانیدا کێشا و بۆ شقارتە گەڕا، بەڵام شقارتەکە نەمابوو. پرۆفیسۆر جگەرەیەکی دانەگیرسا و لەسەر لێو، بە شەقامەکەدا داگەڕا.

زاناکەمان تا بەردەم کەنیسە لە کەس هەڵنەکەوت. سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە گومەزەی زێڕینی کەنیسە کە هەتاو چما دۆندرمە بیّ، بەئیشتیاوە لایەکی دەستەوە. پاشان چاوی داخست و لەپڕ بینی تەنیا یەك کاڵەی لە پێدایە.

– چۆن زووتر نەمزانی؟ لەو گەوجیەتییە! چی بکەم؟ بگەڕێمەوە لای پانکرات؟ نا، ناشیرینە دووبارە خەبەری بکەمەوە. ئەم تاکەی دیکە فڕێبدەم؟ نا، حەیفە. ناچارم بەدەستەوەی بگرم. تاکەکەی دیکەشی داکەند و بە قێزو بێزەوە گرتی بەدەستیەوە.

دەمەودەست، ئۆتۆمبێلێکی کۆن لەو بەری شەقامی پریچیستیکاوە دەرکەوت. سیّ کەسی تیدا دیاربوو. دووانیان سەرخۆش بوون و لەسەر ڕانیان ژنێك دانیشتبوو بە سووراو و سپیاوێکی تۆخ و پانتۆڵێکی فشی

هەورێشمیی تازە مۆدەوە. ژنەکە بەدەنگێکی نووساوەوە هەڵیدایێ: ئۆهۆی لالۆ! ئەو تاکەکەت لە گرەوی عارەقدا داناوە؟

سەرخۆشی لای چەپ هاواری کرد: دیارە ئیتر، باپیرە لە ئالکازار تا بیـنـەقـاقـا خـواردوویـەتـەوە. سەرخـۆشەکـەی لای ڕاست سەری لـە ئۆتۆمبێلەکە هێنایە دەر و وتی:

ئۆهۆی، کەلاك! باری والخوونکا هێشتا داینەخستووە، ئێمە دەچین بۆ ئەویێ!

پرۆفیسۆر لەسەر چاویلکەکەیەوە، تووڕە سەیرێکی کردن. جگەرەکەی سەر لێوی تف کردەوە و خێرا وەك نە بای دیبێ نە باران، لە بیری کردن.

لە بلواری پریچیستینکا تیزماڵکێکی ڕووناك ئاسۆی دادڕی و گومەزی کەنیسەی عیسای مەسیحی ئایساند. ڕۆژ هەڵهاتبوو.

٣

# کەشفەکەی پێرسیکۆف

بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بوو: کە پێرسیکۆف چاوی وریای بڕییە عەدەسی میکرۆسکۆپەکە، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی بەلاتیرێکی بریسکەدار و تۆخ کرد لە ئەڵقە ڕەنگینەکەدا. ئەم تیشکە سوورە بریسکەدارە وەك دەرزییەك لە ئەڵقەی تیشکەکە هاتبووە دەر و بۆ بەدبەختی چاوی هەڵۆی مامۆستای بۆ چەند ساتێك ئەوقی خۆی کردبوو. لەو نێوەدا، مامۆستا شتێکی هەزاران جار ئاشکرا و گرنگتر لەو دەزووە باریکەی نووری بینی، واتە ئەو بەچکە لاوازە ناسکەی کە بەڕێکەوت بەهۆی گۆڕانی گۆشە نیگای ئاوێنە و عەدەسیی میکرۆسکۆپەکەوە لە دایك ببوو! بەڕێکەوت پاش ئەوەی یاریدەر پرۆفیسۆری بانگ کرد، ئامیبەکان نزیکی یەك کاتژمێرونیو لە ژێر تیشکەکەوە مانەوە. هەر بۆیەش، هەر ئەو کاتەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تیشکەکەوە، دنکە لاواز و سیسەکانی ئامیب لەسەر پەڕە گردەکە هەڵڕژابوون، لەو جێگەدا کە تیزماڵکی سوور و تیژی تیشکەکەی پێدا تێدەپەڕی، دیاردەیەکی سەیر بەرچاو کەوت. لە نێو دەزوولە

سوورەکەدا ژیان تریفە تریفی بوو. ئامیبە خوڵەمێشییەکان، شتێکی وەك پێیان لێ دەڕوا و بەهەموو هێزیانەوە خۆیان بەرەو دەزووەکە ڕادەکێشا و چما سیحر و جادوو بێ لەنێو دەزووەکەدا گیانیان بەبەردا دەهات.

هێزێك لە دەرەوەی سروشتەوە گیانی بەبەردا دەکردن. ئامیبەکان پۆل پۆل بەرەو ئەو دەزوولە دەکشان و لەسەر جێگە شەڕیان بوو. ئەم زۆربوون و وەشانە وەحشییانە (ناوی دیکەی نییە)، لە دەرەوەی هەموو ئەو یاسایانە بوو کە پێرسیکۆف ناسیبووی. لەبەر چاویدا ئامیبەکان بەقەد برووسکە خێرا، بەش و زیاد دەبوون. لەبەر تیشکەکەدا هەڵدەوەشانەوە و هەر لەتێك لەیەك دوو چرکەدا دەبووە بوونەوەرێکی ئازاد و جودا، پاش چەند ساتێك گەورە دەبوو و خۆی بەرەیەکی تازەی دەخستەوە.

بەخێرایی برووسکەوە لە چوارچێوەی تیشکەکەدا و دواتر هەموو پەڕەکەدا زۆریان دەکرد و تەنگیان بەیەك هەڵدەچنی و شەڕێکی ناچاری دادەگیرسا، ئامیبی گەنج توندوتیژ هێرشیان دەکرد سەر یەکتر. یەکیان هەڵدەدڕی و دەیانخوارد لە کەڵەکەی ئامیبی تازەزادا، تەرمی کوژراوەکان کەڵەکە دەبۆوە. توانا و بەهێزترەکان سەردەکەوتن و ئای کە سامناك بوون. ئەمانەیان لە گەورەییدا دوو ئەوەندەی ئامیبی ئاسایی بوون و زۆریش لەوان خێرا و توندوتیژ تر. لاقیان زۆر لە ئامیبی ئاسایی درێژتر بوو و بێ کەم و زیاد وەك ئۆختاپووس کاریان لاقیان دەکرد.

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دواتر، پرۆفیسۆر داهێزراو و ڕەنگپەڕیوتر لە پێشوو، بێ ئەوەی دەم بۆ نان و ئاو و تەنیا بەجگەرەی پان و ئەستوور خۆی ڕاگرتبوو، هێشتا هەر خەریکی لێکدانەوەی بەرەی تازەی ئامیبەکان بوو و ڕۆژی سێهەم، سەرلەنوێ چووە سەرەندەری هۆکارە سەرەکییەکە، هەمان تیشکی سوور.

گاز بەهێمنی لە چراکەدا دەسووتا. لە شەقامدا جوولە و هەرا و زەنا

داگیرسابۆوە و پرۆفیسۆری خوێن پڕ لە ژەهری سەدەمین جگەرە، پاڵی بەکورسیە بگەڕەکەیەوە دا.

– ئاوەها، هەموو شتێك دەرکەوت. ئەم تیشکەیە وەها گیانی بەبەردا کردوون. دیاردەیەکی تازە. شتێك بەخەیاڵی هیچ گیانلەبەرێکدا نەهاتووە. سڕێکی نەدۆزراوە.

ورتەورت بەردەوام بوو: پێش هەموو شتێك دەبێ بزانم ئەم تیشکە هی ڕووناکایی کارەبایە یان هی هەتاوە. شەوی دواتر، باسەکە ڕوون بۆوە. پێرسیکۆف لەبەر میکرۆسکۆپدا سێ تیشکی دۆزییەوە. بەڵام لە هەتاودا هیچی نەدۆزییەوە و ئاکامەکەی بەم جۆرە داڕشت:

– وا دیارە ڕستی ڕووناکایی هەتاو، ئەم تیشکەی تێدا نییە...ئاوەها...بەڵێ... کورت و پوخت ئەم تیشکە تەنیا لە ڕووناکایی کارەباوە دێت. ئاشقانە سەیرێکی جوبابیە لێڵەکەی ژوور سەری کرد. شاد و ڕازی، تاوێك بیر بردیەوە و پاشان ئیوانۆفی بانگ کردە ژوورەکەی خۆی.

پرۆفیسۆر لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و ئامیبەکانی پێ نیشان دا. زانستیار ئیوانۆف، واق و وڕ، تاسابوو: شەیتان بەلەعنەت بێ! چۆن شتێکی وەها ساکار – ئەم هێڵە ناسك و ئاساییە. پێشتر لە لایەن هیچ کەسێکی دیکەوە، بۆ نموونە خۆیەوە نەدۆزراوەتەوە. بێ ئینسافییە، تۆ بیدە بەر ئەقڵی خۆت.

ئیوانۆف کە سەرسام چاوی بەشیشەی میکرۆسکۆپەکەوە نووساندبوو، وتی: ڤلادیمیر ئیپاتیچ، بڕوانن! بڕوانن چی خەریکە ڕوودەدات! هەر بەبەر چاومەوە خەریکن گەورە دەبن... سەیری... سەیری کەن.

پێرسیکۆف بەهێمنی وەڵامی دایەوە و وتی: سێ ڕۆژە خەریکم سەیریان

دەکەم. دوو زانیارەکە پاش وتووێژێك ڕێکەوتن ئیوانۆف بەلێنز و ئاوێنە، قوتوویەك دروست بکات و لەم قووتوەدا تیشکەکە لە دەرەوەی میکرۆسکۆپ و چەند ئەوەندە گەورەتر بەرهەم بێنێتەوە.

ئیوانۆف هیوادار و تەنانەت دڵنیاش بوو ئەم کارە زۆر سانایە و بێ سێ و دوو تیشکەکەی پێ دەدۆزرێتەوە و مامۆستاکەی هیچ خەمی نەبێ. لێرەدا هەڵوێستەیەك وتووێژەکانی بڕی و پێرسیکۆف هەستی کرد دەبێ ئەو هەڵوێستە چارە بکات. وتی: پێتر ستیپانۆویچ، کاتێ ئەم کارەم بڵاو کردەوە، بەحەتمی ئاماژە بەوەش دەدەم ئەم قووتوە ئێوە کردووتانە.

– ئای، تکایە... خۆ ئەمە شتێکی گرنگ نییە... بەڵام...چۆنتان پێ باشە با وابێت.

بەم جۆرە ئەم خاڵەش زوو ڕوون بۆوە. لەم چرکە بە دوا، تیشکەکە هەموو مێشك و خەیاڵی ئیوانۆفی داگرت و ئەو کاتانەی پێرسیکۆف، لاواز و نزار تا شەورەنگان لەپشت میکرۆسکۆپدا دادەنیشت، ئیوانۆف لە ژووری تاقیگەی فیزیکدا کە بەڕووناکایی چراکان ئایسابوو، بەرێککردنی لامپ و ئاوێنەکانەوە خەریك دەبوو، میکانیکێکیش لەم کارەدا یاریدەری دەدا. بەپێی داواکاریی ئەمان لە کۆمیتەی ڕۆشنبیری، لە ئاڵمانەوە سێ بەستەیان بۆ پێرسیکۆف نارد کە ئاوێنە و شیشەی محدب و مقعر و محدب – مقعری ڕووناکی تاشراوی تێدابوو.

لە دواییشدا ئیوانۆف قوتوەکەی درووست کرد و تیشکە سوورەکەی تێدا دۆزییەوە و بەڕاستی جوانیش دۆزییەوە. دەزوولەیەکی تۆخ، چوار سانت پان، تیژ و توانا.

ڕۆژی یەکەمی مانگی ژوەن، قوتوەکەیان گواستەوە ژووری کاری پێرسیکۆف و ئەویش تامەزرۆیانە دەستی بەتاقیکردنەوەی تیشکەکە

لەسەر گەرای قرپۆق کرد و ئەنجامێکی سەرسوورهێنەری بەدوادا هات. دوای دوو شەو و ڕۆژ، هەزاران هەزار مێکوتە سەرە سەریان لە هێلکە جووقاند، بەڵام کارەکە بەمەوە نەوەستا. پاش یەك شەو و ڕۆژی دیکە، مێکوتەسەرەکان جۆرێکی نا ئاسایی و خێرا گەورەبوون و گۆڕان بۆ قرپۆق و هێندەش وەحشی و دڕندە بوون نیوەیان دیکەیان قووتدا. بەڵام ئەوانەی مابوونەوە خێرا گەرایان دانا و لە دوو ڕۆژدا بەبێ تیشکەکەش، بەرەیەکی تازەیان خستەوە. لە ژماردن بەدەر. ژووری کاری زانیارەکە ئاژاوەیەك بوو نەبێتەوە. مێکوتەسەرەکان لە ژوورەکەوە دزەیان کردە هەموو ئەنستیتۆ و، لە شووشەکان و هۆڵ و هەموو کون و کە لەبەرێکدا، ڕێك چما خمخۆرك بێ، کۆڕی بەمی قرپۆقەکان بەرپابوو. پانکرات کە پێش ئەم ڕووداوەش وەك سەگ لە پێرسیکۆف دەترسا، تەنیا یەك هەستی بەرامبەر پرۆفیسۆر هەبوو: تۆقان تا ڕادەی زەندەقچوون.

دوای حەفتەیەك زانستوانەکە هەستی دەکرد خەریکە ئەقڵی بار دەکات. بۆنی ئێتێر و سیانیتی کالیۆم هەموو ئەنستیتۆی تەنیبوو و پانکرات کە ماسکەکەی ساتێك بەر لەکاتی پێویست داگرتبوو و نزیك بوو بەبۆنی ژارەکان بچێ. ئەنجام توانییان ئەم بوونەوەرە خمخۆرکییە زاوزێ کردووانە بەژەهر قڕ بکەن و ژووری کارەکە پاك بکەنەوە.

پێرسیکۆف بەئیوانۆفی گوت: پێتر ستیپانۆویچ بینیتان تیشکەکە کارێکی چەند سەیر لە پرۆتۆپلاسم و بەگشتی لەسەر گەرا هەیە. ئیوانۆف کە جێنتێلمەنێکی سەنگین و کەمدوو بوو، بەدەنگێکەوە کە لێی چاوەڕێ نەدەکرا، قسەکەی بە پرۆفیسۆر بڕی:

– ولادیمیر ئیپاتیچ، جەنابتان باسی وردەکارییەکی ڕووکەشی وەك پرۆتۆپلاسم دەکەن، بەڵام ڕێك و ڕاست پێتان بڵێم دۆزینەوەکەی ئێوە بێ نموونەیە (وا دیارە ئیوانۆف خەریکە بەزەحمەت ئەم وشانە دەڵێ)،

پرۆفیسۆر پێرسیکۆف، ئێوە پرشنگی ژیانتان دۆزیوەتەوە.

گۆنا نەتاشراو و ڕەنگپەڕیوەکانی پێرسیکۆف، گەش بوونەوە. بە بۆڵەبۆڵ وتی: باشە، باشە، باشە.

ئیوانۆف تێی هەڵکردەوە: بیهێننە بەرچاوی خۆتان! ئەزانن چ ناوبانگێك دەردەکەن؟ خەیاڵیشی سەرسامم دەکات. لە کاتێکدا بەقسەکانی خۆی هەڵچووبوو، وتیشی: قارەمانی کتێبەکانی وێلز بە تۆزی پێشتان ناگەن!. من تا ئێستا پێم وابوو ئەم باسانە تەنیا هی ئەفسانەن «خواردنی خوداوەندەکان»تان بیرە؟

پێرسیکۆف وتی: ئاە... کام...ئەها...مەبەستت ئەو ڕۆمانەکەیە؟

– ئای لەوە، ڕۆمانێکی بەناوبانگە.

پێرسیکۆف وەڵامی دایەوە: بیرم نەماوە. دەزانم خوێندوومەتەوە بەڵام لە بیرم چۆتەوە.

– چۆن بیرتان نایەتەوە؟ تەنیا سەیرێکی ئەم شتانە بکەن!

ئیوانۆف لەپێوە قرپۆقێکی تۆپیوی هەڵبڕی کە بەزگەوە کەوتبووە سەر مێزە شیشەییەکە. دەموچاوی قرپۆقەکە تەنانەت دوای مردنیش تووڕە و تووشییەکەی تێدا مابوو.

–سەیری کەن، نموونەی هەر نییە!

٤

# دێرزدۆوا، ژنی قەشە

مەگەر خوا بیزانێ چون! ئیوانۆف کردی یان هەواڵی سەیر خۆی بەهەوادا بڵاو دەبێتەوە! هەر کامیان بێ، لە مۆسکۆی زەبەلاح و بەجۆشدا، باسی تیشکەکە و پرۆفیسۆر کەوتە سەر زاران و هەواڵی ئەم دۆزینەوە سەیرە لەو پێتەختە وەك گەوهەر دەدرەوشا، مینا باڵندەی پێکراو پەلەقاژەی بوو. تاوێك بزر دەبوو و جارێك شەقژنی بوو. ئەم دۆخە تا ناوەڕاستی مانگی ژووییە، واتە تا ئەو کاتەی لە لاپەڕەی بیستی ڕۆژنامەی «هەواڵی زانست و تەکنیك»دا وتارێکی کورت لەسەر تیشکەکە سەری جووقاند، خایاندی.

کورتەی قسە، لە وتارەکەدا نووسرابوو «پرۆفیسۆری گەورەی زانکۆی ژمارە چوار، تیشکێکی دۆزیوەتەوە جۆرێکی سەیر، چالاکیی ژیاندەری ئەو بوونەوەرانەی پێکهاتی سللولییان سادەیە، خێرا دەکاتەوە» و هەروەها «پێویستە ئەم تیشکە جارێکی تر تاقی بکرێتەوە». هەڵبەت پرۆفیسۆر بەهەڵە نووسرابوو پێخسیکۆف. ئیوانۆف ڕۆژنامەکەی هێناو وتارەکەی پیشانی پرۆفیسۆ ردا. پێرسیکۆف کە لە ژوورەکەیدا خۆی بە قوتوەکەیەوە

خەریك كردبوو بە بۆڵەبۆڵەوە وتی: «پێخسیكۆف»!

ئەم لاژووانە چۆن ئاگایان لە هەموو شتێكە؟! بەداخەوە ئەم هەڵە چاپییەش فریای پرۆفیسۆر نەكەوت و ڕووداوەكان لە ڕۆژی دواترەوە بەرەبەرە ژیانیان تێكدا.

پانكرات پاش لە درگا دان، لە ژوورەكەی پرۆفیسۆردا دەركەوت و كارتی ویزیتێكی دەگمەنی ئەتڵەسیی دایە دەست پرۆفیسۆر و بە شپرزەییەوە وتی: ئا لەوێیە. لەسەر كارتەكە بەپیتی جوان و ناسك ئەم شتانە چاپكرابوو: ئالفرێد ئار كادۆویچ برۆنسكی، كارمەندی نووسینگەی گۆڤاری مۆسكۆ: «ئاگری سوور»،

«بیبەری سوور». «گۆڤاری سوور»، «پرۆژۆكتۆری سوور»، ئێوارەی سووری مۆسكۆ». پێرسیكۆف بە وەڕەزییەوە كارتەكەی فڕێدایە سەر مێزەكە و وتی: بڵێ گوم بێ!

پانكرات ڕۆشت و دوای پێنچ دەقە، بە دەموچاوێكی خەفەتبارەوە و كارتێكی دیكە بەدەستەوە هاتەوە. پێرسیكۆف بەدەنگێكی زیق و سیمایەكی مۆنەوە قیژاندی: دیسان چی بووە؟ گاڵتەم پێدەكەی؟ پانكرات ڕەنگ بزركاو وتی: دەڵێن لە گا. پێ. ئۆ وە هاتوون.

پێرسیكۆف بەدەستێكی كارتەكەی وەها گرت نزیك بوو لە ناوەڕاستەوە لەت بێ و بەدەستەكەی دیكەی پێنسەكەی فڕێدایە سەر مێزەكە.

لە پشتی كارتەكە نووسرابوو «پرۆفیسۆری بەڕێز، لەگەڵ داوای لێبوردن، تكایە بۆ دوو سێ دەقە لەبەر كارێكی كۆمەڵایەتی كە پێوەندیی بە ڕۆژنامەكانەوە هەیە ڕێگەم بدەن. من كارمەندی گۆڤاری تەوسكاری «قاڵاوی سوور»ی سەر بە گا. پێ. ئۆم». پێرسیكۆف كە لە ڕقدا هەناسەی تەنگ ببوو، وتی: «با لە ژووری كارەكەم چاوەڕێ بكات». خێرا لە پشت

سەری پانکراتەوە گەنجێك بەدەموچاوێکی گۆشتن و گەش و لووسەوە دەرپەڕی. برۆ هەمیشە بەرزەکانی لە برۆی چینییەکانی دەکرد و لە ژێریاندا جووتێك چاوی وەك ئاقێق کە یەك چرکەش چییە سەیری چاوی بەرامبەرەکەی نەدەکرد، زاقەیان دەهات. چاوی زۆر تیژبوو. جلوبەرگێکی تەواو و مۆدەی لەبەربوو: کۆتیکی تەسك کە تا سەر ئەژنۆی دەهات و پانتۆڵێکی فشی ناقووسی و چەکمەی وێرنی و نووك ئاسایی وەك سمی حەیوان. گۆچانێك، کڵاوێکی نووك تیژ و دەفتەری یادداشتێکی بچووکیشی بەدەستەوە بوو. پێرسیکۆف بەدەنگێکەوە کە پانکراتی تۆقاند و ڕاوی نا، وتی: چیتان لێم دەوێ؟ پێیان نەوتوون من سەرم زۆر قاڵە؟ گەنجەکە لەباتی وەڵام دوو جاران لە چەپ و ڕاستەوە بۆ پرۆفیسۆر نووشتایەوە و بەدەم بەرێوەبردنی ئەم بۆنانەشەوە چاوی نەوەستا و چواردەوری ژوورەکەی پشکنی و بەپەلە شەقڵێکی لە دەفتەر یادداشتەکەی دا.

پرۆفیسۆر کە چاوی خزی میوانەکەی بینی، بەرقەوە سەیری کرد و وتی: کارم هەیە. بەڵام ئەم سەرنجە ڕقاوییەی هیچ کارێکی لەم میوانە ناوەختە نەکرد. چونکو ئەو چاوانە بۆ یەك چرکەش چییە نەدەگیران.

گەنجە بەدەنگێکی ناسك وتی: جەنابی پرۆفیسۆر لەوەی کاتی پڕ بایەخی ئێوە دەگرم هەزار جار داوای لێبوردن. بەڵام ناوبانگی دۆزینەوەکەی ئێوە کە هەموو جیهانی تەنیوە، وا لە گۆڤارەکەمان دەکات داوای هەندێ ڕوونکردنەوەتان لێ بکەین. سیمای پێرسیکۆف زەرد داگەڕا و بە دەستەوەستانیەوە قیژاندی: چی بۆ خەلکی جیهان ڕوون بکەنەوە؟ هیچ مەجبوور نیم شتێك بۆ ئێوە ڕوون بکەمەوە... سەرقاڵم... زۆر سەرقاڵ.

گەنجەکە بەدەم دانانی دووهەم شەقڵەوە لە دەفتەرەکەیدا، بەزمانێکی لووس پرسی: ئێوە لە چی دەکۆڵنەوە؟

– من هیچ... مەبەستتان چییە؟ ئەم شتانەتان بۆ چاپ دەوێ؟

گەنجەکە بەپەلە هەندێ شتی لە دەفتەرەکەیدا یادداشت کرد و وتی: بەڵێ.

– یەکەم با بڵێم بەنیاز نیم بەر لە کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوەکان هیچ بڵاو بکەمەوە... بەتایبەت لەم جۆرە ڕۆژنامانەدا... دووهەم، ئێوە چۆن ئەم شتانە دەزانن؟

پێرسیکۆف لە پڕ هەستی کرد لە داوێکدا پێوە بووە.

– ڕاستە ئێوە پرشنگی ژیانی نوێتان دۆزیوەتەوە؟

پرۆفیسۆر کە ئیتر شێتبگیر بوو وتی: ژیانی نوێی چی؟ ئەم قۆڕیاتە چییە دەڵێن؟! ئەو تیشکەی کاری لێدەکەم زۆری ماوە پێبگات و هێشتا هیچ دیار نییە! لەوانەیە بیری چالاکییە ژیانییەکانی پرۆتۆپلاسم زۆر بکات. گەنجەکە بەپەلە پرسی: چەنێك؟

پێرسیکۆف تەواو سەری لێ شێوابوو: ئای لەم بەڵایە!

– ئەم پرسیارە گەوجانە مانای چییە؟ بابڵێین هەزاران جار... چاوی پیاوە گەنجەکە لە خۆشیدا بریسکایەوە:

– کەواتە هەندێ گیانداری زەبەلاح بەرهەم دێن؟

– بەهیچ شێوە! هەڵبەت ئەم گیاندارانە لە ڕادەی ئاسایی گەورتر دەبن. هەندێ تایبەتمەندی تازەشیان هەیە. با ئەوەش بڵێم ئەوەی گرنگە ئەندازەکەیان نییە، بەڵکو خێرایی ئەقڵنەبڕی زیادکردنیان شتە گرنگەکەیە.

هەر کە ئەم وشانەی لەدەم دەرپەڕی پەشیمانی دایگرت. بەڵام لەو لاوە گەنجەکە توانی یەك لاپەڕەی تەواو ڕەش بکاتەوە، هەڵیبداتەوە و وەك با و

بۆران دەست بكاتەوە بەنووسین. پێرسیکۆف تەواو تێچەقیبوو و تەسلیم ببوو و هەستی دەكرد كەوتۆتە دوای گەنجەكەوە. هەر بۆیەش هەناسە سارد و بەدەنگێكی كپ وتی: تكایە مەنووسن، خەریكی نووسینی چین؟

– ڕاستە لە دوو شەو و ڕۆژدا لە گەرای قرپۆق دوو ملیۆن مێكوتەرسەر بەرهەم بێ؟

پێرسیکۆف كە سەرلەنوێ هەڵدەچوو، قیژاندی:

– لە چەنێك گەرا؟ تا ئێستا هەر گەرای قرپۆقت بینیوە؟

گەنجەكە بێ شەرم و شكۆ پرسی: بۆ نموونە لە نێو پۆند؟

پێرسیکۆف هەموو سیمای سوور هەڵگەڕا:

– كێ وا دەژمێرێ؟ شەیتان بەلەعنەت بێ!... ئاگات لە خۆتە دەڵێی چی؟... خوا هاوار... ئەگەر نیو پۆند گەرای قرپۆق بڵێین... لەوانەیە... چۆن بڵێم؟... نزیكی ئا ئەوەندە... لەوانەشە زۆر زیاتر!

چاوی پیاوەكە وەك ئەڵماس بریسكەی هات و بەیەك تەكان، لاپەڕەیەكی دیكەی ڕەش كردەوە.

– ڕاستە ئەم دۆزینەوەیە گۆڕانێكی گەورە لە ئاژەڵداریدا دەكات؟ پێرسیکۆف پرسی: ئەمە ئیتر چۆن پرسیارێكە؟ بیبڕەوە! ناهێڵم ئەم قسە قۆڕانە بنووسی. بەچاوتا دیارە خەریكی چەند شتی پیس دەنووسی!

گەنجەكە وتی: وێنەتان... تكایە. پاشان دەفتەرەكەی داخست.

– چی؟ وێنەی من؟ بۆ گۆڤارەكەتان؟ ئەویش بەو قسە بێ مانایانەی هەڵتبەستبوون؟ نا نا نا... كارم هەیە... تكایە بڕۆن!

– كۆنیش بێت هەر دەبێ، زوو بۆتانی دێنینەوە.

پرۆفیسۆر شێتبگیر قیژاندی: پانکرات!

گەنجەکە وتی: فەخرە بۆم سەری رێزتان بۆ دانەوێنم. وەك با و بۆران تێیتەقاند.

لە باتی پانکرات لەپشت درگاکەوە دەنگێکی سەیر و کێشداری وەك دەنگی گرمەکەی ئۆتۆمبێل و بەعەرزدا کوترانی شتێك بەرز بۆوە و بەدوایدا قەڵافەتێکی ئیجگار قەڵەو لە بلووز و پانتۆڵێکی ماهووتکرددا وەژوور کەوت. پێی چەپی هی خۆی نەبوو کە دەینایە سەر تەختی ژوورەکە تەقەتەقی دەکرد. کڵاسۆڕێك لە دەستدا و، سیما تاشراو و گردەکەی کە وەك ژێلی زەرد دەلەرییەوە، بزەیەکی بەئەدەبانەی لەسەر نیشتبوو. سڵاوێکی سەربازیی لە پرۆفیسۆر کرد و پاشان لە دۆخی وریابەی سەربازیدا بەجۆرێك ڕەپ ڕاوەستا کە پێی زرمەی هات. پێرسیکۆف سەری سووڕما.

کابرای تاین بەدەنگێکی گڕی خۆشەوە تێهەڵچوو: جەنابی پرۆفیسۆر، لە من کە لە خەڵکی ڕەشۆکیم و تەنیاییەکەتان تێکدەدەم ببوورن!

پێرسیکۆف پرسی: دیارە جەنابیشت هەواڵنێریت؟... و قیژاندی پانکرات!

پیاوە قەڵەوەکە وەڵامی دایەوە: بەهیچ شێوەیەك، جەنابی پرۆفیسۆر! ڕێگەم بدەن خۆم بناسێنم: کاپیتانی ناوگانی دەریایی و کارمەندی ڕۆژنامەی «هەواڵی پیشەسازیی» سەر بە یەکیەتی کۆمیسێرە نەتەوەییەکان.

پێرسیکۆف بەتووڕەییەوە هاواری کرد: پانکرات! هەر ئەو چرکەش لە سووچێکی ژوورەکەدا چرای سووری تەلەفوونەکە داگیرسا و دەنگی نووساوی زەنگی تەلەفوون هات. پرۆفیسۆر دووپاتی کردەوە: بەڵێ، فەرموون... تەلەفوونەکە بەزمانی ئاڵمانی مرخاندی: فرتساین زی، بیتێ،

خێر پرۆفیسۆر. داس ئیخ بین میتار بیتر دس برایتر تاگبلاتس.

پرۆفیسۆر، تەلەفوون بەدەستە، هاواری کردەوە: پانکرات!

– بین ممنتان زر بشفتینگ ئوند کان زی دس خالب ئتتب نیخت ئیفانگن!.

پانکرات.!

پاش تاوێك لە پشت درگای سەرەکیی ئەنستیتۆکەوە لە زەنگەکان درا.

شەپۆلی دەنگی کپ و نا ئاسایی لەنێو ئاورگی ڕوونی نوورەوە کە دەکەونە سەر شۆستەی تاوداری هاوین، بە هەوادا پژا:

– کوشتارێکی تۆقێنەر لە شەقامی برۆننا!

– هەواڵی پەتا و قڕبوونی مریشکەکانی درێزدۆوا، ژنی کەشیشی ڕەحمەتی.

– پرشنگی ژیان، دۆزینەوە سامناکەکەی پرۆفیسۆر پێرسیکۆف.

ئەم کاتە پرۆفیسۆر لە شەقامی ماخاوایا بوو و بەم هەواڵە وەها ڕاچڵەکی خەریك بوو بێت بەژێری ئۆتۆمبیلێکەوە. بە تووڕەییەوە ڕۆژنامەکەی وەرگرت.

کوڕەی ڕۆژنامە فرۆش هاواری کرد: هاوڕێ، دەکاتە سێ کۆپێك! و بەدەم تەکان و زەختەوە بۆ بڕینی حەشیمەتی سەر شۆستەکە هاواری کردەوە: ڕۆژنامەی «ئێوارەی سوور» دۆزرانەوەی تیشکی X!

پێرسیکۆف واق و وڕ پاڵی بە دار تەلێکەوە دا و لاپەڕەی هەڵدایەوە. گۆشەی چەپی لاپەڕەی دوو، لە کادرێکی کەمڕەنگدا پۆرترەیەکی کەچەڵ، بەچاوی دەرپۆقیو و کز و چەناکەی شۆڕەوە چاپ کرابوو: بەرهەمی

ئالفرێد برۆنسکی.

لە ژێرەکەیدا نووسینێکی بەئەدەبانە خۆی دەنواند «و. ئەی. پێرسیکۆف، دۆزەوەی تیشکی سووری ڕازاوی».

لە خوارترەوە، لەژێر ناونیشانی «مەتەڵی جیهانی»دا وتارێك بەم وشانەوە دەستی پێ کردبوو: «زانستوانی گەورە، پێرسیکۆف، بەخێری هێنایین و پێی گوتین فەرموون دانیشن...»و لە ژێرەوەی وتارەکەشدا نووسرابوو: «ئالفرێد برۆنسکی – بەناوی خوازراوی ئالێنزۆ».

هەر ئەو کاتە ڕووناکی سەوزی ڕیکلام لە سەربانی زانکۆوە درەوشایەوە و هەندێ قسەی گەرم بەهەوادا پژان: «ڕۆژنامەی قسەکەر» و پاش کەمێك، حەشیمەتێکی چڕ شەقامی مخاوایانی تەنی. لە سەربان، لە بڵێندگۆوە دەنگێکی زیقی گوێسم وەك دەنگی ئاڵفرێد برۆنسکی و هەڵبەت هەزار جار بەرزتر قیژاندی: «فەرموون دانیشن! ئەو زانا گەورەیە بەڕووی خۆشەوە پێی گوتین فەرموون! دەمێکە بوو دەمەویست پرۆلیتاریای مۆسکۆ لە ئەنجامەکانی ئەم دۆزینەوە گەورەیەم ئاگادار بکەمەوە...»

لە پشتی سەریەوە هەستی بەجیرە جیرێکی ئەستەم کرد و کەسێك قۆڵی کۆتەکەی ڕاکێشا. پێرسیکۆف ئاوڕی دایەوە و چاوی بەر سیمای قەڵەو و زەردەی کابرای شەلەکەوە نووسا کە چاوی فرمێسکیان تێ زابوو و لێوەلەرەی بوو. بەخەم و هەڵکێشانی هەناسەی ساردەوە وتی:

– جەنابی پرۆفیسۆر، نەتانویست ئەنجامی دۆزینەوە گەورەکەتان بە من بڵێن. بەربا بووم!

پاشان، بەڕوانینێکی خەمبارەوە چاوی بڕییە سەربانی زانکۆ کە تێیدا لە زارکی ڕەشی بڵێندگۆدا، دەنگی بێ ڕەنگی ئالفرێد بەکوڵ و کەفەوە هاواری دەکرد.

پێرسیکۆف لەپڕ هەستی کرد بەزەیی بەو کابرا قەڵەوەدا دێتەوە. لە کاتێکدا بە ڕقەوە وشەکانی لە ئاسمانەوە دەقۆستەوە، بە منگەمنگ وتی: من هەر پێم نەوتووە فەرموو دانیشە! لەوەتەی هەم کەسی وا بێ ئابڕووم نەدیوە، تکایە بمبوورن، بەڵام حەقم پێ بدەن! کاتێ سەرقاڵی شتێکیت و لەپڕ هەڵدەکوتنە سەرت... هەڵبەت، مەبەستم ئێوە نییە.

– پیاوەکە خەماوی و ماستاوکەرانە وتی: ڕەنگە... ئێوە جەنابی پرۆفیسۆر لانی کەم باسێکی قوتوەکەتانم بۆ بکەن؟ خۆ تازە جیاوازیی نییە بۆتان؟! ها؟.

پیاوە نا دیارەکە لە بڵیندگۆکەدا بۆڕاندی: نیو پۆند گەرا، لە سێ ڕۆژدا هێند قرپۆق هەڵدێنێ، بەکەس نەژمێردرێ.

دەنگی هاواری نزمی ئۆتۆمبێلەکان لە مێخاوێریەوە دەهات: ئۆ...ئۆ... بیب...بیب.

ئەم هاوارە، هاواری ئەو قەرەباڵغییەشی چووە پاڵ کە سەریان هەڵهێنابوو: ئای لەوە – ئاوەها – سەیرە.

پێرسیکۆف کە لە ڕقدا دەلەرزا، بەدەم بۆڵەوە بەپیاوەکەی گوت: کە هیچ و پووچە. نا؟ توخوا سەیری کە! دەیکێشمە دادگا!

پیاوەی قەڵەو دەنگی خستەپاڵ دەنگی و وتی: گڵاوە! ڕووناکییەکی بە نەوشی بەشەوارەخەر بەرچاوی پرۆفیسۆر کەوت و هەموو شتێکی لە دەوروپشتیدا داگیرساند: دارتەلەکە، بەشێك لە کەناری شەقامەکە، دیوارە زەردەکە و دەم و چاوە تامەزرۆ نزیکەکان.

پیاوەی قەڵەو، کە ئێستا هەڵچووبوو، بە سرتە وتی: ئەمە لەبەر جەنابتانە پرۆفیسۆر و، وەك کێشانە خۆی بەقۆڵی پرۆفیسۆرەوە هەڵواسی. پاشان ویزە ویزێکی وەك دەنگی باڵی پووشبەقوونەیەك هات.

پێرسیکۆف کە بە قورسایی پیاوەکەوە بەزەحمەت خۆی لە ئاپۆرەی حەشیمەتەکە ڕادەکێشایە دەرەوە، قیژاندی: هەموویان بەلەعنەت بن! ئەهای تاکسی... شەقامی پریچیستینکا!

ئۆتۆمبێلە کۆنێکی تاوە سووتی شەق و شڕی بەرهەمی ساڵی ٢٤، جیکەجیك لە پاڵ شۆستەکەدا وەستا و پرۆفیسۆر بەدەم بەردانی خۆیەوە لە چنگی کابرای قەڵەو سەرکەوت. بەدەست چاوی لە ڕووناکاییە بەنەوشەکە پاراست و بۆڵاندی: ئێوە ئازارم دەدەن.

پچڕپچڕ قسەی بەر گوێ دەکەوت:– نەتخوێندۆتەوە؟ – بیستووتە چی بووە؟ – پرۆفیسۆر پێرسیکۆف و منداڵەکانی لە شەقامی مالایا برۆننا کوژراون.

پێرسیکۆف هاواری کرد: من هەر منداڵم نییە، حەرامزادەی مەلعوونانە! هەر ئان و ساتیش کەوتە بەر چاوی دووربینێك، ڕووناکاییەك لە کاتێکدا دەمی کردبۆوە و چاوی پڕبوو لە تووڕەیی، لەتەنیشتەوە زللەی لێدەدا.

تاکسیەکە ڕێکەوت: هەڵتەك... هەڵتەك... هەڵتەك... هەڵتەك.

پاشان خۆی کرد بەنێو حەشیمەتەکەدا. پیاوە قەڵەوەکە لەنێو تەکسیەکەدا دانیشتبوو و شانی پرۆفیسۆری گەرم دەکردەوە.

٥

## بەسەرهاتی مریشکەکان

لە گوندێکی ناوچەیەك کە پێشتر ناوی ترۆیتسك و ئێستا ناوی ستیلفسکە، لە بەرهەیوانی ماڵێك لە شەقامی سابوورنایای کۆن و پرۆسۆنالنایای ئێستە، سەر و بیچمی ژنێك بە سەرپۆش و بەرگی چیتی خۆڵەمێشی گوڵدارەوە دەرکەوت و دەستی بەشیوەن کرد!

ئەم ژنە، ژنی دێرزدۆوا قەشەی ڕەحمەتیی کەنیسەی خودا عافوو کردوو، وەها شینێکی گێڕا هێندەی نەخایاند لە پەنجەرەی ماڵێکی ئەو بەرەوە، سەر و مێقلی ژنێك لە سەرپۆشێکی پەشیمدا جوولایەوە و هەڵیدایێ: ئەوە چی قەوماوە ستیپانۆنا، یەکێکی دیکەش؟!

– ژنە، کە هێشتا هەر ناوی «درێزدۆوا»ی ڕادەکێشا، بەدەم هەنسکەوە وتی: هەفدەهەم!

– کەللەی ئەوەی دیکە لە سەرپۆشدا جووڵەجووڵی بوو و دەیلووراند: ئای ئای ئای لەو بەڵایە! لە سەری مەڕۆ غەزەبی خودایە و تەواو...

مردووه یان نا؟

ژنە کەشیش، فینگێکی قووڵ و بەرزی دا و بەدەم لێوە لەرەوە وتی: ماترێونا وەرە و خۆت سەیری کە – بزانە چی لێهاتووە.

درگا بۆرە گێڕدراوەکە جیڕەجیڕ داخرا و دوو پێی ڕووتی ژنانە شڵپەشڵپ گۆلە لیخنەکانی شەقامەکەی شێواند، ژنە کەشیش – شەلاڵی فرمێسک – ماتریۆنای بردە کولانەی مریشکەکان.

شیاوی باسە بێوەژنەکەی باوکی پیرۆز ساواتی دیرازدۆف کە ساڵی ٢٦ لەبەر ئەوەی لە زیندووکردنەوەی دیندا ڕەنج بەخەسار ببوو دیقی کرد، پاش شوەکەی کوڵی نەدا و کێڵگەیەکی مریشکی ڕێکوپێکی دروست کرد. هەر کە کارەکەی تۆزێك خۆی گرت، باجێکی وەهایان پێوە بەست کە گەر خەڵکی خێرخواز و چاکەکار نەبوونایە، لەوانە بوو کێڵگەکەی بەقوڕ بگیرێ. خێرخوازان پێیان گوت داوایەك بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی فرەبەشی یەکسانی بەرهەمهێنانی مریشك بۆ کاربەدەستانی خۆجێیی بنووسێ و ناوی خۆی و کارەکەرە بەوەفاکەی، ماترووشکا و کچ و خوشکە بێوەژنە کەڕەکەی تێدا بنووسێ. بەم جۆرە، باجەکەیان پێ بەخشی و کیلگەکەی وەها بە ڕمێن بووەوە کە تا ساڵی ٢٨ حەوشەی خۆلاویی بێوەژن بەقەفەزەی مریشك ئاخنرابوو و نزیکی دووسەد و پەنجا مریشکی درشت و ورد ڕاکەڕاکەیان بوو. ئەوەشمان بیر بێ کە مریشکی کخینخینکیشیان تێدابوو. هەموو یەکشەممەیەك هێلکەی بێوەژن لە بازاڕی ستیلفسکدا چاوشارکێیان بوو و تەنانەت تا بازاڕی شاری تامبۆفیش دەچوون و جارجارەش لە مۆسکۆ لە پشت کۆگای شووشەبەندی فرۆشگایەك کە پێشتر ناوی ڕۆنی چیچکین بوو دادەنران و، ئێستاش ئەوا هەفدەهەمین مریشك، براماپۆترایەکی زەرد، خوخلاتکاری خۆشەویست، لە حەوشەکەدا دەڕۆشت و دەڕشایەوە و لە قوڕگیەوە دەنگی

سەیر دەهات: ئڕ... ڕڕڕ... ئوڕڕڵ... قو... قوو... قو...».

بەچاوە خەمگینەکانیشی وەها لە هەتاو ڕادەما چما ئیتر نابینێتەوە. ماترووشکا، ئەندامی کۆمپانیای هاوبەشی. فنجان بەدەست، بەرامبەر دەنووکی مریشك چیچکانی کردبوو و لەگەڵ دەنووکیدا سەروخواری دەکرد و دەپاڕایەوە: خوخلاتکاکەم. بە ساقە... دوڤ، دوڤ، دوڤ – ئاو بخۆ... کەچی خوخلاتکا هیچ حەزی لە ئاو نەبوو، دەمی یەکسەر داپچڕی. سەری هەڵهێناو خوێنی هەڵهێنایەوە.

میوانەکە بەدەست و ڕانی خۆیدا کێشا و هاواری کرد: «یا حەزرەتی عیسا! ئەم بەڵا چییە؟! ئەو هەموو خوێنە، کەڕ و کوێر هێشتا نەمبینیوە مریشکێك وەك ئینسان لە ژانە زگ بناڵێنی». ئەم هەڵگرتنە خەماوییەش، بووە شینگێڕیی خوخلاتکای داماو. لە پڕ بەلادا هات، بێواز دەنووکی بەخاك و خۆڵەکەدا چەقاند و چاوی سپی بوو. پاشان بەپشتدا هەڵگەڕا، لاقی بەحەوا کەوت و وشك هەڵات.

ماترووشکا ئاوەکەی ڕشت بە دەنگێکی گرەوە لەگەڵ ژنە کەشیش دەستیان بە ئاه و ناڵە کرد. میوانەکە دەمی بردە پەناگوێی درێزدۆوا و لەژێر لچەوە وتی: ستیپانۆنا، سوێند بەئەرز و ئاسمان مریشکەکانیان جادوو کردووی. ئاخر لە کوێ شتی وەها بووە! لە مریشکدا نەخۆشینی وەها نەبووە. کار، کاری چاوی پیسە!

ژنە قەشە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و ناڵاندی: دوژمنەکانم! چاویان بەڕوومدا هەڵنایێ.

قووقەی بەرزی کەڵەشێرێك قسەکەی بۆ سەندنەوە و لەپڕ لە کولانەی مریشکەکانەوە کەڵەشێرێکی خێرا و لەڕ وەك فیشەکە شێتە لەترەلەتر دەرپەڕی، ڕێك وەك سەرخۆشێك لەباری بیرە... دەرپەڕی. پاشان

وەحشییانە چاوی زەق کردەوە و لەسەر هەر دوو لاقی هەڵبەز و دابەزی کرد. وەك هەڵۆ باڵەکانی کردنەوە، بەڵام بەرەو هیچ کوێ نەفڕی، بەڵکو بە حەوشەکەدا ڕایدەکرد. پاشان وەك ئەسپی نێو گۆڕەپانی ئاژووتن، لە بازنەیەکدا خولایەوە. لە خولی سێهەمدا وەستا و خوێنی هەڵهێنایەوە. کەڵەشێری داماو فیکەفیك و قرخەقرخ بەچوار دەوری خۆیدا لەت و پرتکەی خوێنی هەڵدەهێنایەوە. دواییش کەوت بەپشتدا و چنگی وەك دەکەڵ بەرەو هەتاو بەرزبوونەوە. شین و هاواری ژنانە حەوشەکەی تەنی و لە کولانەی مریشکەکانەوە دەنگی قرتەقرتی تۆقاو و پەلەقاژەی بەردەوام بۆی سەندنەوە.

میوانەکە سەرکەوتووانە وتی: «نالێم جادوویان کردوون؟ پاپا سێرگێئی بانگ بکە دۆعایەك بخوێنی بەسەریاندا». شەشی دوانیوەڕۆ، کاتێ هەتاو بەدەموچاوێکی ئاگراوییەوە، بەرەو خوار، بۆ نێو سیمای گوڵە بەڕۆژەکان دابەزی، لە حەوشەی کێڵگەکەدا پاپا سێرگێئی، ئۆسقۆفی نوێژگە، پاش بەجێهێنانی داب و دەستووری زیکر و دۆعا، جبە تایبەتەکەی داکەند.

کون و کەلەبەری پەرژینی حەوشەکە پڕ بوو لە دەم و چاوی سەرەتاتکێکەر. بێوەژنەی خەمین خاچەکەی ماچ کرد و گەڵایەك یەك ڕووبلیی دڕاوی لۆچ و چڵکن و فرمێسکاویی پێشکەشی پاپا کرد. پاپا بەدیتنی پارەکە هەناسەیەکی بەنیشانەی ئەوەی کە ئاە... بەڵێ... خودا غەزەبی لێ گرتوون هەڵکێشا و جۆرێك ناوچاوی گرژ کرد چما باش دەزانێ خودا بۆچی غەزەبی لێ گرتوون، بەڵام لەبەر گەورەیی خۆیەتی هیچ ناڵێ.

دوای ئەوە، خەڵکەکە پەرەوازەیان لێکرد و مادام مریشك زوو دەنوون، کەس نەیزانی لە کولانەی دراوسێکەی بێوەژنیشدا سێ مریشك و

کـەڵـەشێرێك مـردار بـوونـەتـەوە، ئـەوانـیش وەك مـریشکـەکـانـی بـێوەژن خوێنیـان هـەڵدەهێنایەوە، بەڵام بەم جیاوازییەوە کە ئەمان لە کولانەی داخـراودا و بـێدەنگ و هــەرا مـردبـوون. کـەڵـەشێرێك لـەسەر دارەبـەنـەکە لەسەرەوە بەر بۆوە و چیدی متەقی نەکرد. لەسەر مریشکەکانی بێوەژنەکە ئەوەش بڵێین کە ڕێك دوای دۆعاکە گیانیان گەڕایەوە. جێگەی حەق و ئێوارە بێدەنگییەکی مەرگاوی باڵی بەسەر کولانەی مریشکەکاندا کێشا و کۆمایەك باڵندەی وشك هەڵاتوو بەجێما.

بەیانی، هەموو خەڵکی دێ پاش هەستان لە خەو بەو شتەی ڕووی دابوو تاسان. تا نیوەڕۆ تەنیا سێ مریشك لە ماڵێکی پەڕ و دوور، لە شەقـامـی پـێرسۆنـالـنـا کە چاودێری بـاج ژوورێکی لـێ بـەکرێ گرتـبـوو، مابوون و ئەوانیش یەکەیەکە تا سەعاتی سێ تاقیان لێ بڕا. نزیکی عەسر، شاری ستیلفسك وەك کەنووی هەنگ ورووژابوو و بۆڵەی دەهات. وشەی تـۆقـێنـەری مـەرگ بـاڵی بـەسەر هـەموو جێگـەیـەکدا کێشابـوو. دوانـاوی «درێزدۆوا» لە ڕۆژنامەی ناوچەیی «خەباتکاری سوور»دا و لە وتارێکدا بـەم نـاوەوە دابـەزی: «ئـاخـۆ ئـەم شتـانـە بـەڕاستـی نیشانـەی تـاعوونـی پەلەوەرن؟» بەم جۆرەش، باس و خواس گەشتە مۆسکۆ!

***

ژیانی پرۆفیسۆر پێرسیکۆف سەیر و نا ئارام و هەژێنەر بۆوە. کار لە وەها دۆخێکدا نەکردە بوو. ڕێك ڕۆژێك پاش ئەوەی ئالفرێد برۆنسکی لەکۆڵی بوەوە، ناچاربوو دەسکی تەلەفوونی ژووری کارەکەی دانەنێتەوە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ تەلەفوونی بۆ بکات. نزیکی دوانیوەڕۆ کاتێ بە تراموا بەشەقامی ئاخوتنی ڕیاددا دەڕۆشت، وێنەیەکی بگۆڕی لەت لەتی مەیلەو سەوز و لەرزۆکی خۆی لەکاتی چوونە نێو تاکسی و خۆهەڵواسینی پیاوە قەڵەوە بەرگ زبرەکە بەباڵیەوە، لەسەربانی بینایەکی زۆر گەورە

بینی کە لێی نووسرابوو «نووسینگەی ڕۆژنامەی» کرێکار.

لە سەربانەکە و لەسەر پەردەیەکی سپیدا، پرۆفیسۆر مشتی لەبەر چاوی خۆیدا گرتبوو. لە پشتەوەی ئەم وێنەشدا بەڕەنگێکی ئاگرینی زەق نووسرابوو: «پرۆفیسۆر پێرسیکۆف بەردەوامە، وەڵامی پرسیارەکانی هەواڵنێری تایبەتی ئێمە، کاپیتان ستیپانۆف دەداتەوە».

لە شەقامی والخونکایش، لە نزیك کەنێسەی عیسای مەسیح، هەر ئەم دیمانەی بینییەوە: وێنەی ئۆتۆمبێلێکی لەرزان کە دەڕۆشت و تێیدا پرۆفیسۆر وەك ماسییەك بکەوێتە سەر وشکانی پەلەکوتێی بوو و سیمای لە سیمای گورگێك دەچوو دوای کەوتین. پرۆفیسۆر کە ددانی لە ڕقدا جیڕ کردبۆوە هەر بەو حاڵەوە وتی: ئەمانە شەیتانن. شەیتان!

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کاتێ جانەوەرناسەکە گەشتنە ماڵەکەی لە شەقامی پریچیستینکا، سەرپەرشتی کاروباری ماڵەکەی «ماریا ستیپانۆنا» هەڤدە یادداشتی پڕ لە ژمارە تەلەفوونی دایە دەستی کە تەلەفوونیان بۆ کردبوو، جگە لە قرتە و بۆڵەی ڕاستەوخۆ و زارەکیی خۆیشی کە تەنگی پێ هەڵچنرابوو.

پرۆفیسۆر دەیەویست یادداشتەکان بدڕێت، بەڵام بۆ ساتێك وەستا. چونکو لە بەردەم یەکێك لە ژمارە تەلەفوونەکاندا نووسرابوو: «کۆمیسێری نەتەوەیی تەندروستی»، زانای هەڵکەوتە سەری سوڕما.

– مانای چی؟ ئیتر ئیدارەی تەندروستی بۆ؟ ئەم خەڵکە بۆ وایان لێهاتووە؟ ئەڵێی یەکسەر ئەقڵیان باری کردووە.

کاتژمێر دە و چارەکی شەو، لە زەنگ درا و پرۆفیسۆر ناچاربوو لەگەڵ هاوڕێیەکی جلوبەرگ سەیر قسە بکات. هەڵبەت لە نوور و ناوچاوی ئەو کارتی ویزیتەی لێی نووسرابوو: «بەرپرسی سەربەستی بەشە

بازرگانییەکانی لقە هەندەرانییەکان لە یەکیەتی سۆڤیەت».

پێرسیکۆف بەبۆڵەبۆڵەوە وتی: بەتوون. پاشان زەڕڕەبین و ئیدیۆگرامەکانی فڕێدایە سەر ڕوومێزیە سەوزەکە و بەماریای وت: ڕێگەی پێ نیشان بدەن. ئەم سەربەستە!...

پێرسیکۆف بەدەنگێکەوە کە بەرپرسی ڕاچڵەکاند وتی: خزمەتێك؟ پاشان چاویلکەکەی تا سەر ئەنیەی هەڵکشاند و گێڕایەوە شوێنی یەکەمی و سەیرێکی کابرای کرد.

پیاوەکە لەلاك و ڕۆن و بەرگی گراندا دەبرسکایەوە و چاوی ڕاستی چاویلکەیەکی پێنسیی لەسەر بوو.

تەنیا خوا دەزانێ بۆ پێرسیکۆف لە خەیاڵی خۆیدا وتی: «ئای لەو قەپۆزە!».

میوانەکە دەستی کرد بەڕێگە پاککردنەوە: بۆ هەڵکردنی جگەرە گەلاکەی داوای یارمەتی کرد و پێرسیکۆف ناچار بوو بەنابەدڵی فەرمووی لێ بکات دانیشێ. پاش چەند چرکەیەك میوانەکە لەبەر دواکەوتنەکەی لێداونێکی بەرزی فەرموو.

لێداونەکەی بەم حاڵە گەشت کە: «بەڵام... هی هی... جەنابی پرۆفیسۆر بە تەقەی تفەنگیش بەڕۆژ پەیە... هی هی... پاردن... هی...»

میوانە لە پێکەنیندا بوورابۆوە، هەناسەی بڕا. پێرسیکۆف بەخەیاڵیدا هات ئەم کابرا چەندە لە کەمتیار دەچێ و بەیەك وەڵامی سارد و کورت پێکەنینەکەی پێ بڕی، بەڵام کابرا تەڕ نەبووە و شەپڵەی لێهاتەوە:

– بەڵێ سەرقاڵم!

بەڵام ڕێگەشی بەخۆی دا کاتی زانای بەناوبانگ بگرێ...

– دەڵێن کات گەوهەرە!... جگەرە ئازارتان نادات پرۆفیسۆر؟

پێرسیکۆف لە وەڵامدا وتی: ئهمم.

– وەك دیارە پرۆفیسۆر پرشنگی ژیانیان دۆزیوەتەوە!؟

پێرسیکۆف هەژا: نا قوربان. ژیانی چی؟! هەموو قسە و هەڵبەستەی ڕۆژنامەنووسەکانە!

– ئای نا... هی هی هی.

ئەو باش ئەم خۆ بەکەمزانینەی دەناسی کە جوانیی هەموو زانستوانێکی ڕاستەقینەیە:

– باسی تێدا نییە... ئەوڕۆکە تێلێگراف هەیە... لە چوارقوڕنەی جیهان، لە وەرشۆ و ڕیگا هەمووان ئاگاداری ئەم پرشنگەن. ناوی پرۆفیسۆر لە هەموو دونیا دەنگی داوەتەوە... هەموو دونیا هەناسەیان بردۆتە بەر خۆیان و، چاویان بڕیوەتە لێکۆڵینەوەکانی پرۆفیسۆر... بەڵام هەمووانیش دەزانن لە سۆڤیەت هەلومەرجەکە چەندە بۆ زانستوانان نالەبارە. ئانترنۆو سۆوادی... خۆ بێگانەمان تێدا نییە... بەداخەوە لێرە نرخی زەحمەتی زاناکان نازانن.

هەموو ئەم قسانەش ڕێگە خۆشکردن بوو بۆ ئەوەی لە پرۆفیسۆر بگەیەنێ کە:

– بەڵێ... دەوڵەتێکی دەرەوە ئامادەیە بێ تەماحی هیچ شتێك یارمەتیی پرۆفیسۆر بدات کە بێخەم بەکارەکانیەوە خەریك بێ. وەك کتێبی پیرۆز دەڵێ بۆ ڕاستگۆ نەبین؟ دەوڵەتی ئێمە ئاگادارە لە ساڵی ١٩ و ٢٠دا، لەنێو ئەم... هی – هی... شۆڕشەدا، پرۆفیسۆر چەندە لە زەحمەتدا بووە، بەڵام... ئممم... نهێنییەکی گەورە... پرۆفیسۆر، دەوڵەت لە ئەنجامی کارەکەی

ئاگادار دەکاتەوە دەوڵەتیش یارمەتیی ماددیی پرۆفیسۆر دەکات. گوایە جەنابی پرۆفیسۆر قوتووویەکی درووست کردووە... زور باش دەبوو چۆنیەتی ئەم قوتووە شیشەیییە بزانین». لەم کاتەدا میوانەکە چەپکێك کاغەزی لە گیرفانی کۆتەکەی ڕاکێشایە دەرەوە.

– جاریٚ ئەم برە ناقابیلە، پێنج هەزار ڕووبل وەك پێشەکی... پرۆفیسۆر دەتوانن هەر ئێستا وەری بگرن...

واژۆ و ئیمزاش پێویست نییە، پرۆفیسۆر دڵی نوێنەری سەربەستی کۆمپانیای بازرگانی دەرەنجێنی ئەگەر باسی ئیمزا و شتی وا بکات.

پێرسیکۆف لەپڕ نەعرەتەیەکی وەهای کێشا کە کلاویەکانی پیانۆی سالۆنی مێوانداری لەرینەوە:

– گوم بە!

میوانەکە هێند خێرا بزر بوو، پێرسیکۆف کە هەموو گیانی نیشتبووە لەرز و شێتبگیر ببوو، دوای یەك دەققە ئەم خەیاڵەی بەمێشکدا هات کە بەڕاستی کەسێکی وەها هاتووە یان بەسەرهاتەکە هەموو وەهمێك بووە ڕووت؟!

دوای یەك دەققە، پیرسیکۆف لەبەر بارەکەدا هاواری کرد: کاڵەکانی!! ماریا ستیپانۆنا دەستەوەستان بەترس و لەرزەوە وتی، بیریان چوو.

–فڕێیانده دەرەوە.

– جا فڕێی بدەمە کویٚ، دیارە دێتەوە بۆی.

– بیدەنە دەستی ئەنجومەنی خۆماڵی و ئیمزایان لیٚ وەربگرن بۆ ئەوەی ئیتر تەنانەت ڕۆحی ئەم کالانەش نەیەتەوە بەم ماڵەدا. بڕۆن بۆ ئەنجومەن! با ئەوان کاڵەی ئەم سیخوڕە پیسە هەڵبگرن.

ماریا ستیپانۆنا، بەدەم خاچکێشانەوە، ئەو کاڵە چەرمیە گرانانەی هەڵگرت و بەرەو درگای پشتەوە ڕۆشت. کەمێك لەپشت درگاکەدا وەستا و بیری کردەوە. پاشان لە ئەمبارەکەدا شاردنیەوە و لای پێرسیکۆف شیڕاندی: پێت دان؟

– بەڵێ

– کوا ئیمزاکەیان.

– بەڵێ؟ ولادیمیر ئیسپاتیچ، بەر پرسەکەی ئەوی خوێندەواریی نەبوو!

– زوو... بەئیمزاوە وەرەوە... بڵێ لەباتی ئەو سەگبابێکی تر ئیمزای بکات!

ماریا ستیپانۆنا سەرێکی لەقاند، ڕۆشت و پاش چارەکێك بەئیمزاوە هاتەوە: «جووتێك کالەمان لە پرۆفیسۆر پێرسیکۆف وەرگرت. ئیمزا: کالسۆف»

– ئەمەی تر چییە؟

– ژیتۆن بۆ وەرگرتنەوە.

پێرسیکۆف ژیتۆنەکەی خستە ژێر پێی و ئیمزاکەی نایە ژێر کتێبەکان.

پاش کەمێك دەستەوەستانی، لۆچێکی خستە ئەنیە بەرزەکەی، چووە لای تەلەفوونەکە، چەند جارێك تەلەفوونی بۆ پانکرات کرد تا وەرگیرا. پرسی هەموو شتێك باشە؟ پانکرات گرمەگرم هەندێ شتی وت کە کۆی مانای ئەوەی هەموو شتێك باش و وەك خۆیەتی. بەڵام ئەم ئەهوەنبوونەوەی پرۆفیسۆر تەنیا بۆ چەند ساتێك بوو. خێرا و بەناوچاوانێکی گرژەوە پڕی دایە تەلەفوونەکە و وتی:

– پۆلیسی شەقامی لووبیانکام بۆ بگرن... هەلەو... دەبێ بەکامتان

بلێم؟... کەسانێکی گومانلێکراو هاتوچۆی ماڵی من دەکەن، بەڵێ... پرۆفیسۆری زانکۆی ژمارە ٤، پێرسیکۆف.

تەلەفوونەکە جۆرێکی چاوەڕێ نەکراو داخرا. پێرسیکۆف بەدەم جنێو دانەوە، تەلەفوونەکەی بەجێهێشت.

ماریا ملێکی کێشایە ژوورەوە و بەپارێزەوە پرسی: چا دەخۆن؟

–هیچ ناخۆم... م م م... هەموویان بەتوون بن... ئەڵێی هەموویان هار بوون!

ڕێك پاش دە خولەك هەندێ میوانی تازە لە ژووری کارەکەیدا بوون. یەکێکیان، گەرم و گوڕ، قەڵەو و زۆر بەداب و دەستوور بوو، بەرگی فۆرمی سەبازی و پانتۆڵێکی تەسکی لەبەربوو و مرۆڤی بیری فریشتەیەك بەچەکمەی کارەباییەوە دەخستەوە. دووهەمیان، کورتە بنە، ورد و زۆر خەمگین دیاربوو و بەرگێکی ئاسایی لەبەربوو کە بەبەری گەورە بوو. سێهەم میوان سەیر و ناوازە دەجووڵایەوە. نەچووە ژوورەکەی پیرسیکۆف بەڵکو لەبەر درگاکە و لە شوێنێکی تاریك و ڕووندا دانیشت. بەڵام وا دانیشتبوو کە ژووری کار ڕووناك و بەدووکەڵی جگەرە ئاخنراو لێیەوە بەتەواوی دیار بێ. لەسەر کەپۆی ئەمەشیان کە دیسان جلوبەرگێکی ئاسایی لەبەردابوو، چاویلکەیەکی ڕەشی پێنسیی هەبوو.

ئەو دوانەی نێو ژوورەکە پێرسیکۆفیان پڕووکاند: کارتی ویزیتەکەیان باش ئەمبار و ئەوبار کرد، کۆڵێك شتیان لەسەر پێنج هەزار ڕووبلەکە پرسی و ناچاریان کرد سەر و بیچمی میوانەکە بەوردی باس بکات. پیرسیکۆف بە منجەمنجەوە وتی: چووزانم، قەپۆزێك بوو. وەك مۆنگۆلەکان وابوو. پیاوە کورتەبنە وردەکە بەدەنگێکی کپەوە وتی: چاوی شووشە نەبوو؟

– خوا دەزانێ... نا، لام وانییە. چاوی دەجوولان. فریشتەکە بەهێمنی لە کورتەبنەکەی پرسی: رۆبین شتاین؟ ئەویدیکەش بەبێزەوە سەرێکی بۆ سەرەوە جوولاند مانای نا و، بەبۆڵەبۆڵێکەوە وتی: رۆبین شتاین بێ ئیمزا هیچ بەکەس نادات. ئەمە لە کاری ئەو ناچێت. دەستەکە هی کەسێکی لەئەو گرنگترە. باسی کاڵەکان هەراوزەنایەکی خستە نێو میوانەکان. فریشتەکە لە تەلەفووندا چەند وشەیەکی بەپۆلیسی خۆجێیی ئەوێ راگەیاند:– رێکخراوی پاراستنی سیاسی داوا دەکات سکرتێری ئەنجوومەنی خۆجێی «کاسۆف» بەکالەکانەوە بێتە ماڵی پرۆفیسۆر پێرسیکۆف. کاسۆفیش خێرا، رەنگپەڕیو و کاڵە بەدەست، لە ژوورەکەدا ئامادەبوو. فریشتەکە لەسەرخۆ ئەوەی بەر درگاکەی بانگ کرد: واسینکا!

واسینکا بە وەرەزییەوە هەستا وەك بیبیجان دەست و پێی تەکەی دەهات، چووە ژوورەوە و بەدەم وەنەوزەوە، کورت پرسی چییە؟

– کالەکان!

– چاوە رەشەکان بەکالەکاندا خشان و بۆ ساتێك پێرسیکۆف لە لاشانەوە ئەو چاوانەی لە پشت چاویلکەوە بینی و بەخەیاڵیدا هات کە ئەو چاوانە نەك هەر خەواڵوو نین، بەڵکو جۆرێکی سەیریش تیژ، بز و وریان. بەڵام بریسکەکەیان زوو کوژایەوە.

– دەی، رات چییە واسینکا؟

واسینکا بەدەنگێکی خەواڵووەوە وتی: دەی... دەی ناوێ! ئەمانە کالەکانی پلنژکۆفسکین. قسەکە هەمان و بێبەش بوونی ئەنجوومەنی نێوخۆیی لە دیاریەکەی پرۆفیسۆر پێرسیکۆف هەمان، کالەکان لە رۆژنامەوە پێچران. فریشتەی سەربازی پۆش، گەش و شاد، هەستا و بەگەرم و گوڕییەوە دەستی پرۆفیسۆیر گوشی. وەکی تر، لێداونێکی

کورتیشی دا کە پوختەکەی بەم جۆرەیە:

ئەمە تەعبیرە لە ڕاستی و درووستیی پرۆفیسۆر... جەنابی دەتوانیٚ بەتەواوی دڵنیا بیٚ... چیدی هیچ کەس نە لەماڵ و نە لە ئەنستیتۆ سەر و دڵیان ناگریٚت. لەم بابەتەوە ئەوەی پێویست بێت دەکریٚ و قووتوەکانی بەتەواوی دەپارێزرێن.

پێرسیکۆف لەسەر چاویلکەکەیەوە ڕوانی و پرسی: دەتوانن تەقە لە هەواڵنێران بکەن؟!

ئەم پرسیارە فریشتە شادەکەی پترشاگەشکە کرد و نەك هەر مۆنەکە، بەڵکو تەنانەت پیاوەی چاویلکە ڕەشیش بزەی هاتیٚ. فریشتەکە دەم بەبزە بۆی ڕوون کردەوە کە شتی وایان پیٚ ناکریٚ.

– بەڕاست ئەم قەپۆزەی هاتبوو کێیە؟

دەمە و دەستیش بزەی سەرلێوی هەمووان تاسا. فریشتە، کە دیاربوو خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە، وتی: ئەو کەسە تەنیا چەتەیەکی بچووکە و بە بیرکردنەوەش ناشیٚ... بەڵام وێڕای ئەمەش داماون لە هاوڕیٚ پرۆفیسۆر ئەوەیە ئەم ڕووداوە وەك سرێك بپارێزیٚ و نەیدرکێنیٚ... و پاشان ڕۆشتن.

***

پێرسیکۆف دەستی دایەوە دیاگرامەکان، بەڵام نەیتوانی کار بکات. چرای سووری تەلەفوونەکە هەڵبوو و دەنگێکی ژنانە پێشنیاری کرد پرۆفیسۆر دەبێتە خاوەنی ماڵێکی حەوت ژوور ئەگەر ئامادە بیٚ لەگەڵ بیٚ وەژنێکی جوان و گەرم بزەوجیٚ.

پێرسیکۆف شیڕاندی: پێشنیاری منیش ئەوەیە بچنە لای پرۆفیسۆر ڕۆسۆلیمۆ دەرمانتان بکات و خێرا تەلەفوونی دووەمیشی بۆ هات.

پێرسیکۆف هەر کە ناوی خاوەنی دەنگەکەی بیست کەمێك خاوە بۆوە، چونکو کەسێکی ناسراو بوو لە کرێملینەوە. تاوێکی درێژ، بە گەرمییەوە لە کارەکەی پرۆفیسۆری پرسی و هاوکاتی دڵنەوایی، وتی حەز دەکات تاقیگەکەی ببینێ. پێرسیکۆف لە تەلەفوونەکە دوورکەوتەوە و ئارەقەی نێوچاوانی سڕی. دەسکی تەلەفوونەکەی لەسەر مێزەکە دانا بۆ ئەوەی وا دیار بێ خەریکە. هەر ئەو چرکە لەقاتی سەرەوە بۆڕەی کەرستەی مۆسیقا بەرز بۆوە کە پارچەی زریکەی والکیریەکانیان دەژەند.

ڕادیۆی بەڕێوەبەری کارگەی بەرهەمهێنانی پەردەی ماهووتی کونسێرتەکەی واگنێر لە تیاتری گەورەی بڵاو دەکردەوە و پێرسیکۆف لەژێر دەسڕێژی هەرا و زەنای ژوور سەریدا بەماریانای ڕاگەیاند ئەم بەڕێوەبەرە دەکێشێتە دادگا... ئەو ڕادیۆیانەی دەشکێنێ... لە مۆسکۆوە دەگوێزرێتەوە کاولبوویەکی دیکە. چونکە وەك دیارە هەموویان دەیانەوێ بەجۆرێك دەریبکەن!

لە تاوی تووڕەیی زەڕڕەبینەکەی شکاند و لەسەر کاناپەی ژووری کارەکەی ڕاکشا و هەوڵی دا بەدەنگی خۆشی پیانیستی بەناوبانگی تیاتری گەورە بخەوێ.

ڕاچڵەکان و تەکان ڕۆژی دواتریش هەر بەردەوام بوو!

کاتێ پێرسیکۆف گەشتە ئەنستیتۆ، لە درگانەی بیناکەدا کەسێکی نەناسراوی بینی کە کڵاوێکی لێوارداری سەوزی مۆدەی لەسەر بوو. کابرا تەنیا سەیرێکی پرۆفیسۆری کرد و هیچی نەپرسی و هەم ئەم بێدەنگییەش وای کرد پرۆفیسۆر پێی پەست نەبێ.

پاشان لەنێو درگای ئەنستیتۆدا جگە پانکراتی دەستەوەستان، لە کڵاوی دووهەم هەڵکەوت کە لە بەری هەستابوو و چاك و چۆنییەکی گەرم و

گوڕی لەگەڵ کرد: ئەم کاتەت باش هاوڕێ پرۆفیسۆر!

پێرسیکۆف بەدەم داکەندنی پاڵتۆکەیەوە بەیارمەتیی پانکرات، بەلالووتێکەوە پرسی: بۆ لێرەن؟ بەڵام کڵاوەکە خێرا ئارامی کردەوە و بەهەرە خۆش و هێمنترین دەنگێك لە توانای قورگیدا بوو وتی پرۆفیسۆر لە خۆڕا عاجز بووە و ئەو لە ڕاستیدا هەر لە بەر ئەو کارە لەوێیە... کە جەنابی لەهەر چەشنە هاتوچۆکەرێکی چەق و قیر رزگار بکات و... و پرۆفیسۆر دەتوانێ تەواو بێخەم بێ کە نەك هەر لە درگاوە بەڵکو لە پەنجەرەشەوە کەس نایەتە ژوورەکەیەوە. پاشان کابرای تاین بۆ چرکەیەك یەخەی کۆتەکەی خۆی لادا و نیشانێکی بەپرۆفیسۆر نواند. پێرسیکۆف گوتی: ئاوها... ئێوە زۆر بەدەستەوبردن. گێلانە وتیشی: ئەی بۆ خواردنەکەتان چی دەکەن؟!

کابرای کڵاو لەسەر بزەیەك گرتی و وتی بەسەرە ڕادەوەستن.

سێ ڕۆژی دوایی خۆش و بێ گرفت تێپەڕی. دوو جار لە کرێملینەوە هاتنە لای پرۆفیسۆر و جارێکیش خوێندکارانی بینی و تاقی کردنەوە، بەڵام هیچیان دەرنەچوون و بەهەڵسوکەوتیاندا دیاربوو لە پرۆفیسۆر تۆقیون. دەنگی پرۆفیسۆر دەهات کە لە ژووری کارەکەیەوە دەینەڕاند: بڕۆن گوڵەبەڕۆژە بفرۆشن! ئێوە بەکەڵکی جانەوەرناسیی نایەن!

کڵاو لێواری، لە پانکراتی پرسی: وشکە؟

پانکرات وتی: هەر زۆر... خوا بە نسیبی کەسی نەکات! کێیش دەربچێ پەندێکی وەهای بەسەر دێت کە دادەهێزرێ و لە شەکەتیدا دەبوورێتەوە و هەر کە هەستایەوە ڕێك بەرەو بارێك ڕادەکات. پرۆفیسۆر تێپەڕینی ئەم سێ شەو و ڕۆژەی هەست نەکرد. بەڵام ڕۆژی چوارەم، گێڕایەوە بۆ نێو ژیانی واقیعی. هۆی گەڕانەوەکەش دەنگێکی ناسك و زیق بوو کە لە

شەقامەکەوە دەهات. دەنگەکە لە شەقامی گرتسینەوە خۆی دەکرد بەپەنجەرە ئاوەڵاکەی ژوورەکەدا: ولادیمیر ئیپاتیچ!

لە بەختی دەنگەکە: تاوێك بوو پێرسیکۆف لە تاو شەکەتی پشووی دابوو. لەسەر مۆبلێك، ماندوو و شەکەت بەچاوی ئاوساو و سوورەوە چاوی بڕیبووە بنمیچی ژوورەکە و جگەرەی دەکێشا. توانای کاری نەمابوو، هەر بۆیەش ڕاکێشرا و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. لە شۆستەکەدا ئالفرێد برۆنسکی ڕاوەستابوو.

پرۆفیسۆر، بەکڵاوی تیژ و دەفتەر یادداشتەکەدا، خاوەنی بارە ناونیشانی نێو کارتی ویزیتەکەی ناسییەوە. برۆنسکی نەرم و بەدەستوور ڕوو لە پەنجەرەکە نووشتایەوە. پرۆفیسۆر وتی: ئای! ئەوە تۆی؟! نەیدەتوانی توورە بێ تەنانەت حەزی کرد بزانێ ئەم جارە لە چی دەگەڕێ! لەلایەکی دیکەشەوە دەیزانی لەنێو پەنجەرەکەدا دەستی برۆنسکیی پێ نەگات. کڵاولێواریە نەگۆڕ و بێنۆبەکە، خێرا گوێی بۆ لای برۆنسکی سووڕاند.

خێرا سیمای برۆنسکی بزەیەکی گەرم و خۆمانەی نیشتە سەر. پاشان لە شۆستەکەوە تا دەنگی دەهات هاواری کرد: تەنیا یەك دەققە پرۆفیسۆری ئازیز! تەنیا پرسیارێکی زۆر پسپۆڕانەم لە بواری جانەوەرناسیدا هەیە و هیچی تر. دەتوانم بپرسم؟

پێرسیکۆف کورت و بەلاقرتێوە وتی: بپرسە! لای خۆی بیری کردەوە: کەسایەتی ئەم پیسە شتێکی ئامریکایی تێدایە!

برۆنسکی لە کاتێکدا دەستی وەك بڵیندگۆ لێکردبوو قیژاندی: پرۆفیسۆر گیان، ڕات لەسەر مریشکەکان چییە؟! پێرسیکۆف پێی سەیر بوو، لەسەر ڕفی بەرپەنجەرە دانیشت، پاشان وەستا، دەستی بەتەلەفوونەکەدا نا و لە

کاتێکدا بەپەنجە ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە دەکرد، هەڵیدایێ: پانکرات، با ئەو پیاوەی سەر شۆستەکە بێتە ژوورەوە.

کاتی برۆنسکی هاتە ژوورەوە، پێرسیکۆف چووە نێو زگی و بەتوورەییەوە قیژاندی بەسەریدا:

– فەرموون دانیشن!

برۆنسکیش بزەیەکی کەوتە سەر لێو و لەسەر کورسیە پێچییەکە دانیشت. پێرسیکۆف دەستی پێکرد: تکایە پێم بڵێن ئێوە ئەم قسانە لەم... ڕۆژنامەتاندا دەنووسن؟ ئالفرێد بەدەم دانووشتانەوە وتی: بەڵێ، ڕێك.

– ئەها، نازانم چۆن دەنووسی، لە کاتێکدا ناتوانی ڕووسییەکی باش بدوێی؟!

ئەمە مانای چی: «یەك دەققە» و «ڕات لەسەر مریشکەکان چییە؟». وا دیارە دەتویست «لەسەر مریشك بپرسی؟»

برۆنسکی ماستاوکەرانە بزەیەکی هێنایە سەر لێوەکانی:

– والنتین پترۆویچ پێیدا دەچێتەوە.

– ئەی ئەو والنتینە کێیە؟

– جێگری بەشی ئەدەبی.

– با واز لەو باسە بێنین، خۆ منیش زماننناس نیم. پترۆویچەکەی ئێوە هیچ... فەرموو دەتەوێ ڕێك چی لە مریشکەکان بزانی؟

– بەگشتی هەرچی ئێوە بفەرمووی پرۆفیسۆر!

– ئەمەی وت و خێرا خۆی بە قەڵەمەکەی چەکدار کرد. بەم پرسیارە چاوانی پرۆفیسۆر بریسکەی هات!

– لەخۆڕا هاتووی بۆ ئێرە، من پسپۆڕی باڵندەکان نیم. ڕەنگە وا باشتر بێ بچنە لای ئێمیلیان ئیوانۆویچ پێرتۆگالۆن لە زانکۆی ژمارە یەك. من ئاگاداریم کەمە.

بڕۆنسکی بزەیەکی سەلمێنەرانەی لەسەر لێوی دروست کرد، مانای دەزانی پرۆفیسۆر گاڵتەی لەگەڵ دەکات. بەکورتی لە دەفتەرەکەیدا نووسی: گاڵتە – نازانێ.

پێرسیکۆف ڕوو لە برۆنسکی و دڵ لە جێگەیەکی دوور چما بەدەنگی دلێر بۆ هەزاران کەس بدوێ، وتی: چارە نییە، ئەگەر بەکەڵکتان دێت گوێ بگرن: مریشك یان پۆپەداران، جۆرێك باڵندەن لە دەستەی مەلەکان و لە تیرەی قەرقاوڵەکان. ئەم باڵندانە پۆپەیان لە گۆشت و پێستە و بەدوو پەڕەی شۆڕ بەژێر دەنووکی خوارەوە... ئم... هەندێ جار لە ناوەڕاستی دەنووکی خوارەوەدا هەیە... باشە... ئیتر چی بڵێم؟!

باڵیان کورتە و گرد. کلکیان مامناوەندی، تۆزێك گرنج گرنج و بەڕای من وەك... پەلە ناوینەکانی کەوانییە... پانکرات!... لە ژووری نموونەکان، مۆدێلی ٧٠٥، لا کەڵەشێرە باغەکە بێنە!... دووبارەی دەکەمەوە کە من پسپۆڕی ئەم بوارە نیم.

بچن بۆلای پێرتۆگالۆف... باشە... من شەش جۆر مریشکی کێوی دەناسم... ئهمم... پێرتۆگالۆف زیاتر دەزانێ...

لە هێند و کۆ دوورگەی مالیزی، بۆنموونە کەڵەشێری بانکیفسکی یان کازینتۆ کە لە داوێنی کوێستانی هیمالیا، لەکۆی هێند و لە ئاسام و بێرمە هەیە... کەڵەشێری کلك سێ شاخ لە لومبوك، سومباوا و فلۆرس و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هێند کەڵەشێرێکی زۆر جوان هەیە بەناوی زونیراتۆف. لە سەیلانیش عەرزتان بکەم کەڵەشێری ستەنلی هەیە و تەنیا

ئەویش بینراوە. برۆنسکی دانیشتبوو و چاو دەرپۆقیو پەلەپەل دەینووسی.

– شتێکی دیکەش پێویستە؟

ئالفرێد بە ورتێکەوە وتی: دەمەویست لەسەر نەخۆشینی مریشکەکان زانیاری وەربگرم.

– ئەها، من پسپۆڕ نیم... لە پێرتۆگالۆف بپرسن... بەلام... دەی...کرمی ڕشتەیی گردە، ئەنگەلی جۆراوجۆر، کەنە خارشت هێنەر، ئاوسانی غوددەکانی گەروو، کەنەی باڵندەکان، ئەسپێی مریشکی یان (پرخور)، کێچ، وەبای باڵندە، خوناق، سیل، کەچەڵیی مریشك.. خوا ئەیزانێ چەندین و چەند نەخۆشینی تر... (چاوی پرۆفیسۆر بریسکەیەکی هات)، بۆ نموونە دەرمانخواردی، هاری، ئاوسان، پەتای ئینگلیزی، یەرەقان، iniailnehs kaorion نەخۆشینێکی زۆر سەیرە! کە دەیگرن تا پۆپەکەیان پەڵەی بچووکی وەك کەڕووی دەکەوێتە سەر.

برۆنسکی بەدەسرێکی گوڵدار ئەنیەی ئارەقاویی خۆی سڕی.

– پرۆفیسۆر بەڕاتان هۆی ئەم قەیرانە چییە؟

– کامە قەیران؟!

– برونسکی بە سەرسووڕمانەوە پەڕەیەکی لۆچ و لوولی ڕۆژنامەی «هەواڵەکان»ی لە جانتاکەی دەرهێنا:– چۆن؟! ئێوە نەتانخوێندۆتەوە؟

– پێرسیکۆف ناوچاوێکی گرژ کردو وتی: من ڕۆژنامە ناخوێنمەوە. ئالفرێد بە نەرمییەوە پرسی: بۆ پرۆفیسۆر؟

– پێرسیکۆف ئان و سات نای بەسەر دڵیەوە: چونکو زۆر قۆڕیاتی تێدا دەڵێن! برۆنسکی ورتەورت وتی: بۆ وا بیردەکەنەوە؟ پاشان لاپەڕەکەی کردەوە. پێرسیکۆف وەك باسەکە ڕایکێشابێ هەستا و وتی: چی بووە؟ ئەم

جارەیان چاوی برۆنسکی بریسکایەوە. بەنینۆکی تیژو ورشەداری خۆی پەنجەی بەژێر ئەو مانشێتە زۆر گەورەدا هێنا کە ئەم سەر و ئەوسەری لاپەڕەکەی تەنیبوو: «قڕبوونی مریشکەکانی هەموو کۆمار». پێرسیکۆف بەدەم هەڵدانەوەی چاویلکەکەیەوە تا سەر ئەنیەی، پرسی: چی؟!

٦

# مۆسکۆ لە ژوەنی ساڵی ١٩٢٨

مـۆسکـۆ تـێکـڕا ڕوونـاکـی بـوو، چـراکـان سـەمـایـان بـوو، کز دەبـوون و دادەگیرسانەوە. لە مەیدانی تیاترالنایا، چرای گەشی پاسەکان و ڕووناکایی سەوزی تواماکان دەسووڕانەوە و تێدەپەڕین. لەسەر نهۆمی دەهەم کە لە سەربانی بینای موور و مریلیزی پێشوو دروست کرابوو، ژنێکی ڕەنگامەی کارەبایی هەڵبەز و دابەزی بوو و لە ڕەنگی جۆراوجۆردا ئـــەم وشانـــەی بـــڵاو دەکـــردەوە: وام بـــۆ کـــرێکـــاران «و–ا–م–ب–ۆ–ک–ر–ێ–ک–ا–ر–ا–ن»، پارکە بچووکەکەی بەرامبەر تیاترە گەورەکە، شەوان نوقمی فوارەی ڕەنگامە دەبوو و حەشیمەت کون و قوژبنی دەتەنی و لەسەر تیاتری گەورەدا بڵیندگۆیەك دەیلووراند: واکسەنی مریشك لە ئەنستیتۆی ئاژەڵدەرمانیی لفۆرتۆفسکی ئەنجامی سەرکەوتووی هەبوو. بڕی قڕبوونی مریشکەکان تا ئێستە دوو جار دابەزیوە.

پاشان دەنگەکە گۆڕا. نەعرەتەیەك لەسەر بینا سەوزەکەوە هەستا و

نیشتەوە. بڵیندگۆ بەدەنگی گڕ ناڵاندی:– دانیشتنی نا ئاسایی بۆ بەرگرتن بەتاعوونی پەلەوەران پێکهاتووە و ئەندامەکانی بریتین لە: کۆمیسێری نەتەوەیی تەندروستی، کۆمیسێری نەتەوەیی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی ئاژەڵداری هاوڕێ تیاخا– پاراسووك، پرۆفیسۆر پێرسیکۆف و پێرتۆگالۆفی جانەوەرناس و هاوڕێ ڕابینۆویچ!

بڵیندگۆکە وەك چەقەڵ لووراندی و گریا: هەوڵی تازە بۆ پەلاماری چەکدارانە لە پێوەندیی لەگەڵ تاعوونی پەلەوەردا!

ڕێڕەوەکانی تیاترالنی، نیگلیتی و لووبیانکا بەهێڵی سپی و بەنەوش داگیرسابوو و لە چەندین ڕەنگ دەدرەوشایەوە. دەنگی هۆڕنی وەك زریکە و شەپۆڵی تەپ و تۆز هەوای تەنیبوو. لە بەردەم ڕاگەیاندننامەی قەد دیوارەکاندا کە پرۆژۆکتۆری گەورە بە سوورێکی شەرمهێنەر سووریان کردبوون، ئاپۆرەی حەشیمەت جمەی دەهات:

– خواردنی هێلکە و گۆشتی مریشك بەتەواوی قەدەغەیە.

– ئەوەی لابدات ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە. هەر بازرگان و دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەتیش لەم یاسا لابدات دەست بەسەر سامانەکەیدا دەگیرێ.

– ئەو هاوڵاتیانەی هێلکە یان گۆشتی مریشکیان لایە پێویستە بەزووترین کات بیدەنە دەست پۆلیسی گەڕەگ و ناوچەکان».

لەسەر پەردەی سەربانی «ڕۆژنامەی کرێکار» کۆمایەك هێلکە تا عەرش هەڵدرابۆوە وێنەی لێڵ و لەرزۆکی ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە خەریك بوون کراسینیان دەکرد بەسەریدا. پاشان پەردەکە سوور داگەڕا و کڵپەی ئاگر دەستی بە سەما کرد و چەقە دووکەڵێکی وەك با هەڵی کرد و چون کۆلارە هەڵچوو.

بەدواشیدا دێڕێ ئاگر هات و نووسی: «وێنەی سووتاندنی کەلەشی مریشکەکان لە مەیدانی خادینکا».

پەنجەرەی ویترینیی ڕووناکی ئەو دووکانانەی جگە دوو پشوو بۆ نیوەڕۆ و شێو، تا سێی نیوەشەو کراوەبوون و تابلۆی «هێلکەفرۆشی – بەشەرت»یان لەسەر بوو ئێستا کوێرەوە کرابوون و درگایان گاڵە درابوون. ئۆتۆمبێلی ئارمی «بەشی تەندروستیی مۆسکۆ – فریاکەوتن» بە هەڵەداوان و زریکە، بەپەلە پێش پاسە قورسەکان دەکەوتن و تیژ بەبەردەم هێزەکانی پۆلیسدا تێیاندەتەقاند. ئاپۆرەکە بۆڵەی دەهات: ئەها، کەسێکی تر تا بینەقاقا هێلکەی پیسی تێکردووە!

لەپاڵ هێلی تایبەتی (شەقامی) پێترۆفسکیدا، ڕیستۆرانتی «ئامپیر» کە ناوبانگی هەموو جیهانی گرتبوو، بەگڵۆپی سەوز و پەمەییەوە، بریسکەی دەهات و لەسەر مێزەکان، لەپاڵ تەلەفوونی بگۆڕدا، هەندێ کارتی کارتۆنیی نەخشاو بەپەڵەی لیکوور دانرابوو کە لێیان نووسرابوو: «بەپێی فەرمان، هێلکە و تەماتەمان نییە. سەدەفی خواردەمەنیی تازەمان لایە» لە ئێرمیتاژ، چرای کاغەزیی چینی وەك دنکی مرواری دەدرەوشانەوە و مرۆڤی بیری بووکی شەرمێون دەخستەوە. لەوێ لە سەوزایی کاڵ و کپی شەودا، لە ڕووناکایی شانۆیەکی بە شەوارەخەردا، شرامز و کازمانچیکۆفی گۆرانیبێژ هەندێ گۆرانییان دەگوت کە شاعیرانی تەوسنووس، ئاردۆ و ئارگۆییێف دایاننابوو و بە سەمای چی، هۆڵەکەیان نابوو بەتەوقی سەریانەوە:

«ئای دایە گیان، چ بکەم بێ هێك؟!...»

لەسەر درگای تیاتری «ڤۆسیڤۆلۆد مێرخۆلد»ی ڕەحمەتی (کە ساڵی ١٩٢٧ لە شانۆی «باریس گۆدۆرنۆف»ی پووشکیندا، بوو بەژێر ئەو لۆژانەوە کە تایبەت بوون بۆ ئەو ئەکتەرانەی دەوری بایارینە

ڕووتەکانیان لە شانۆکەدا دەگێڕا)، تابلۆیەکی کارەبایی ڕەنگاوڕەنگی بزۆز هەڵواسرابوو و ناوی شانۆیەکی بەتیشکەکانی دەنواندەوە: «قاتوقڕی مریشك». شانۆنامەکەی «ئێریندۆرگ» نووسیبووی و شاگردەکەی مێرخۆڵدی بەناوبانگ. «کۆخترمان» دەری هێنابوو! لەپاڵیدا، لە سینەمای «ئاکواریۆم» و لە سەوزایی تەختەی شاندان و هەڵڵا و چەپڵەی سەیر کردنی خرۆشاودا فیلمێکی بەڵگەنامەیی بەناوی «منداڵانی مریشك» پێشان دەدرا کە بەڕووناکایی ئەوقکەری ڕیکلام و لەشی نیوە ڕووتی ژنان ئاخنرابوو.

کەری سیرك، چرا بەئەم لاو ئەو لای قەپۆزیانەوە، بەشەقامی تۆرسکایادا دەڕۆشتن و پشتیان ئاگاداریی ڕەنگامەی گەشی لەسەر بوو. لە سالۆنی تیاتری «کۆرش» ڕاگەیەندرابوو کە شانۆنامەی «شانتالکر»ی «ڕۆستان» جارێکی تر دەنوێنرێتەوە. کوڕوکاڵی ڕۆژنامەفرۆش لەنێو قەرەباڵغی ئۆتۆمبێلەکانەوە هەرایان دەکرد:- شتێکی تۆقینەر لە ژێرزەمین! پۆلەندا خۆی بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەر تەیار دەکات! تاقیکردنەوە سامناکەکانی پرۆفیسۆر پێرسیکۆف!

لەو سیرکەدا، کە پێشتر هی «نیکتین» بوو، لەسەر تەختەی قاوەیی چەور و نوقمی بەرامەی شیاکەدا، قەشمەرێکی زەردەڵ بەناوی بۆم بە بیمی بەرگی چوارخان لەبەری دەگوت:

- دەزانم کوێت دێشێ!

- بیم بەقیژە و هاوارەوە پرسی: کوێم

- لە ژێرزەمین هێلکەت شاردبۆوە و پۆلیسی تایبەتی بەشی ١٥ دۆزییەوە. هی هی هی...

پێکەنینێك لە سیرکەکەدا تەقیەوە و خوێن بەهۆی شاگەشکە و خەمی

هاوکاتەوە لە دەمارەکاندا ڕەق هەڵهات! لەژێر گۆمەزە کۆنەکەی سیرکەدا تەنافی تەنافبازان و تەنی گەورەی جاوەتەنە دەشەکانەوە. قەشمەرەکان لەدەنگێکی بەبڕ هەڵڵایان کرد: ئا – پ! و خێرا ئەسپێکی سپی دەرکەوت کە ژنێکی بەرگی کەژی و تەسك لەبەر بەدوو لاقی درێژی چون مەڕمەڕەوە لەسەر پشتی بوو.

***

پێرسیکۆفی بەر ڕەحمەتی ئیلهام کەوتووی سەڵت کە لەپڕ ترۆپکی ناوبانگی بڕیبوو، بێ ئەوەی لووت بەکەسدا بێنێ یان کەس بتوانێ سەرنجی بدزێ و بێ گوێدانە شانلێدان و ئیشارەت و مەکر و بانگی لەسەرەخۆی سۆزانییەکان شەقامی مێخاویای تێپەڕاند و ڕووی لە کاتژمێرە ئاگرینە سوورەکەی نزیك سەیرانگەکە کرد.

لە ڕێگەدا هەڵکەوتن لە پیاوێکی شڕپۆشی سەیر، بەحری خەیاڵاتی تێکدا و پەنجەی بەر بەرگی دارینی دەمانچەی نێوقەدی کابرای تاین کەوت و ئازارێکی زۆری پێگەیی.

پێرسیکۆف ڕاچڵەکی و بەدەنگی بەرز وتی: ئاخ، لەعنەت لە شەیتان! ببەخشن. دەنگێکی ناخۆش وتی: خشاندم! بەم جۆرە، لە ئاپۆرەی تێکتەنراوی حەشیمەتدا لێك جودا بوونەوە. پرۆفیسۆر، ملی ڕێگەی پریچیستینکای گرت و پاش کەمێك ئەو هەڵکەوتنەی لەبیر کرد.

٧

# ڕۆك

مەگەر هەر خودا بزانێ! ئاخۆ ئەو واكسێنانەی لە شاری لیفۆرتن لە مریشكەكان دران زۆر كاریگەر بوون، یان گرووپی پێشگری لە شاری سامارا زۆر باش جووڵانەوە یان لێدانی یاسایی توندی ئەوانەی هێلكە و مریشكیان شاردبۆوە لە شاری كالوگا و وارۆنژ بەجێگەبوو یان كارەكە كاری دانیشتنی نا ئاسایی مۆسكۆ بوو... بەهەرحاڵ، وەك هەمووان دەزانن دوو هەفتەی پاش دیداری پێرسیكۆف و ئالفرێد، هەموو شتێك بەخێر و خۆشی گەڕا.

لە ماڵە گوندییەكاندا تەنیا پەلوپۆی بێگەرد و پاكی مریشكەكان كە دڵی دەكرد بە ئاو مانەوە و، لە نەخۆشخانەكان نەخۆشینی ئەو دوایین كەسە زۆر مشت قونجاوانەی كە نەیانتوانیبوو چاو لە خواردنی هێلكە و مریشكی پیس بپۆشن، بەڕشانەوە و زگچوونی تێكەڵ بەخوێن كۆتایی هات و چاكبوونەوە. بە خۆشییەوە، زیانی مرۆیی لە هەموو كۆمار لە هەزار كەس تێنەپەڕی و ئاژاوەیەكی ئەوتۆش ڕووینەدا.

هەڵبەت لە شاری ڤلاکالاسك، پێغەمبەرێك هات و ڕایگەیاند قات و قڕی مریشکەکان بەهۆی کۆمیسێرەکانەوە، بەڵام کەس بڕوای پێ نەکرد.

لە بازاڕی شاری ڤلاکالاسك خەڵك پەلاماری چەند پۆلیسیان دا کە خەریك بوون بەزۆر مریشکی چەند پیرەژنێکیان لە دەستیان دەردەهێنا و شیشەی ئیدارەی پۆست و تەلەگرافی خۆجێیان شکاند. جێگەی خۆشحاڵییە کاربەدەستانی خۆجێیی زیرەکانە جووڵانەوە و بەهۆی بەرنامەکانی ئەوان هەم پێغەمبەرە وازی هێنا و هەم شیشەکانی ئیدارەی پۆست تێکرانەوە. ئازارەکە تا باکوری شاری ئارخانگسك و گوندی مکینا و سیلکاش ڕۆشت. بەڵام مادام ڕێگە نەبوو پەنگی خواردەوە. چونکو وەك دەزانین و ئاشکرایە زەریای سپی مریشکی لێ نییە. لە وێلادی ویستۆکیش لە لێواری ئۆقیانووسدا وەستایەوە. لە باشووری سۆڤیەت، لە جێگەیەکدا لە هەوای گەرمی ئۆردووبادی جۆلفا و کارابووکدا بزر بوو و لە ڕۆژئاواشدا جۆرێکی زۆر سەیر لە سنووری پۆلەندا و ڕۆمانیادا وەستایەوە کە دیار نییە هۆی کارەکە جیاوازیی ئاو و هەوا بوو یان دەستەوبردی بەجێی وڵاتانی دراوسێ! لە هەر حاڵدا ئەنجامەکە ئەمە بوو کە ئازارە لەم ناوچە نەترازا.

ڕۆژنامەی دەرەوە، بە کەفوکوڵەوە لەسەر ئازاری بێ نموونەی مریشکەکانیان دەیاننووسی و حکوومەتە خۆماڵییەکانی سۆڤیەت، بێ دەنگ و هەرا و هەدادان، خۆیان بۆ بنبڕکردنی ئازارەکە تەرخان کرد. بۆ نموونە، دانیشتنی نا ئاسایی بۆ نەهێشتنی تاعوونی پەلەوەران، ناوی گۆڕی بۆ کۆمەڵی ڕەوتی چاکسازی و گەشەی پیشەسازیی مریشکداری لە کۆمار و لە لێژنەیەکی سی کەسیی تازە و پێویستەوە کە لە شانزە هاوڕێ پێکهاتبوو و شوورایەك بەناوی «مریشکە نموونەکان» لە لایەن هاوڕێیانی بەڕێز – بەرپرسان – کە پێرسیکۆف و پێرتۆگالۆفیشیان

تێدابوو، دامەزرا. ڕۆژنامەکانیش شتی وەك ئەم بابەتانەیان دەنووسی: «کڕینی بێ نموونەی هێلکە لە دەرەوە» و «ئاغای یووز بەنیازە کۆمپانیای هێلکە هەڵبوەشێنێتەوە». وتارێکی گاڵتەیی ڕەخنەگرانەی «کالچین»ی ڕۆژنامەنووسیش دابەزی کە لە هەموو مۆسکۆدا تەقیەوە و بەم جۆرە کۆتایی هاتبوو: «ئاغای یوون، بۆ تەماحت کردۆتە هێلکەکانی ئێمە، خۆ خۆتان هێلکەتان هەیە!»

لە پرۆفیسۆر پێرسیکۆف وەڕەزتر هەر خۆی بوو. سێ هەفتە کاری بەردەوام هەناسەی چنیبوو. ڕووداوەکانی ئەم دواییيە جڵەوی ژیانی خۆیان لێ سەندبوو و قورسایی کارەکەیان دوو هێندە کردبوو. ناچار بوو هەموو دوانیوەڕۆیەك بچێتە کۆبوونەوەی نەخۆشینی پەلەوەران. جارجارەش ناچار ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئالفرێد برۆنسکی یان پیاوە قەڵەوە میکانیکیەکە قسە بکات. جگە لەمانەش دەبوا لەگەڵ پرۆفیسۆر پێرتۆگالۆف و زانستیار ئیوانۆف و بۆرن گارت بۆ دۆزینەوەی باسیلی تاعوون، مریشکەکان هەڵبوەشێنێتەوە و توێ توێی لەشیان لە ژێر میکرۆسکۆپدا سەیر بکات و لە ماوەی سێ ڕۆژدا و بەوتارێکی شپرز بەناوی «سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی.... مریشەکان لەکاتی ئازاری تاعووندا» بنووسێ. پێرسیکۆف لە دڵەوە هیچ حەزی لەم کارانە نەبوو و ئەمەش ئاسایی بوو. لەم ماوەشدا هەموو خەیاڵی لای کارێکی گرنگتر بوو. ئەو شتەی قەیرانی مریشك وای کردبوو ماوەیەك وازی لێ بێنێ:– تیشکی سوور. پێرسیکۆف تەندروستیی خۆی خستبۆوە مەترسییەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زەرد و لاوازتر دەبوو. وازی لە خەو و خۆراکی پێویست هێنابوو. هەندێ جار نەدەچۆوە ماڵ و لە ژووری کارەکەی لەسەر کاناپەیەکی نایلۆنی دەخەوت.

شەوانی بۆ کارکردن بەقوتوەکە و میکرۆسکۆپ تەرخان کردبوو.

کۆتـایـیـیـەکـانـی مـانـگـی ژوویـیـە کـارەکـانـی کـەمـێك سووك بـوون. چالاکییەکانی دانیشتی تا ئاسایی کە ئێستا ناوەکەی گۆڕابوو ئاسایی و سووکتر بۆوە و پێرسیکۆف توانی بگەڕێتەوە لای کارە ناتەواوەکەی.

لامی تازە نرانەوە ژێر میکرۆسکۆپ. لە قوتوەکە و لەژێر تیشکەکەدا، گەرای ماسی و قرپۆق جۆرێکی سەیر گەورە دەبوون. لە گینزبێرگەوە داواکـراوەکـان بـەفـڕۆکـە نێردران و لـە دوا ڕۆژانـی مـانـگـی ژوویـیـەدا میکانیکەکان لەژێر چاوەدێری ئیوانۆفدا دوو قوتووی گەورەیان دروست کرد کە ............ بوو. پێرسیکۆف ڕازی و شاد قۆڵی لێ هەڵماڵی و خۆی بۆ چـەند تـاقـیکردنـەوەی بڕستبڕ و ئـەنجام نـادیـار ئـامـادە کرد. پێش هـەر کارێك بەتەلەفوون لەگەڵ کۆمیسێری نەتەوەیی کولتوور و خوێندنی بالا ڕێکەوت، دەقێکی درێژی سەبارەت بەهاوکاریی دوولایەنە و هەمە لایەن لە تەلەفووندا بۆلاند. پاشان تەلەفوونی بۆ هاوڕێ پتاخا پاراسووکی بەڕێوەپەری بەشی ئاژەڵداری لە کۆمیتەی بالا کرد و سلاوو ڕێزی زۆر گەرمی ئەوی پێڕاگەیاند. باسیشیان لەوە کرد کە هەندێ کەلوپەلی گرنگ بۆ پێرسیکۆف لە دەرەوە داوا بکەن. پتاخا هەر لە تەلەفوونەکەدا پێیگوت کە زووبەزوو پێوەندیی بە بێرلین و نیۆیۆرکەوە دەکات.

لە کرێملینەوە هـەواڵیان پرسی و دەنگێکی بەئەدەب و نەرم پرسی ئاخۆ پێرسیکۆف ئۆتۆمبێلی پێویست نییە؟ پێرسیکۆفیش وتی: نـا، سپاس. تـرامـوام پـێ چـاکـتـرە! هـەمـان دەنـگـە نـەنـاسراوەکـە پـرسی: بـاشە بـۆ؟! پـێکـەنـیـنـێکـی نـەرم پـێکـەنـی. بـەگشتی خـەڵك یـان بـەڕێز و سڵـەوە یـان بـەبزەیـەکـی نـاسکـەوە، چمـا منداڵێکی گەورە بێ، هـەڵسوکەوتیان لەگەڵ پرۆفیسۆر دەکرد. پێرسیکۆف لە وەلامدا وتی: تراموا توندتر دەڕوات. دەنگە زەنگینەکەی نێو تەلەفوونەکە وتی: باشە، با بەدڵی ئێوە بێت.

هـەفـتـەیـەکـی بـەسەردا هـات و پـێرسیـکـۆف کـە لـە بـاس و خـواسی

مـریشكـەكـان دوور دەكـەوتـەوە، بـێ هـەدا بـەتـیشكـەكـەوە خـەریك بـوو. شەونخوونی و ماندوویی زۆر، زەینیان تیژ و ڕۆشن و سووك كردبوو. ئێستا بازنەی سوور دەوری چاویان چۆڵ نەكرد و زۆربەی شەوان لە ئەنستیتۆ دەمایەوە. تەنیا یەك جار بنكەی چۆڵ كرد، ئەویش بۆ لێدوانێك بوو سەبارەت بەتیشكی سوور و كاریگەرییەكانی لەسەر گەراكان لە هۆڵی گـەورەی ئـەنجوومـەنـی نـاوەنـدیـی زیـنـدەوەر نـاسان یـان «تسكوبـا» لـە شەقـامـی پـریـچـیسیـنـكـا. ئـەم دەرفـەتـە بـۆ جـانـەوەرنـاسە سەیـر و سەمەرەكەمان سەركەوتنێكی گەورە بوو. هۆڵی ئەستووندار بەهەڵلا و كڵپەی بەكوڵی چەپڵەڕێزان وا هەڵتەكی پارچەی گەچی گەورە لەسەر میچەوە كەوتە خوار. گڵۆپەكانی سەر میچەكە چزەچز ڕوووناكییان بەسەر فراگی ڕەشی لێژنەی تسكۆبا و بەرگی سپیی ژناندا دەپژاند.

لەسەر مێزێكی شیشەیی لە شووشەیەكدا لەپاڵ تریبوونی سەر سێنی هـۆڵـەكـە، بۆر و تـەڕ، پشیلـە نـا قرپۆقێكی بـەقـەد پشیلـەیـەك سیـخـەسیـخ هەناسەی دەدا. لە هەموو لایەكەوە یادداشت و نووسینیان بۆ هەڵدەدا، حەوتیان ئاشقانە بوون كە دڕاندنی. سەرۆكی تسكوبا بەزۆر هێنایەوە سەر سێن تاكو وەڵامی هەستی خرۆشاوی خەڵكەكە بداتەوە و بۆیان بـنـووشتێتـەوە. پێرسیكۆف بـەبێزەوە چـەند جـارێك دانـەویـەوە – دەستی شەلاڵی ئارەقە بوو و كراواتە ڕەشەكەی لەباتی ژێر چەناگە، بەپشتی گوێی چەپیەوە نووسابوو. لە بەرامبەریدا و لەنێو هالاوی قورسی هەناسە و بـۆقـی چـڕی هـۆڵـەكـەدا، سەدان دەمـوچـاوی زەرد و سینگی سپی لـەژێر فـراگـەكـانـدا دەبـیـنـرا. كـەچی لـەم نـاوەدا لـەپڕ چاوی بـە بـەرگی زەردی دەمانچەیەك كەوت كە خێرا لە پشتی ئەستوونێكدا بزر بوو. پێرسیكۆف گوێی نەدایێ و مێشكی هێند خەریك بوو كە ئەو چركە خزەی زوو لەبیر كـرد. دوای لـێدوانـەكـە، كـاتـێ خـەریك بـوو بـەسەر مـافـووره......... و لـە پلەكانەوە دەهاتە خوار، لەپڕ داگیرسا، هەموو شتێك بە دەوری سەریدا

سوورا و بۆنی سووتانی هەست کرد. هەستی کرد خوێنێکی خەست و گەرم بەگەردنیدا دێتە خوار. بەلەرزەلەرز دەستی بۆ مەعجەرەکان برد... دەنگی نیگەران لە دەوروپشتیەوە دەیانگوت: ولادیمیر ئیپاتیچ، نەخۆشن؟ پێرسیکۆف بەدەم چاکبوونەوەوە وتی: نا، نا، نەختێك ماندووم... بەڵێ... زەحمەت نەبێ پەرداخێك ئاو!...

***

تاوەڕۆژێکی مانگی ئووت بوو و گەرما پرۆفیسۆری شێتبگیر کردبوو. پەردەی نووسینگەکەی دادابۆوە. پرۆژۆکتۆری بگەڕی تازەی ژوورەکەی ڕوون و گەش لە کەرەستە و شیشە جۆراوجۆرەکانی سەر مێزەکەی دەدا. پێرسیکۆف لەسەر کورسیەکی ڕەحەتی پان ببۆوە و لەتاو داهێنران جگەرەی دەخوارد و بەچاوە ئێجگار ماندوو و ڕازییەکانی، لە تویی ئەڵقەئەلقەی دووکەڵی جگەرەوە سەیری درگای نیوە ئاوەڵای قوتوەکەی کرد کە تێیدا رستی سووربـاوی تیشکەکە، هەوای کپ و پیسی دەوروپشتیان گەرم دەکرد و بەهێمنی لەسەر تەختی قوتوەکە ڕاکشابوو. هەمان چرکەش لە درگای ژوورەکە درا. پێرسیکۆف وتی: ئم؟!

درگاکە بەهێواشی جیڕەیەکی هات و پانکرات چما لە بەردەم خواوەند ڕاوەستا بێ، دەستەونەزەر وەستابوو وتی: ئاغای ڕۆك چاوەڕێتان دەکات... جەنابی پرۆفیسۆر! پرۆفیسۆر جۆرێکی دەسکرد بزەی هاتێ. پاشان چاوی تەنگ کردەوە وتی:— زۆر خۆشە، بەلام من سەرقاڵم!

— جەنابی دەڵێ حوکمێکی دەوڵەتیی لە کرێملینەوە پێیە.

پێرسیکۆف وتی: ڕۆك(١) بەحوکمەوە؟ تێکەڵەیەکی دەگمەنە . دەی... کەوابوو، با بێت!...

---

(١) ڕۆك مانای چارەنووس و قەدەرە.— و.ف.

پانکرات وتی: بەچاوان! و وەك ماری ئاوی لە درزی درگاکەوە خزاوون بوو. پاش یەك دەققە جیرەی درگا بەرز بۆوە و کەسێك لە نێویدا دەرکەوت. پێرسیکۆف بێ ئەوەی بگەڕێتەوە لەسەر کورسیەکە جوولا و لەشانی چاویلکەکەیەوە لە کابرای تاین ورد بوەوە.

پێرسیکۆف ئێجگار لە ژیانی ئاسایی دوور کەوتبۆوە. ڕەوتی ئاسایی و بۆن و بەرامەی ئاسایی ژیان، زۆر ڕاینەدەکێشا.

کەچی کابرا هێند زەق و نا ئاسایی بوو کە تەنانەت پرۆفیسۆریش خێرا ئەوقی بوو!.

کابرای تاین جۆرێکی نا ئاسایی کۆنەپەرست بوو. بینینی ئەم کابرا لە شەقامەکانی پێتەخت لە ساڵی ١٩١٩دا تەواو لە جێگەی خۆیدا بوو. ساڵی ١٩٢٤ هێشتا هەر جێگەی قسە لێکردنی هەبوو، هەڵبەت سەرەتاکانی ئەو ساڵە! بەڵام ساڵی ١٩٢٨ ئەم قەڵافەتە تەنانەت برێکیش سەیر دیار دەبوو. لە کاتێکدا نزمترین چینی کرێکاران واتە نانەواکانیش کۆتیان لەبەر دەکرد و لە مۆسکۆ کۆتی ئەرتەشی زۆر کۆن بوو و ساڵی ١٩٢٤ دوای براِبوو، کابرا پاڵتۆیەکی چوار دوگمەی چەرم، پانتۆڵی سەوز، مەچەکبەند، بووتی قۆپچەداری ڕەش و سپیی لەبەر بوو نێوقەدیشی دەمانچەیەکی گەورە و کۆنی «ماوزەر»ی بەرگ سواری پێوە هەڵواسرابوو.

سیمای پیاوەکە هەمان کاری کەسانی دیکەی لە پێرسیکۆفیش کرد – جێهێشتنی هەستێکی ناخۆش. چاوانی وردی کە بەحەیرەت و دڵنیاییەوە دەبڕانە جیهان، جێگەیەکی بەرامبەرەکەی ئازار دەدا. لاقە کورت و سمئاساکانی جۆرێك قرتی و جلفییان تێدابوو و بەشە تاشراوەکەی ڕوومەتی شین دەچۆوە. پێرسیکۆف ناوچاوی گرژ کرد و هێند توند لەسەر کورسیە فەنەردارەکە سووڕا کە بنەکەی دەنگی هات و، بەدەم سەیرکردنی کابرا لەنێو چاویلکەکەوە، وتی: بەڵگەتان پێیە؟ ئادەی! کابرای تاین بەم

هەڵسوکەوتە تاسا. هەڵبەت بۆ شەرمێونی بەهرەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام دیار نەبوو بۆ – وەك لە چاویشیدا دیاربوو – بەم قسە شەرم گرتی. ڕەنگە بەبینینی دیمەنی قەفەزەی گەورەی دوانزە قاتیی تا بینەقاقا ئاخنراو بەکتێب و بینینیی ئەو شووشە بەندانەی مینا جەهەننەم کلّپەی سوور بەسەر شیشەکانیاندا دەخزان و لە دواییدا بینینی پێرسیکۆف خۆی کە لە تاریك و ڕووندا لەپاڵ تیزماڵکی تیژی ئەو تیشکەدا کە لە پرۆژۆکتۆرەکە دەهاتە دەر بە شکۆوە لەسەر کورسی پاڵی دابووە، ئەوق بووبوو. کابرا واق و وڕ سەیری زانستوانەکەی کرد و لەو سەیر کردنەیدا لە درز و کەلێنی بڕوا بەخۆیی کابراوە، سەرسامبوونی بەپرۆفیسۆر دیسان تیشکی دەدایەوە. هیچ بەڵگەیەکی نیشان نەدا و وتی: من ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ڕۆکم.

– دەی، کەچی؟!

کابرا وتی: من کراومەتە سەرۆکی ساوخۆزە نموونەکانی ڕووناکایی سوور.

– ئێ؟!

– ئێستاش هاوڕێ پرۆفیسۆر بۆ ڕاسپاردەیەکی نهێنی هاتوومەتە لای ئێوە.

– خۆشە... بەڵام زەحمەت نەبێ کورت و زوو.

کابرا دوو قۆپچەی سەرەوەی کۆتەکەی ترازاند و حوکمێکی دەرهێنا کە لەسەر کاغەزێکی هەرەباشی ئەستوور چاپ کرابوو و دەستی بۆ لای پرۆفیسۆر ڕاکێشا. پاشان بێ یارمەتی لەسەر کورسیەك دانیشت. پێرسیکۆف بەڕقەوە وتی: مێزەکە مەجوولێنە.

کابرا، بە تۆقاوییەوە سەیری مێزەکەی کرد و لەسەر لێوارەکەی لە

کونێکی شێدار و تاریکدا جووتێك چاوی نیوە گیانی بینی کە وەك زومڕود بریسکەیان دەهات و سەرمایان لێ دەباری.

پێرسیکۆف هەر کاغەزەکەی خوێندەوە، لەسەر کورسیەکەی هەستا و بە پەلە ڕووی لە تەلەفوونەکە کرد. پاش چەند چرکەیەك، خێرا و ئێجگار تووڕە وتی: ببوورن... من تێناگەم.. ئەم کارانە مانای چی؟! من... بێ ڕەزا و ڕاوێژ لەگەڵ من؟!...

مەگەر خوا بزانێ چ گۆبەندێکیان پێ دەگێڕێ!... لێردەا کابرای تاین بەڕەنجاوی و بەکورسیەکەیەوە بەرەو پێرسیکۆف سووڕا و وتی: ببوورن. من سەرۆکی...

بەڵام پێرسیکۆف بەقولاپی پەنجەی داوای لێ کرد بێدەنگ بێ و لە تەلەفوونەکەدا قیژاندی:– ببوورن، من تێناگەم...

بەهەرحاڵ من ...، من ئەو پەڕی ناڕەزایی خۆم ڕادەگەیەنم. من تا خۆم لەسەر هێلکەکان تاقی نەکەمەوە، بەم کارە ڕازی نیم...

دەنگی خشەخش و چرکەچرکی نێو تەلەفوونەکە لە دوورەوەش دەهات. نەرمیی و لەسەرخۆیی دەنگەکە بەئاشکرا دیاربوو. چما دەنگەکەی ئەوبەری هێڵ لەگەڵ منداڵێکی بیانووگر بدوێ و ژیری بکاتەوە. وتووێژ بەسوودی دەنگەکە کۆتایی هات و پێرسیکۆف کە لە ڕقدا سوور هەڵگەڕابوو، تەلەفوونەکەی دانا و بەبۆڵەوە بە دیوارەکەی گوت: منی تێدا نیم! گەڕایەوە لای مێزەکە. کاغەزەکەی هەڵگرت. لەنێو چاویلکەوە جارێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە و جارێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە سەیری کرد و لەپڕ زریکاندی: پانکرات!

پانکرات چما ئەکتەرێك لە ئۆپێراکەی دواکەوتبێ و پلەکەکانی بە پەلە بڕیبێ لە بەر درگاکە سەوز بوو. پێرسیکۆف سەیری کرد و وتی: هیچ... برۆ

پانکرات! پانکراتیش بێ ئەوەی پێی سەیر بێ، ون بوو.

پێرسیکۆف بەرەو کابرا گەڕایەوە و وتی:– گوێ بگرن. من ئەم کارە دەکەم. بەڵام ئیتر منی تێدا نیم. هیچیش حەزم لێی نییە. چیتان پێ خۆشە بیکەن!

پرۆفیسۆر زیاتر لەوەی کابرا بڕەنجێنێ، تووشی سەرسووڕمانی کرد.

کابرا وتی ببوورن... ئێوە هاوڕێن! نین؟!

پرۆفیسۆر بەوەڕەزییەوە شیڕاندی: ئەمە چییە... شتێك نابێ دەست دەکەن بە هاوڕێ هاوڕێ... پاشان بێدەنگ بوو.

لە چاوی ڕۆکدا ئەم وشانەی گوێ لێبوو: ئەها!... ئەوها!

– ببوو... پرۆفیسۆر قسەکەی پێبڕی: باشە... گوێ بگرن! بەسووڕاندنی چاوی دووربینەکە لەم کونەوە ڕستی ڕووناکی بۆ هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە... ئەمەی وت و درگای قوتوەکەی داخست کە لە کامێرای وێنەگری دەچوو.

– دەتوانی بەگەڕاندنی ئەم عەدەسیانە تۆڕی پەرتەوازەی ڕووناکایی کۆبکرێتەوە. بەم شێوە... ئەمە عەدەسیی ژمارە ۱ و ئەمەش ئاوێنەی ژمارە۲.

پێرسیکۆف بۆ ئەوەی کەرەستەکە بەکابرا فێر بکات، تیشکەکەی کوژاندەوە و هەڵی کردەوە و تیشکی گەش و تۆخ کەوتە سەر تەختی قوتوو، کە لە پەمووی نەسووت کرابوو.

پێرسیکۆف بەردەوام بوو: لە بنی قوتوەکەدا، لەبەر تیشکەکە دەتوانی چیت پێ خۆش بوو دایبنێ و تاقی بکەیتەوە. زۆر سانایە، ها؟ ئەمەی بە لاقرتێوە وت، بەڵام پیاوەکە تێنەگەشت و بەچاوی زاقەوە، ورد دەیڕوانی.

پاشان وتی: بەڵام ئاگادار بن دەستتان بەر تیشك نەكەوێت. بەپێی ئـەزمـوونـی مـن، ئـەم تیشكە پێست بـریـنـدار دەكـات كە بـەداخـەوە نـازانم بـریـنـەكـانـی تـەشەنـەكـەرن یـان نـا؟ كـابـرا هــەر ئـەمـەی بیست، كڵاوە چەرمییەكەی لە دەست كەوتە خوارێ و لە ترسانا دەستی لە پشتی خۆیەوە شاردەوە. پـاشان چـاوی بـەدەسـتـی شەلاڵـی تـەنـتـووریـۆد و مـەچـەكـی پێچراوی پرۆفیسۆر كەوت.

– ئای، پرۆفیسۆر، چیتان بەسەر دێت؟

پرۆفیسۆر بە توورەییەوە هەڵیدایێ: دەتوانی لە دووكانی «شواب» لە شەقامی كۆرنتسكی دەسكێشی لاستیكی بكڕی. هیچ لەسەرم نییە هەموو ئەمانە بڵێم.

پاشان چما لەژێر زەڕڕەبیندا سەیری جانەوەرێك بكات، پێ تا تەوقی سەر كابرای سەیر كرد و وتی: لە كوێوە هاتوون؟... بەگشتی... بۆچی ئێوە؟

ڕۆك ئەنجام سەبری لەبەر بڕا:– ببوورن.

– بـاشە مـنـیش دەبـێ بـزانم چ بـاسە!... بـۆچـی ئـێوەیـان بـۆ ئـەم كـارە هەڵبژاردووە؟

– چونكو كارەكە زۆر گرنگە...

– ئەها... ئاوها... زۆر گرنگ؟... پانكرات!

پانكرات دەمەودەست هەڵقوڵی.

– بوەستە... وا بزانم... پانكرات خێرا تێی تەقاند.

پێرسیكۆف وتی: خەریكە سەرم بماسێ. بۆ هێند پەلە دەكەن؟ یان بۆ ئەو كارە هێندە نهێنییە؟

ڕۆك وتی: پرۆفیسۆر ئێوە سەرسامتان کردووم. خۆ دەزانن هەموو مریشکەکان قڕ بوون.

پێرسیکۆف شیراندی: دەی کەچی؟ دەتانەوێ زیندوویان بکەنەوە؟ ئەویش بە تیشکێك کە هێشتا بەتەواوی لێی نەکۆڵراوەتەوە؟!

ڕۆك وتی: هاوڕێ پرۆفیسۆر، بەڕاستی گێژتان کردووم! عەرزم کردی دەبێ بەرهەمهێنانی مریشك لە وڵاتەکەدا زیندوو بکەینەوە، چونکو لە دەرەوە هەموو جۆرە قۆڕیاتێك لەسەرمان دەنووسن... بەڵێ...

– دەی با بنووسین!

ڕۆك بەتانەوە سەیرێکی پرۆفیسۆری کرد و سەری ڕاوەشاند.

– دەمەوێ بزانم بەئەقڵی کێدا هات خێرا هێلکە بکاتە مریشك؟

ڕۆك وتی: ئەقڵی من!

– ئەهانێ... ئاوها... دەی بێ زەجمەت بفەرموو چۆن و لە کوێ زانیتان ئەو تیشکە ئەو کارەی پێدەکرێ.

– من، پرۆفیسۆر... لە لێدوانەکەتاندا بووم.

پرۆفیسۆر لەپڕ بەرگی زەردی دەمانچەکەی بیرهاتەوە.

– من هێشتا هێلکەم تاقی نەکردۆتەوە... تازە دەمویست دەستی تێبدەم!

ڕۆك دڵنیا و گەرم و گوڕ وتی: بڕوا بکەن دەکرێ، تیشکەکەی ئێوە هێند بەهێزە فیلیشی پێ بەرهەم دێت، ئیتر جووجکە هیچ!

پێرسیکۆف وتی: زۆر جێگەی داخە. ئێوە جانەوەرناس نین. نا؟ حەیف... ئەگینا، تویژەرێکی زۆر ئازاتان لێ دەردەچوو... ئەم کارە ریسکێکی گەورەیە ئاغە!... زۆریش بۆی هەیە شکست بێنێ... لەم ناوەدا ئەوە تەنیا

منم کاتەکەم بەفیڕۆ دەچێ.

– ئێمە بە حەتمی قوتوەکەتان بۆ دەگێڕینەوە، باشە ئێستا ڕاتان چییە؟

– کەی؟

– پاش یەك جار.

– ئێوە چەند بە دڵنیاییيەوە قسە دەکەن. چارە نییە، هاواری کرد، پانکرات! ڕۆك وتی: پیاوم لەگەڵە... پێش ئێوارە چەند ئیسکۆرت نووسینگەی پێرسیکۆفیان ڕووت کردەوە... مێزەکان شتاقیان لەسەر نەما. پیاوەکانی ڕۆك سێ شووشەکەیان برد و هەمان قوتوە بچووکەکەی سەرەتایان بۆ بەجێهێشت.

تاریك و ڕوونی ڕۆژێکی مانگی ژووییە، ئەو دەمەی ڕەنگی خۆڵەمێشی باڵی بەسەر ئەنستیتۆدا کێشا و لە کۆریدۆرەکاندا شەپۆلی دا، تەنیا دەنگ، دەنگی یەك وچانی هەنگاوەکانی پرۆفیسۆر بوو. پێرسیکۆف بێئەوەی چراکان داگیرسێنێ. لە ژوورە گەورەکەدا– لە پەنجەرەوە تا درگا – خوار و ژووری دەکرد... ئەم ئێوارە، هەستێکی خەماوی، سەیر و وەسف نەکراو مرۆڤ و حەیوانی ئەنستیتۆی داگرتبوو.

بۆقەکان بێ هۆ کۆنسێرتێکی خەماوییان تێهەڵکردبوو. چما بیانەوێ کەسانی دیکە لە قەومانێکی شووم وریا بکەینەوە. پانکرات ناچار بوو کون و کەلەبەری هەموو کۆریدۆرەکان بۆ ئەو ماراوییە بگەڕێ کە ڕایکردبوو و کە گرتیشی مارەکە جۆرێك سەیری دەکرد چما تەنیا هەر لە دەربازێك دەگەڕێ، جا دەرباز بۆ کوێی دەبات گرنگ نییە.

کە ئاسمان شتاق ڕووناکایی تێدا نەما، زەنگی بانگکردنی ژوورەکەی پێرسیکۆف زرینگایەوە. پانکرات لەبەر درگاکەوە چاوی بەدیمەنێکی سەیر کەوت. زانستوانەکە بەتەنیا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو و وەك

کەسێك منداڵەکانی مردبێ، سەیری مێزە ڕووتەوە کراوەکەی دەکرد. پانکرات تاسا. لە تاریك و ڕووندا لایەکی سیمای پرۆفیسۆری بینی، هەستی کرد چاوی تەڕە، پێی سەیر بوو و بە دڵ پڕیەوە وتی: بەڵێ، بەڵێ... پاشان لە دڵی خۆیدا وتی: خۆزگە لەباتی ئەمە وەك جاران دەتقیژاند بەسەرمدا!

پێرسیکۆف وتیەوە: چاوت لێیە؟ لێویشی وەك منداڵێك کە بێ هۆ یاریە خۆشەویستەکەیان لێ گرتبێتەوە لەرییەوە. پاشان ئاوڕی دایەوە و وتی: دەزانی.

پانکراتی ئازیز؟ هەواڵیان بۆ هێناوم ژنەکەم کە پانزە ساڵ پێش ئێستا لێرە ڕۆشت و لە ئۆپێرایەك دامەزرا، مردووە... چ چارەنووسێکە؟ پانکراتی ئازیز... نامەیان بۆ ناردووم. پاشان ئاماژەی بۆ سەر مێزی کارەکەی کردەوە کە پانکرات پاکەتێکی لەسەر بینیبوو.

ناڵەناڵی بۆقەکان سەمای گرتەبەر و تاریکی سیمای پرۆفیسۆری تێوەدا. لە مۆسکۆ شەو کەوتبوو... لەولاترەوە گڵۆپی سپی پەنجەرەکان یەکەیەکە دادەگیرسان... پانکرات، دەستەوەستان و خەفەتبار، ڕەپ ڕاوەستابوو و نەیدەزانی چی بکات... پرۆفیسۆر بەهێمنی دەستی ڕاشەکاند و بەزجمەتێك وتی: پانکراتی ئازیز، کوڕە باشەکەم، بڕۆ بنوو.

هەموو جێگەیەك شەو بوو. پانکرات بێئەوەی دیار بێت بۆ بەسەر پەنجە دەڕوا، بێ خشپە لە نووسینگەکە دەرکەوت و چووە ژوورەکەی خۆی. لەنێو شڕ و شاتاڵی سووچی ژوورەکەیدا نیوە بوتڵێك ڤۆدکای ڕووسی هەبوو. هەڵی گرت و نزیکی نیوە پەرداخێکی یەکبین هەڵدا. پاروویەك نان و خوێشی کرد بەدوایدا و چاوی کەمێك گەشییان تێ زایەوە.

نیوەشەو، پانکرات لە کاتێکدا بەپێی نیوە ڕووتەوە لە کەوشەنە لێڵەکەدا

لەسەر کورسیەك دانیشتبوو و لەسەر کراسەکەیەوە سینگی دەخوراند، بەئێشکچییە کڵاو لێواردارەکەی گوت: بریا جنێوی پێدابام... خۆزگە دەیکوشتم... خوا ئاگای لێیە.

کڵاو لێواردارەکە بە سەرسوورِمانەوە پرسی: بەرِاست گریا!

پانکرات وتی: ئەریَ بەخوا.

کابرا سەرێکی رِاوەشاند و وتی: بەڵێ... زانای گەورە... دیارە قرپۆق جێگەی ژن ناگرێتەوە!

پانکرات پشتی گرت و وتی: هیچ کات!... پاش تاوێك رِامانیش وتی: بەنیازم ژنەکەم بێنم بۆ ئێرە... بۆ لە گوند دانیشێ و چاوەرِێ بکات. بەڵام پێم وانییە تاقەتی ئەم جانەوەرانەی هەبێ.

کڵاوەکە قسەکەی لێ سەند و وتی: بێگومان.. چی بڵێم؟ بەرِاستی پیسێکی تۆقێنەرە.

ژووری زانستوانەکە قرِوقەپی بوو، نە دەنگ و نە رِووناکاییش، چونکو رِووناکایی لەژێر درگاکەیەوە نەدەبینرا.

٨

# بەسەرهاتی ساوخۆز

لە ناوچەی ئیسمالنسکی و بەگشتی لە هەموو ئەو پارێزگا، مانگ نییە هێندەی ناوەڕاستەکانی مانگی ئووت جوان و خۆش. بەتایبەت هاوینی **١٩٢٨** بەبارانی بەهاری، خۆرەتاوی بەرین و گەرم و بەروبوومی ئێجگار باشەوە، شای هاوینەکانی ئەو ناوچە بوو. سێوەکانی کۆنەمڵکی کۆنتەکانی شێرمتیۆی خەریك بوون پێدەگەشتن. جەنگەڵ شین و گەشترەوە بوون. مەزراکانی چما چوارگۆشەی زەرد لەسەر زەوی ڕاکشابوون. مرۆڤ لە باوەشی سرووشتدا چاکەکانی نێو جەوهەری خۆیان زیاتر ئاشکرا دەکەن. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ لەم سرووشتەدا بەقەد شار دێز و بۆر نەبوو و کۆتە قیزەونەکەشی لەبەر نەبوو. سیمای تاوەسووتی ڕەنگی مسی گرتبوو. تیسکی ڕەشی سینگی لەژێر کراسە چیتە نیوە ترازاوەکەیەوە هاتبووە دەر. پانتۆڵێکی کەتانیی لە پێ بوو و چاوی ئارام و مێهرەبان ببوونەوە. ئالێکساندر سیۆنۆویچ بە شاگەشکەوە لەبەر هەیوانەکەوە کە تابلۆی ساوخۆزی ڕووناکایی سووری لەسەر بوو و لەژێر

ئەستێرەیەکی سووردا بەئەستوونێکەوە هەڵواسرابوو، بەرەو ئەو لۆرییە بچووکە هەڵهات کە سێ شووشەبەندی ڕەش و چەند ئسکۆرتێکی هەڵگرتبوو.

ئەو ڕۆژە یەکسەر تەرخان کرا بۆ دانانی قوتوەکان لەو گوڵخانە گەورەدا کە پێشتر هی شێرمتیۆی بوو.

دەمەو ئێوارە هەموو شتێك تەیار بوو. حوبابیە لێڵە سپییەکە لەژێر بنمیچی شیشەییدا هەڵکرا. قوتوەکان لەسەر خشت دانران و ئەو میکانیکەی لەگەڵ قوتوەکان نێردرابوو، پێچ و بۆرغوە چریسکەدارەکانی دادەبەست و توندی دەکردن.

تیشکی سوور و ڕازاوایی، نەسووتە پەمووی بنی قوتوە ڕەشەکانی داگیرساند. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بەقەد تێوە چووبوو. بۆ سەردانی وایەرەکان بەپلەکاندا سەرکەوت. ڕۆژی دواتر هەمان لۆری لە وێستگە هاتەوە و سێ سیپی هێنا کە لە تەختەی ڕێك و هەرە باش کرابوون. چواردەوری سیپەکان نیشانێکی پێوەبوو کە بەپیتی سپی لەسەر زەمینەی ڕەش لێی نووسرابوو: وۆر سیخت، ئیر (وریابن. هێلکە)... ئالێکساندر سیمۆنۆویچ سەیری هاتێ وتی: بۆ هێند کەمیان ناردووە؟ بێ هەدادان قۆڵی لێ هەڵماڵی و هێلکەکانی گوێستەوە گوڵخانەکان.

ناوی ئامادەبووانی بۆنەی هەڵپچڕینی سیپەکان بەم شێوەیە: ئالێکساندر سیمۆنۆویچ خۆی، ژنە کەتەکەی، باخەوانە لار و گێرەکەی کۆنەمڵکی شێرمتیۆیەکان کە ئێستا کرابووە نیگابانی هەتاهەتایی ساوخۆز و، لەدواییشدا دوونیا کە ئەرکی پاك و خاوێنی لە ئەستۆ بوو. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ لە سیپی دیارییە بەنرخەکان کە ڕووناکایی نەرمی ئێوارە لە بانی شیشەکردی گوڵخانەکەوە لێیان دەپڕژا ورد دەبۆوە و خۆش خۆشیش فەرمانی دەردەکرد.

چەکی نیگابانەکە، جۆرێکی ئاشتیخوازانە، شان بەدرگاکە پشووی دابوو و نیگابان بە گازئاموور، خەریك بوو نەواری ئاسنی و پەرچی سیپەکانی هەڵدەپچڕیٚ. دەنگی زرم و کوت بەرز ببوەوە و تەپ و تۆزی سەر سیپەکان دەرژایەوە سەرعەرزەکە. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ سەندەل لە پیٚ، شڵپەشڵپ بەدەوری سیپەکاندا هەلدەسووڕا و بە نیگابانەکەی دەگوت: تکایە کەمێك هێواشتر، مەگەر هێلکەی خۆت نین؟

سەربازی نیشتمان کە خەریکبوو بە دڕێڵ سیپێکی کون دەکرد مڕاندی: هیچ نییە. ئێستە...

هێلکەکان زۆر باش پێچرابوونەوە. لەپشت درگای سیپەکان، لۆیەك کاغەزی پارافین دانرابوو، لەپشتی ئەویشەوە لۆیەك کاغەزی وشك کەرەوە و دوای ئەویش لۆیەکی ئەستوور لە ئاردەئاسن و دوای هەمووشیان ئاردەداری تیٚ کرابوو. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بەدەم گەڕان بە ئاردە دارەکاندا، بەتاسەوە وتی: پێچانەوەی هەندەرانی... خۆ ئەوان ئێمە نین... مانیا، وریابە نەیانشکێنی.

ژنەکە وەڵامی دایەوە: ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ئەوە شێت بووی، خۆ هێلکەی زێڕ نین؟ ئەڵێی تا ئێستە هێلکەم نەدیوە؟

– ئاك... کە گەورەن!

ئاڵێکساندر سیمۆنۆویچ بەدەم چنینی وردی هێلکەکان لەسەر مێزە دارینەکەدا وتی: هەندەرانین ئیتر. لە هی ئێمە ناچن. بێت و نەبیٚ هی مریشکە براماپۆتران. ئەسڵی ئاڵمان.

نیگابان کە بە تامەزرۆیی و چێژەوە چاوی بڕیبووە هێلکەکانی پشتی قسەکەی گرت و وتی: ڕێك وایە.

ئاڵێکساندر سیمۆنۆویچ بەدەم تێڕامانەوە وتی: بەڵام نازانم بۆ هێندە

پـیسن؟ مـانـیـا ئـاگـات لـێیـان بـێ. بـا ئـەوانـەی دیکـەش دەربـێنن. دەچم تەلەفوونێك دەکەم. پاشان حەوشەکەی بڕی و چووە نووسینگەی ساوخۆز.

دوانـیـوەڕۆ تـەلـەفـوونـی نـووسـیـنـگـەی ئـەنستـیـتـۆی جـانـەوەرنـاسی زریـنـگـایـەوە. پڕۆفـیسۆر پێرسیکۆف چـنگێکی خستـە قژەکـانـی و بـەرەو تەلەفوونەکە چوو.

پرسی: فەرموون؟ دەنگێکی ئارام و ژنانە تێکەڵ بەخشەخش وتی: لە گـونـدەوە قسەتـان لـەگـەڵ دەکـەن. پێرسیکۆف بـەبێزەوە لـە زارکی ڕەشی تەلەفوونەکەدا وتی: دەی، گوێم لێتانە.

شتێك لە تەلەفوونەکەدا تەقەیەکی هات و دەنگی چرکەچرکێك هات و بەدوایدا دەنگی کز و دووری پیاوێك بەدڵەڕاوکەوە هاواری کرد: پڕۆفیسۆر هێلکەکان بشۆینەوە! پێرسیکۆف بە تووڕەیییەوە وتی: مانای چی؟ چی؟ ... چیتان پرسی؟ لە کوێوە قسە دەکەن؟

تەلەفوونەکە وتی: لە نیکۆلسکییەوە، ناوچەی ئیسمالنسك.

– هیچ تێناگەم. هیچ نیکۆلسکییەك ناناسم. کێ قسە دەکات؟

تەلەفوونەکە بەدەنگێکی گڕ وتی: ڕۆك.

– کامە ڕۆك؟ ... ئەها، بەڵێ! جەنابتی؟... چیت پرسی؟

– پێویستە بشۆردرێنەوە؟ لە دەرەوە بڕێك هێلکەیان بۆ ناردووم.

– دەی؟

– زۆر پیسن.

– لەوانەیە هەڵە بکەی. چۆن دەبێ پیس ، چڵکن بن... بەو چڵکنییەی تۆ دەڵێی. ئەرێ، دەکرێ تۆزێك پیسییان پێوە بێ. شیاکەی وشکەوە بوو... یان شتێکی دیکە...

– دەی، نابێ بشۆرێنەوە؟

– دیارە نا... دەتانەوێ بیانکەنە قوتووەکەوە؟

تەلەفوونەکە وتی: بەڵێ.

پێرسیکۆف وتی: ئەها!

– بەهیوای دیدار، دەتانبینم.

تەلەفوونەکە تەقەیەکی هات و بێدەنگ بوو.

پێرسیکۆف بە بێزارییەوە بۆ ئیوانۆفی یاریدەدەر لاسایی ڕۆکی کردەوە: بەهیوای دیدار... دەتانبینم... ڕات لەسەر ئەم کابرایە چییە، پیتر ئیستێپانۆویچ؟

ئیوانۆف پێکەنین گرتی: ئەو بوو؟ وینای دەکەم هێلکەکانی چی هەڵدێنن.

پێرسیکۆف وتی: چ... چ... چ... سەیرکە پیتر ئیستێپانۆویچ... دەی... زۆر خۆشە... لەوانەیە کاریگەریی تیشکەکە لەسەر پرۆتۆپلاسمی هێلکە وەك کاریگەرییەکەی بێ لەسەر پرۆتۆپلاسمی خشۆکەکانی دیکە. زۆر پێدەچێ هێلکە جووچکەکەی لێ بێتە دەر. بەڵام نە ئێوە و نە من ناتوانین ئەوە بەدی بکەین مریشکەکانی چۆن لەکڵ دەردێن... ڕەنگە... شەیتان بە لەعنەت... هەر بەکەڵك نەیەن. ڕەنگە بەرگەی دوو ڕۆژ بگرن. ڕەنگە هەر بۆ خواردن نەشێن، یان کێ دەتوانێ بڵێ هەر دەتوانێ بەپێوە ڕابوەستن؟ ڕەنگە ئێسکیان هێند نەرم بێ... پێرسیکۆف کە تەواو شێتبگیر ببوو، قولاپەکەی لەبەردەم ئیوانۆفدا دەجووڵاند و ئەمانەی دەگرت.

ئیوانۆف پشتڕاستی کردەوە: هەمووی ڕاستە.

پێتر ستێپانۆویچ ئێوە دەتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن جووجکەیان لێ

بەرهەم بێ؟ ڕەنگە ئەم کابرا مریشکێك بەرهەم بێنێ کە نەتوانێ هێلکە بکات. پاشان بەقەد سەگێك گەورەیان بکات و تاقیامەت بەلایانەوە دانیشێ بەڵکو بەر بدەن.

– ئیوانۆف وەڵامی دایەوە: زەمانەت ناکرێ.

پێرسیکۆف کە بەقسەکانی خۆی زیاتر هەڵچووبوو، وتی: ئای لەو سەرەڕۆیییە! لەو زیرەکییە منداڵانە! سەیرکە منیان کردۆتە بەرپرسی فێرکردنی ئەم شۆفارە.

پێرسیکۆف ئاماژەی بەو کاغەزەدا کە ڕۆك هێنابووی و لەسەر مێزی تاقیگەکە بوو:

– ئاخر من ئەم کەرە فێر بکەم؟ ئەویش کاتێ هێشتا هیچ شتێك بۆ خۆم ڕوون نەبۆتەوە.

ئیوانۆف پرسی: نەدەکرا بەقسەی نەکەن؟

پێرسیکۆف لە ڕقدا سوور هەڵگەڕا، کاغەزەکەی هەڵگرت و ڕووی کردە ئیوانۆف. ئیوانۆف خوێندییەوە و وەك گاڵتەیان پێ بکات بزەیەك گرتی و وتی: ئاوها، بەڵێ.

سەیری کە من دوو مانگە چاوەڕێی گەشتنی شتێکم و ناگات و ناگات! کەچی ئەو خێرا هێلکەی بۆ دەنێردرێت و چی بوێ دەیکەن.

– هیچی پێ ناکرێ ولادیمیر ئیپاتیچ، ناچار دەبێ قوتووەکانتان بۆ بهێنێتەوە.

– بەڵکو زووتر بیهێنێتەوە! ئەمانە بەم گێلییەیان تەنیا لێکۆڵینەوەکانی من دوا دەخەن.

– بەڵێ ئەمەش زۆر خراپە. من بەتەواوی خۆم بۆی تەرخان کردووە.

– ئێوە سکافاندرتان وەرگرتووە؟

– بەڵێ، ئەمڕۆ وەرمگرت.

پێرسیکۆف کەمێك ئەهوەن بووەوە و هەڵیدایێ:

– ئەها... لام وایە ئەم کارانە دەکەین: دەبێ درگای ژوورەکە بەتەواوی کپ بکەین و پەنجەرەکان بکەینەوە... ئیوانۆف پشتڕاستی کردەوە:

– حەتمەن

– سێ کاسکی پاراستنمان هەیە؟

–بەڵێ، سیان.

– باشە... ئێوە، من و دەتوانین یەکێك لە خوێندکارەکانیش بانگ بکەین.

کاسکەکەی سێهەمیش بۆ ئەو.

– دەتوانین «گرینمۆت» بانگ بکەین.

– هەر ئەوەیە لە ژێر دەستی ئێوەدا لەسەر سەمەندەرەکان کار دەکات؟... ئهم خراپ نییە... ئەگەرچی... بوەستە.

لە مێشکیدا بۆ بیرەوەرییەك گەڕا و وتی: لە تاقیکردنەوەی تێرمی بەهارەدا نەیدەزانی بونیادی حوبابی شناوەری ماسییەکان شی بکاتەوە.

ئێوانۆف بۆ پشگیریکردنی خوێندکارەکە وتی: نا، خراپ نییە... خوێندکارێکی چالاکە.

پێرسیکۆف بەردەوام بوو: ناچارین شەوێك نەخەوین... تەنیا پێویستە... پێتر ئیستێپانۆویچ... گازەکە تاقی بکەنەوە. چونکو تەنیا خوا دەزانێ ئەم کۆمپانیای «کیمیای بالا» چی دروست کردووە! لەوانەیە شتێکی بێکەڵکیان ناردبێ.

ئـیـوانـۆف دەستـی ڕاوەشانـد و وتـی: نـا، نـا. دوێنـێ تـاقـیـم کـردنـەوە. بەڕاستی گازێکی زۆر باشەو ولادیمیر ئیپاتیچ.

– لەسەر چی تاقیتان کردەوە؟

– لەسەر بۆقی ئاسایی. هەر ئەوەندەی بۆنەکەی بێت بەسەریاندا، خشت دەمرن. بەڵێ، وەکی تر داواکارییەك بۆ گا. پێ. ئۆ. بنووسن و داوای دەمانچەی ئەلکتریکی بکەن.

– من نازانم کاری پێبکەم.

– ئیوانۆف وتی: من دەزانم. لە کلیزما بۆ تاقیکردنەوە تەقەمان پێ کردووە. پیاوێکی گا. پێ. ئۆ دراوسێمان بوو سەیرە. نموونەی نییە. بێ ئـەوەی دەنـگـی بـێت تـەقـە دەکـات و لـە سەد مـەتـریـیـەوە دەکوژێ. ئێمە قالاومان پێ دەکوشت... لام وایە تەنانەت گازیش پێویست نەبێ.

– ئهمم... بیرێکی باشە... دەی باشە.

پێرسیکۆف چووە سووچی ژوورەکە. تەلەفوونی هەڵگرت و نیڕاندی:

– ئەم... ئەها، لووبیانکام بۆ بگرن.

***

ڕۆژەکان گەرمتر دەبوون. لەسەر کێڵگەکان گەرمای گەش و خەست شەپـۆلـی دەدا و شەوگـار، سەوز و سیـحـراوی و شەیـداکـەر بـوو. مـانـگ تریفەتریفی بوو و کۆنەملکی شێرمتیۆیەکانی هێند دلگیر کردبوو زمان لە ئاستی لاڵە. لە پارك، سێبەرەکان دەلەرانەوە و ئەستێرەکان لەبەر تریفەی لاترازی مانگدا دوو ڕەنگ ببوون و لەبەر پەڵەی گەورەی ڕووناکاییدا دەتتوانی بەسانایی ڕۆژناوی «هەواڵ» بخوێنیتەوە. هەڵبەت جگە بەشی شەترەنج کە زۆر ورد چاپکراو بوو. بەڵام دیارە شەوێکی هێند خۆش کەس «هەواڵ» ناخوێنێتەوە.

لە بێشەڵانی پشت ساوخۆزەکە زۆر بەرێکەوت سەر و مێقلی دونیا سەوز بوو و هەر بەرێکەوت ڕێك هەر لەوێ شۆفیرە سمێڵ سوورەکەی ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی ساوخۆزیش لە عەرزەوە شین بوو. ئەوان بۆ لەوێ بوون و چییان دەکرد... خوا دەزانێ!

هەر دووکیان لەژێر سێبەری نادیاری دارەبەنێکدا، لەسەر پاڵتۆی چەرمیی شۆفیرەکە دابەزین...

چرای مەتبەخەکە دەگەڕا و دوو سەوزەکێڵ، شێویان دەکرد.

خانمی ڕۆك، کڵاوێکی سپی لەسەر، لەبەر هەیوانی سەرگیراوی ستووندار دانیشتبوو و بەدەم سەیرکردنی مانگی جوانەوە داڵغە بردبوویەوە. کاتژمێر ١٠ی شەو، کاتێ دەنگەکان لە ڕووناکایی کانتۆفسکادا لە پشتەوەی ساوخۆزەکەوە، کەوتن، لە جێگەیان دەنگی هەست بزوێنی بلوێرێك دیمەنە جوانەکەی، تەواوتر کرد.

کامە زمان دەتوانێ بڵێ ئاوازی بلوێر چەند کۆك و نەرم لەسەر بێشەڵان و ئەستوونەکانی کۆشکی شێرمیتۆی پێشوو سەمایان دەکرد و چەندە لەو دیمەنە دەهاتنەوە. دەتگوت دەنگی ئاسمانیی لیزای ناسك و نوڵی ئۆپێرای «خانمی پیك» لەگەڵ دەنگی پۆلینای مەکرباز لە هەناوی بلوێرەکەدا دەنگ دەداتەوە. دەنگەکان تا تەشق و لای مانگ دەچوون. تارمایی بیرەوەریی سالانی پێش شۆڕش لە ئاسماندا شەقڕنی بوو و چاوی بینەری پڕ دەکرد لە ئاو.

ئاوازی بەسۆزی بلوێر ناڵاندی: کپ دەبن... کپ دەبن.

بێشەڵان بێدەنگ بوون و دوونیا چما پەرییە مەرگاوییەکان، گۆنای سوور و زبر و پیاوانەی شۆفیرەکە هەڵدەسوو و گوێی گرتبوو. شۆفێرەکە بەدەم ئەڵقەکردنی دەستە پان و گەورەکانی لە نێوقەدی دوونیا، وتی ئای

بلوێرژەنەکە ڕێك هەمان سەرۆکی ساوخۆز، ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ڕۆك بوو و بەڕاستی جوانیشی دەژەند. باسەکەش ئەمەیە ئەو سەردەمانێك کارەکەی بلوێرژەندن بوو. تا ساڵی ١٩١٧ لە ئانسامبلی بەناوبانگی مووزیکسازی گەورە «پتۆخوا» کە دوا نیوەڕوان هۆڵی چاوەڕێکردنی سینەمای «خەونە جادووییەکان»ی شاری تاکاترنیاسلاوی پڕ دەکرد، بلوێری دەژەند. بەڵام مەزنە ساڵی ١٩١٧ هەر چۆن پیشەی زۆر کەسی گۆڕی، ژیانی ئالێکساندر سیمۆنۆویچیشی بەئاراستەیەکی دیکەدا برد. وازی لە «خەونە جادووییەکان» و قوماشە ساتەنە پڕ ئەستێرە و تۆزەکەی هۆڵی چاوەڕێکردن هێنا. بلوێرەکەی گۆڕی بۆ دەمانچەی «ماوزەر» و خۆی هەڵدایە دەریای بەپێلی شەڕ و شۆڕش. ئەگەرچی شەپۆلەکان ئەم لانەولانی زۆریان پێ کرد و جارێك بەرەو مۆسکۆ و تاوێك بەرەو تورکستان ڕایانماڵی وتەنانەت تا کەنارەکانی ولادی وێستۆکیش ڕفاندیان، بەڵام ئەو لە هەموو کاتێکدا پشت بە نبووغی خۆی و بەیارمەتی شۆڕش نیشانی دا و سەلماندی کەسێکی گەورەیە و زۆر لەوە بەهرەدارترە لە هۆڵی چاوەڕێکردنی «خەونی جادوویی»دا پیر بێ. بەکورتی پێویستە بڵێین نبووغەکەی کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ و سەرەتای ١٩٢٨ لە تورکستان گەشایەوە. واتە ئەو کاتەی وەك ئێدیتۆری ڕۆژنامەیەکی گەورە و ئەندامی لێژنەی خۆجێیی و باڵای ئابووری، بەو کارە سەیرانەی لە بواری ڕاکێشانی ئاو بۆ ناوچەی تورکستاندا کردی، خۆی بەهەموان سەلماند. ساڵی ١٩٢٨ بۆ پشوویەکی کە بەڕاستی مافی خۆی بوو هاتە مۆسکۆ و لەوێ لێژنەی باڵای ڕێکخستن کە کابرای شڕپۆش بە شانازییەوە کارتی ئەندامێتییەکەی نابووە تەنکەی گیرفانی، لە بەهرەکەی گەشت و پۆستێکی بە بایەخ و بێ گرفتیان پێ دا.

جەخار لە بەختی ڕەشی کۆمار، مێشکی بەکوڵی ئالێکساندر سیمۆنۆویچ دیسان هەدای نەدا. لە مۆسکۆ دۆزینەوەکەی پێرسیکۆفی ناسی و لە میوانخانەی «پارسی سوور» لە شەقامی تۆرسکایا، گەرای ئایدیاکەی واتە: «بووژاندنەوەی یەك مانگەی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی مریشك بەتیشکەکەی پێرسیکۆف» لەدایك بوو!... لە لێژنەی ئاژەڵداری گوێیان لە لێدوانە ئاگراوییەکەی گرت و خێرا پێشنیارەکەیان وەرگرت و... ئەنجام ڕۆك بە توومارێکی درێژەوە بەرەو جانەوەرناسی هەڵکەوتوو گل بۆوە.

***

کۆنسێرت لەسەر ئاوی کوێستانی سەیرانگەکان ڕووی لە کۆتایی بوو کە لەپڕ ڕووداوێك پچڕاندی. لە کانۆفسکا سەگەکان کە دەبوا ئەو کاتە نووسیبێتن لەپڕ دەستیان بە وەڕین کرد. دەنگی وەڕینی سەگەکان بەرەبەرە گۆڕا بۆ لوورەیەکی درێژ و ناخۆش. لەسەر کێڵگەکان زیادی دەکرد و زوو زوو کۆڕاڵی بەهات و هەرای ملیۆنان قرپۆق لە ئەستێرکەکانەوە بۆیان سەندەوە. هەموو ئەمانەش هێند سەیر، چاوەڕێ نەکراو و تۆقێنەر بوو، بۆ چرکەیەك وا دیاربوو شەوێکی جادوویی و ڕازاویی ڕووی لە توانەوەیە. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بلوێرەکەی بڕی و هاتە بەر هەیوان.

– مانیا گوێت لێیە؟ سەگی نەگبەت... بڵێی چی وەها تووڕەی کردوون؟

مانیا ڕوو لە مانگ وتی: جا چووزانین؟

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ پێشنیاری کرد: مانیچکا، با بچین سەرێکی هێلکەکان بدەین.

– ئای خوا بەدەست تۆ و ئەم هێلکە و مریشکانەتەوە... بیر و هۆشت لا

نەماوە. کەمێك پشوو بدە!

– نا، با بڕۆین مانیچکا.

لە گوڵخانە گەورەکە حوبابی گەش دەدرەوشایەوە. دوونیاش بەگۆنای داگیرساو و چاوی گەشەوە هات.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بەپارێزەوە درگای کونترۆڵی قوتوەکەی کردەوە.

هەموویان ملیان بەرەو کونی قوتوەکە لار کردەوە. لەسەر پەمووی نەسووتی سپی، هێلکە بەسەرەوە و ڕێز چنرابوون و لەبەر تیشکەکەدا سوور دەچوونەوە.

نێو قوتوەکان ورتە لێوەی نەدەهات و حوبابەکەی سەری وەك پانزە هەزار مۆم، ئارام چرەچرزی دەکرد. ڕۆك جارێك لە شان، جارێك لە درزەکانی دەزگای کۆنترۆڵ و جارێك لە سەرەوە، لە کونە گەورەکانی دەزگای هەوا گۆڕینەوە سەرەتاتکێی نێو شووشە بەندەکانی دەکرد و بە تامەزرۆییەوە وتی: گیان، زۆر نابا جووجکەکان هەڵدێن... وا نییە؟... جا پێتان دەڵێم!

دوونیا بە شیلە بزەیەکەوە وتی: ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ئاگات لێیە؟ پیاوەکان لە کانۆفسکا دەڵێن تۆ دەجاڵی... هێلکەکانیشت شەیتانین. دەڵێن گوناحە بەمەکینە جووجکە بەرهەم بێنی. دەیانەویست بتکوژن.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ لەرزێکی پێداهات و ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە. ڕەنگی بە ڕەوەوە نەمابوو.

– ئێوە ئەڵێن چی؟ ئای لەم خەڵکە! چییان لێ بکەین؟ ها مانیچکا؟... دەبێ کۆبوونەوەیەکیان پێبکەم. سبەینێ دەڵێم لە گوندەوە کرێکاران بێن و

خۆم قسەیان بۆ دەکەم. لێرە پێویستە ئەم شتانە زیاتر گرنگییان پێبدرێ. چونکو ئێرە ناوچەیەکی بێبەشە.

نیگابان، کە لە گوڵخانە لەسەر شەنیلەکەی دانیشتبوو، وتی: دواکەوتووانە. ڕۆژی دوایی شتی سەیر ڕووی دا. بەیان، بێشەکان ئەمجارەیان بێ چریکەی بێوچانی مەل و باڵندە بەپیری هەتاوەوە چوون. لەپڕ هەمووان زانیبوویان هەموو شتێك نیشانی بەر لە تۆفی پێوەیە. بەڵام هیچ هەورە برووسکەیەك لە ئارادا نەبوو. قسەی بەتوێکڵی گوندنشینان لەگەڵ ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بەردەوام تیژ و بەتانەتر دەبووەوە. بەتایبەتیش ئەو کاتەی هەمووان لە وتەکانی پیرەمێردە بەناوبانگە ژیر و دەم بەهاوارەکەی کانۆفسکاوە زانییان بەرەبەیان پۆل پۆل لە شێرمتیۆوە بەرەو باکور کۆچیان کردووە... کە لای سەرۆك زۆر گێلانە بوو!

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ئێجگار تێکچوو و هەموو ئەو ڕۆژە هەوڵی دا بەتەلەفوون پێوەندیی بە شاری گراچفکاوە بکات. لەوێ بەڵێنیان دایێ تا دوو ڕۆژی تر بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە

«بارودۆخی نێونەتەوەیی» و «چۆنێتیی مریشکە باشەکان» دوو قسەکەر بنێرن.

دوانیوەڕۆش ئارام تێنەپەڕی. ئەگەر واز لە بێدەنگیی بێشەکان و کپیی نێو درەختەکان کە خۆی بەقەد پێویست نا ئاسایی و نیگەرانکەر بوو، یان بزربوونی چۆلەکەکان لە ناوەڕاستی ڕۆژدا بێنین، نەتدەتوانی ئەوە نەبینی کە ئەستێرکەکەی شێرمیتۆیەکان لە نزیکی دوای نوەڕۆدا سرتە چییە لێی نەدەهات. هات و هاواری بەناوبانگی قرپۆقەکان کە لە چل مایلییەوە لە هەموو ئەو ناوچەیە دەبیسترا، ئێستا قوڕ و قەپی کردبوو.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ سامێکی قورس گرتبووی. ئەم ڕووداوانە

هەندێ ورتەورتیان درووست کرد و هەندێ قسەی ناخۆش کەوتنە دواى.

– لەسەر خوانی نیوەڕۆ بەژنەکەت وت: بەڕاستی سەیرە. تێناگەم... بەڕای تۆ باڵندەکان بۆ ڕۆشتن؟

مانیا وتی: جا چووزانین؟ ڕنگە لەبەر تیشکەکەی تۆ!

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ کەوچکەکەی دەستی فرێدا و بەتووڕەییەوە وتی: ئای، مانیا! بەڕاستی گەوجی – وەك گوندیەکان قسە دەکەی. ئەمە چی لەو تیشکە؟

– من نازانم، وازم لێبێنە!

دوانیوەڕۆ، تەکانێکی سێهەمیشی پێ بوو. سەگەکانی کانۆفسکا دیسان دەستیان بە لووراندن کردەوە. ئەویش لوورەی چۆن! دەنگی بێوچان و خەفەتباری سەگەکان بەسەر کێڵگەی تریفەچندا شەپۆلی دەدا و... لە دوایین تەکاندا کە بەپێچەوانەی ئەوانی دیکە خۆش بوو، ئالیکساندر حەقدەستی بەدڵی خۆی وەرگرت و ئارام بوەوە. لە شووشەکاندا هێلکەکان ترووکە تروکیان بوو:

– کرچ... کرچ... کرچ... کرچ... کرچ...

لەمەوە بۆ ئەو و لە ئەویانەوە بۆ ئەمیان دەنگ دەهات... دەنگی ترووکە و کرچە بۆ ئالێکساندر مانای سروودی سەرکەوتن بوو و بەم جۆرە، ڕووداوە سەیر و ناخۆشەکانی بێشە و ئەستێرکەکەی بیرچوونەوە.

هەمووان لە گوڵخانە گەورەکە کۆبوونەوە: مانیا، دوونیا، نیگابان و ئێشکچی کە تفەنگەکەی لابردبوو. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بەفرو و فیزێکەوە پرسی: دەی، ئێستا چی دەڵێن؟ هەمووان بەتاسەوە گوێیان بەدیواری قوتووەکەوە نا. ئەو شاگەشکە هەڵیدایێ: جووچکەکان خەریکە

هێلکەکانیان دەترووکێنن، ئەها بیرتانە دەتانگوت مەحاڵە بێنە دەر؟ (هێند هەڵچووبوو کە چەند جار کێشای بەناوشانی ئێشکچییەکەدا). نا ئازیزان... مریشکی وەهاتان بۆ بەرهەم بێنم سەرتان سوورِ بمێنێ. پاشان بەپێداگرییەوە وتی: زۆر وریا بن. هەر کە هێلکەکانیان ترووکاند بانگم بکەن. نیگابان، دوونیا و ئێشکچییەکە پێکەوە وتیان: باش!...

ترووك... ترووك... ترووك... و هێلکەکانی شووشەی یەکەم جم و جووڵیان تێکەوت.

دیمەنی دەسپێکردنی ژیانێك لە توێکڵێکی ناسکی بریسکەداردا، هێند سەرنجڕاکێش بوو کە سەیرکەران ماوەیەکی درێژ لەسەر سیپی بەتاڵی سەرونخوون دانیشتبوون و سەیری پێگەشتنی هێلکەکانیان دەکرد لەبەر پرشنگی ڕازاویدا.

درەنگانێکیش، کاتێ شەو دەسەڵاتی ساوخۆز و دەوروپشتی گوندی بەدەستەوە گرت، بۆ نووستن بڵاوەیان کرد.

بەڕاستی شەوێکی سامناك و سیحراوی بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوەی لوورەی پچڕپچڕ و بەسۆز و کوڵی سەگەکان لە کانۆسفکا بێدەنگیەکەی دڕەدا. دیاریش نەبوو لوورەی ئەم سەگە نەگبەتانە لەبەر چییە.

بەرەبەیان، ڕووداوێکی ناخۆش چاوەڕێی ئالێکساندر سیمۆنۆویچی دەکرد...

ئێشکچی دەستی شەرمەندەیی نایە سەر دڵی و سوێندی خوارد کە هەموو ئەو شەوە وەنەوز چییە نەچۆتە چاوی، بەڵام هیچیشی نەبینیوە. پاشان چەند جارێك جەختی کردەوە کە هیچ خەتایەکی نییە و هاوڕێ ڕۆك دەبێ بڕوای پێبکات. ئالێکساندر زیاتر تەریقی کردەوە:

– زۆر سپاس!... لە ناخی دڵمەوە سپاست دەکەم هاوڕێ، ئەم قسانە

بەکاری من نایەن.– تۆیان لێرە داناوە؟! بۆئەوەی ئاگات لێیان بێ. دەی هەر تۆش دەبێ بڵێی چییان بەسەر هاتووە، وەك دیارە لە هێلکەش هاتوونەتە دەر؟ کوابوو ڕایان کردووە. ئەمەش مانای ئەوەی جەنابت ئاگات لە درگاکە نەبووە و ڕۆشتووی. ئەم قسانە ناچێ بەمێشکمدا، جووچکەکانم بەرێ!...

ئێشکچی سەبری لەبەر برا و وتی: لە کوێم بوون؟ مەبەستتان ئەوەیە من ئەرکی خۆم نازانم؟ بۆ لە خۆڕا سەرکۆنەم دەکەی هاوڕێ ڕۆك؟

– ئەی چوونەتە کوێ؟

کابرای سپایی هەڵچوو:

– من چووزانم؟... من... بۆچی دانراوم؟... بۆ ئەوەی نەهێڵم قوتوەکان بدزرێن... من ئەرکی خۆم بەجێ هێناوە... ئا ئەمەش قوتووەکان! بەپێی یاسا گرتنی جووچکەکانتان لە ئەستۆی من نییە. کێ چووزانێ چەنیان تررووکاون و ڕوویان لە کوێ کردووە. ڕەنگە بەدووچەرخەش تۆزیان نەشکێنی.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ کە وەها تاسابوو زمانی نەدەگەڕا، لەژێر لچەوە شتێکی وت. بەڕاستی سەیر بوو. ئەو دوو هێلکەی ڕێك لەبەر تیشکەکەدا بوون تررووکابوون و توێکڵی یەکێکیان فڕێدرابووە سووچێك و توێکڵی ئەوی دیکەشیان لەبنی شووشەکەدا لەبەر تیشکدا بەرەڵا کرابوو.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بۆڵاندی: شەیتان بەلەعنەت بی! پەنجەرەیە داخراوە. خۆ لە سەربانیشەوە نەفڕیون. لەم کاتەدا سەری هەڵبڕی و چاوی بەو کونە گەورەی نێو تۆڕی شیشەیی بنمیچی گوڵخانەکە کەوت.

دوونیا بەسەرسوڕماوییەوە وتی: ئالێکساندر سیمۆنۆویچ باشە مەگەر جووچکە دەفڕێ؟ هەر لەم دەوروپشتەن. پاشان تێی هەڵکرد: کش کش...

جاجا... دوو دوو دوو.

کون و کەلەبەری گوڵخانەش گەڕا. تەنانەت پشتەوەی گوڵدانە تۆزاوییەکان و ژێر هەموو کەلوپەل و شڕ و شیتاڵەکانیشی ورد ورد پشکنی. بەڵام هەموو شتێك هەبوو جگە جووچکە.

ڕۆژەکە بەوپەڕی شڵەژاوی و هەڵچوونەوە تێپەڕی. ئێشکگرێکی دیکەشیان دانابوو و ئەمەی دووهەم بوو هەر یەك چارەك جارێك لە پەنجەرەی شووشەکانەوە سەیر بکات و هەر شتێك ڕووی دا خێرا ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ئاگادار بکاتەوە.

ئێشکگرەکە گرژ و مۆن، چەکەکەی لەنێو هەر دوو ڕانی دانابوو و لەپاڵ درگاکە دانیشتبوو. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ سەرقاڵ بوو و تەنانەت سەعاتی دوو فریای نانی نیوەڕۆ کەوت. پاش نان خواردنەکەش عارەقی تایبەتی سۆخۆز واتە کواسی خواردەوە کە لەنانی سووخاری دروستدەکرا و نزیکی سەعاتێك لە سێبەرێکی فێنکدا و لەسەر کاناپە شایانەکەی خاوەن ملّکی پێشوو لێی خەوت. پاشان سەردانی گوڵخانەکەی کرد و دڵنیا بووەوە هەموو شتێك لە جێگەی خۆیدایە. نیگابانە پیرەکە لەسەر زگ ڕاکشابوو و هەموو بیر و هۆشی لای قوتووەکان بوو و مادام چاوی لەیەك خاڵ بڕیبوو خێراخێرا چاوی دەترووکاند. ورد چاوەدێریی دەکرد و لای قوتوەکانی بەرنەدەدا. هەڵبەت شتی تازەش هەبوون. هێلکەکانی قوتووی سێهەم کە دوای هەمووان دانرابوون، و فسەیان دەهات. چما کەسێك تێیاندا دەگریەت. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ وتی: خەریکە دەترووکێن و ڕووی لە نێگابانەکە کرد: بەڕاست خەریکە دێتە دەرەوە، خۆم چاوەڕێ دەکەم بیبینم، گوێت لێیە؟...

نیگابانەکە بە سەر قسەکەی سەلماند و بەدوودڵییەوە وتی: بەڵێ وەها زۆر باشترە. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ کەمێك لای شووشەکان دانیشت.

بەڵام لای ئەو هیچ شتێك هێلکەی نەترووکاند.

ئەنجام هەستا، لاقە سڕەکانی جووڵاند و وتی لەو دوور ناکەوێتەوە؛ تەنیا خۆی لە ئەستێرکەکە هەڵدەکێشێ و دێتەوە و هەرچی ڕووی دا خێرا ئاگاداری بکەنەوە. پاشان بەرەو ژووری نووستنی کۆشکەکە هەڵهات. لە ژوورەکە دوو چرپای باریکی ئاسنی کە نوێنی گلۆکەکراوی لۆچ و پۆچیان لەسەربوو، هەبوو و لە عەردی ژوورەکەش کۆڵێك سێوی کاڵ و کۆمایەك هەرزن بۆ جووچکەکان هەڵدرابۆوە. بەهەر جۆر خاولییەکی دۆزییەوە و پاش تاوێك بیرکردنەوە بلوێرەکەشی هەڵگرت بۆ ئەوەی لای ئاوەکە لە دەرفەتێکدا تێهەڵکات و بەقەڵەمباز لە کۆشك چووە دەرەوە. حەوشەکەی تێپەڕاند و بەشەقامی باخەکەدا ملی ڕێگەی ئەستێرکەکە گرت. ڕۆك کەیفخۆش خاولییەکەی هەڵدەسووڕاند و بلوێر لەبن هەنگڵ ڕێگەی دەبڕی. ئاسمان لەتوێی بییەکانەوە گەرمای هەڵدەڕشت و لەشی تامەزرۆی، داوای ئاوی دەکرد. لە شانی ڕاستیدا گژوگیای پان و پەنجەیی دەشتەکی ڕوابوو و بەدەم ڕۆشتنەوە تفێکی باشی ئاوقەد کردن. ئان و سات لە توێی شیناوەردە چڕەکەوە، دەنگی خشەخشێك چما کەسێك کۆتەدارێك بەسەر عەرزدا ڕابکێشێ هات. ئالێکساندر بۆ ساتێك هەستی کرد لە دڵی دەنەوێن. ملی بەرەو مێرگەکە گەڕاند و تاسا و ڕوانی. دەنگەکە نەما. لەنێو مێرگەکەوە، ئەستێرك و بانی خۆڵەمێشیی ژوورەکانی تایبەت بەخۆگۆڕین دەرکەوت. دوو ڕۆژ بوو ئەستێرکەکە شتاق دەنگی لێوە نەهاتبوو.

چەند پووش بەقوونێك لەبەر چاویدا سەمایان کرد.

کە خەریك بوو بەرەو پردە دارینەکان دادەگەڕا، دەنگی خشەخشی نێو مێرگەکەی بیستەوە و پاش کەمێك، دەنگی لووشەیەکی پچڕپچڕ وەك دەنگی هاتنە دەرەوەی ڕۆن و هەڵم لە لۆکۆمۆتیو بە خشەخشەکە زیاد بوو.

ئالێکساندر سیمۆنۆویچ گوێی هەڵخست و چاوی بڕییە گژوگیاکە.

هەر ئەوکاتە دەنگی ژنەکەی هات: ئالێکساندر سیمۆنۆویچ...! کراسە سپیەکەی دەرکەوت... بزربوو و... سەرلەنوێ لە نێو بنچکە تووتڕکەکانەوە دەرکەوتەوە:

– بوەستە منیش دێم بۆ مەلە.

ژنە بەرەو ئەستێرکەکە هەڵهات. بەڵام ئالێکساندر سیمۆنۆویچ وەڵامی نەدایەوە و هەموو بیروهۆشی لای گیاکان بوو. کۆتەدارێکی بۆر و زەیتوونی لەبەر چاویدا لەنێو گژوگیاکەوە هەستایە سەر پێ! وەك ئالێکساندر سیمۆنۆویچ دەیبینی، قەدی کۆتە دارەکە بەپەڵەی زەرد و تەڕ داپۆشرابوو. کۆتەدارەکە دەستی کرد بەخۆبادان و جووڵان. درێژ بۆوە و وەها خۆی کێشایەوە کە بالای لە بییە لار و گێڕە کورتەکەی ئەو دەوروپشتەش بەرزتر بوەوە. پاشان، سەرەوەی کۆتەرەکە نووشتایەوە، نزیکتر بۆوە و شتێك کە بەرزییەکەی مرۆڤی بیری دارتەلەکانی مۆسکۆ دەخستەوە، لەسەر سەری ئالێکساندر سیمۆنۆویچ ڕاوەستا. هەڵبەت ئەم شتە، سێ ئەوەندە ئەستوورتر و بەهۆی خاڵەکانی قەدی زۆر لە دارتەلەکان جوانتر بوو. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ کە هێشتا تێنەگەشتبوو چ باسە و لە ترسانا سارد ببوەوە، سەیری لووتکەی ئەو کۆمەڵەکە سامناکەی کرد. دڵی بۆ چەند ساتێك وەستا. هەستی کرد بەو هاوینە ڕۆژە لەپڕ سەرما هەڵی کردووە و بەرچاوی چما لە پشتی پانتۆڵێکی ناسکی هاوینەوە سەیری هەتاو بکات، لێڵ بوو. لەو سەرە، لە کۆتایی کۆتەکەدا سەرێك ڕابوو. سەرە، پان و تیژبوو و تەختە زەیتوونییەکەی بە پەڵەیەکی زەرد نەخشابوو. جووتێك چاوی باریك و ساردی بێ پێڵووی پێوە بوو. لە چاوەکاندا ڕقێکی بێنموونە پەنگی دەخواردەوە. سەرە، چۆن جووچکە دەنووك لە هەوا دەدات جووڵا. هەموو کۆڵەکەکە یەکتەکان کەوتەوە نێو

مێرگەکە و، تەنیا جووتێك چاو مایەوە کە بێ ترووکان لە ئالێکساندر سیمۆنۆویچ زاقەوە ببوون. ڕۆك تاسا و ئەنیەی ئارەقەیەکی ساردی لێ نیشت؛ چاوی نێو مێرگەکە ئێجگار سێحراوی بوون. بێ ئەوەی بیر بکاتەوە چوار وشەی بێمانا کە بەرهەمی سامێکی قورس بوون، بەزاریدا هاتن: ئەم گاڵتە مانای چییە؟

پاشان زەینی چەند بریسکەیەکی دا و ڕووناك بۆوە: چاو بەستەکانی... ئەرێ... خۆیەتی... هێند... سەبەتەی تووڵچن و وێنە... جادوو دەکەن... سەرەکە هەستایەوە و قەدەکەی بەدوای خۆیدا هەڵکێشا. ئالێکساندر سیمۆنۆویچ بلوێرەکەی لە لێوی نزیکتر کردەوە و فیکەیەکەی نووساوی ژەند و لەدواییدا بەزەحمەت و هەناسە بڕکێ، دەستی کرد بە ژەندنی واڵسی ئۆپێرای «یووگنی ئۆیگن». چاوی نێو مێرگەکە بەئاشکرا بەرامبەر ئەم ئۆپێرا ڕقیان لێ دەچۆڕایەوە.

دەنگی شادی مانیا هات: ئەوە تێکچووی، ئەم گەرما و بلوێر؟

گۆشەی چاوی ڕاستی ئالێکساندر سیمۆنۆویچ پەڵە سپیەکەی بینی. هەر ئەوەندە و زریکەیەکی سامناك هەموو ساوخۆزەکەی تەنی و بەرز و بەرزتر بۆوە و بەسەر دەشتەکەدا فڕی. ئێستا واڵسەکە بەهەنگەشەلێ سەمای دەکرد.

سەرەکە لەنێو مێرگەکەوە ڕابوو و چاوەکان ئەنجام وازیان لە ئالێکساندر سیمۆنۆویچ هێنا.

بەدرێژایی نزیکی پانزە مەتر و ئەستووریی پیاوێکەوە، وەك فەنەر مارێك لە نێو مێرگەکەوە هەڵبەزی و هەورێك تەپ و تۆزی خستەوە. واڵسەکە کۆتایی هات. بەتەنیشت بەڕێوەبەری ساوخۆزدا بەپەلە بەرەو کراسە سپیەکە خۆی لوول دا. ڕۆك ڕوون چاوی لێبوو ڕەنگی مانیا زەرد و

پاشان سپی هەڵگەڕا و قژی وەك كارەبا گرتبێتی نیو مەتر هەڵچوو. مار بەبەرچاوی ڕۆكەوە دەمی داچڕی و شتێكی وەك شەنی لێ هاتە دەر. پاشان بە ددانەكانی شانی مانیای گرت كە خەریك بوو لە ترسانا لەسەر قوڕو چڵپاو دادەنیشت و مەترێك بەرزی كردەوە. ئینجا مانیا دوا زریكەی توند و زەقی خۆی زریكاندی. مار وەك پێچێكی سێ مەتری لە دەوری مانیا ئاڵا و گووشای و لەولاوە تەكانی كلكی گەردەلوولێكی بەرپا كرد. زریكەی مانیا گۆڕا بۆ دەنگی شكانی ئێسك و پرووسكی. لەو لوولەدا، سەری مانیا كە نەرم بەگۆنای مارەكەوە نووسابوو، زۆرێكی زۆر لە عەرز بڕا. خوێن لە دەمیەوە فیچقەی كرد. دەستی شكاوی مانیا كە لە ژێر نینۆكەكانیەوە خوێن دەچۆڕا مۆڵەق وەستا. مارەكە شەویلكەی تەواو كردەوە و وەك دەسكێش سەری مانیای داپۆشی و بەرەبەرە چووە بەر هەموو لەشی. هالاوی گەرمای مارەكە هێند زۆر بوو تەنانەت بەر گۆنای ڕۆكیش كەوت و زۆری نەمابوو كلكی لە ڕۆك بكەوێ و فڕێی بدات. قژی ڕۆك یەكەم جار لەلای چەپەوە و پاشان لەلای ڕاستەوە سپی بوون. دەنگی زێو وەك چەكمەی خۆڵاوی سەرە ڕەشەكەیان داپۆشی. لەتاو تۆقین ڕشانەوەی دەهات. ئەنجام توانی هەڵكەندرێ و لە كاتێكدا هیچ كەس و هیچ شتێكی نەدەبینی، وەحشییانە بقیژێنێ و تێی تەقێنێت.

٩

# شۆربای زیندوو

ئـاغـای شووکین، نـوێنـەری بـەشی ئـایـدۆلـۆژیك سیـاسیـی دەوڵـەت لـە وێستگەی دۆگینۆ، پیاوێك بوو ئێجگار بەجەرگ و ئازا. قووڵبینانە لە هـاوڕێکەی، پوولاتیسی قژ سوور، ڕاما و وتی: باشە، ڕات چییە؟ بڕۆین؟ ها؟ ماتۆڕەکە پێبکە. دوای ئەوە کەمێك بێدەنگ بوو و ڕووی کردە ئەو پیاوەی لەسەر کورسیەك دانیشتبوو و وتی: بلوێرەکەتان دانێن. بەڵام پیاوەی مووسپی کە لەسەر کورسیی بینای گا. پیَ. ئۆی دۆگینۆ دەلەرزی لەباتی دانانی بلوێرەکە گریا و لووشکاندی. ئەوکاتە بوو کە شووکین و پۆلاتیس زانییان دەبێ خۆیان لێی بستێنن. پەنچەی پیاوەکە لەسەر بـلـوێرەکـە وشك هـەڵاتبوو. شووکین کە بەقەد زنجیردرێکی سیرکەکان بـەهـێز بـوو، یـەکـە یـەکـە قولفی پەنچـەی کـابرای کردەوە و بلوێرەکەی دەرهـێنـا. ئـەم بـەرەبـەیـانـە سامـاڵـە بـەرەبـەیـانـی پـاش مـەرگی مـانیا بوو. شووکین ڕووی لە ئالێکساندر سیمۆنۆویچ کرد و پرسی: دێی لەگەڵمان؟ نیشانمان دەدەی ڕێك لەکوێ بوو؟

بەڵام ڕۆك بەترسەوە كشایەوە و، چما شتێكی تۆقێنەری دیبێ سیمای لە لەپێدا شاردەوە.

پوولایتس كە ڕەنجابوو وتی: پێویستە شوێنەكەمان پێشان بدەیت.

– نا، وازی لێ بێنە. بڕوانە حاڵی چۆنە. ئالێكساندر سیمۆنۆویچ بەدەم گریان و هەنسكەوە پاڕایەوە: بمنێرن بۆ مۆسكۆ.

– ناتانەوێ بگەڕێنەوە ساوخۆز؟

ڕۆك لەباتی وەڵام دەموچاوی داشاردەوە و ترس لە چاویدا پەنگایەوە.

شووكین وتی: زۆر باشە! دەبینم بەڕاستی ناتوانی بێی. كەمێكی تر قەتاری تایبەتی مۆسكۆ ڕێدەكەوێ و تۆش لەگەڵی دەڕۆی.

ئەو كاتەی نیگابانی وێستگەكە خەریكبوو ئاوی بەدەم ئالێكساندر سیمۆنۆویچەوە دەكرد و ددانی ئالێكساندر لەسەر لێواری هەڵپەڕیوی فنجانە شینەكە زرینگەی دەهات، شووكین و پوولایتس بۆ ڕاوێژ كۆبوونەوە. پوولایتس لای وابوو شتی وەها هەر لە ئارادا نەبووە و ڕۆك نەخۆشێكی دەروونییە، تەنیا وەهمێك تۆقاندوویەتی و بەڕای شووكین ئەوە هەمان ماری بوای كانستریكتۆرە كە لە سیركە گەڕۆككەی گراچفكا ڕای كردووە. ڕۆك كە گوێی لە قسە و گومانەكانیان بوو تەكانێكی دا. كەمێك بەخۆیدا هاتەوە و لە كاتێكدا دەستەكانی وەك دەستی پێغەمبەری ئینجیل ڕایەڵ كردبوو، وتی: گوێم لێ گرن... گوێ ملێ گرن... بۆ بڕوا ناكەن؟ ئەو بەڕاستی هەبوو. ئەگەر من تووشی وەهم هاتووم، كوا ژنەكەم؟

شووكین بێدەنگ و جیددی بۆوە و تێلێگرامێكی بۆ گراچفكا نارد و داوای كرد كەسێك تا مۆسكۆ لەگەڵ ئالێكساندر سیمۆنۆویچەوە بڕوات و بەچركە بەجێی نەهێڵێ. خۆی و پۆلایتسیش خۆیان بۆ ئەركێكی دیكە تەیار كرد.

دەمانچەیەکی کارەباییان هەبوو کە بۆ بەرگری ئێجگار باش بوو و پەنجا گوللەی دەخوارد، مۆدێلی ساڵی ٢٧ و شانازیی تەکنیکی فەرەنسا بۆ پێکان لە نزیکەوە.

لە سەد هەنگاوەوە نیشانی دەپێکا و بازنەیەکی بەقەد دوو مەتری دەگرتەوە و لەو بازنە دوومەترییەدا ئەوەی گیانلەبەر بوو بەچرکەیەك ساردی دەکردەوە.

بەدەگمەن گوللەی سەروخوار بکات. شووکین چەکە کارەبایی و بریقەدارەکەی هەڵگرت و پۆلایتسیش موسەلسەلێکی سووکی ئاسایی ٢٥ تیری و ڕیزە گوللە. لە فێنکایی سەرلەبەیانیدا بەسواری ماتۆر بەرەو ساوخۆز لێیان خوڕی.

ماتۆڕەکە بیست مایلی نێوان وێستگە و ساوخۆزی تەقەتەق بەچارەکە سەعاتێك بڕی (ڕۆك هەموو شەوی پێشوو بەم ڕێگەوە ببوو و تۆقاو و تاساو ئەم بنچك بۆ ئەو مێرگ خۆی شاردبۆوە). کە هەتاو گەرم داهات، لەسەر گردێکی تەنیشت ڕووباری تۆپ، کۆشکی ستووندراری شەکەری لە شیناوەردێکی سەوزدا دەرکەوت. کپییەکی مەرگاوی هەموو ئەم ناوەی داگرتبوو. دوو نوێنەرە لە دەسپێکی ساوخۆزەکەدا وەرزێرێك و هەڕڕابەکەیان بەجێهێشت. وەرزێرەکە، کە کاوەخۆ و بێ پەلە دەیئاژوو، زۆر لە چاو ون بوو.

ماتۆڕ لە پردەکە پەڕیەوە. پۆلایتس توند فووی بەبلوێرەکەدا دەکرد بەڵکو کەسێك بێت بەدەمیانەوە. بەڵام جگە سەگە دوور و تووڕەکانی کانۆسفا کەس وەڵامی نەدایەوە. ماتۆڕەکە بەرەبەرە هێواش بۆوە لە بەردەم دەروازەکەدا دوو شێربەردینە ئەم لا و ئەو لایان گرتبوو، ڕاوەستا. نوێنەران بارێك تۆزی ڕێگە لە شان، خێرا دابەزین. گۆرەوییە ئەستوور و درێژ و زەردەکانیان لە دوورەوە زەق دەینواند. ماتۆڕەکەیان قوفڵ و زنجیر

کـرد و چـوونـە حـەوشـەکـەوە. بێدەنگیـەکـە سـەرسـامـی کـردبـوون. شووکین هـاواری کرد: ئەرێ کەسی لێ نییە؟! بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.

دەوری حـەوشـەکـەیـان دایـەوە و تـەنـیـا سـەرسـامـیـیـەکـەیـان زیـادی کـرد. پـۆلایـتس نـێوچـاوی گـرژ کـرد. نـیـگـابـان شووکین لـە کـاتـێکـدا بـڕۆ ڕوونـاکـەکـانـی لـەیـەك نـزیـکـتـر دەبـوونـەوە، جـیـددیـتـر بـوەوە. لـە پـەنـجـەرە ئـاوەڵاکـەوە سـەیرێکی چێشتخانەکەیان کرد.

تەختی ژوورەکە پڕ بوو لە قاپ و قاچاخی شکاو ورد و خاشکراوی سپی. پۆلایتس وتی: ئەزانی چی؟ لام وایە بەڕاست لێرە باسێکە... دەبینم بەڕاست شتێك قەوماوە.

شووکین هـەڵیدایێ: ئۆهـۆی، کەسی لێ نییە؟ ئەهـای... بەڵام تـەنیا دەنگی خۆی بەر گومەزی ژوورەکە کەوت و بۆی گەڕایەوە. شووکین تووڕە و بێزار وتی: شەیتان بە لەعنەت بی! خۆ ناتوانێ هەموویان پێکەوە قووت بدات. ڕەنگە ڕایان کردبێ، با بچینە نێو ماڵەکەوە!

درگای کۆشك بەرەڵڵا بوو و هـەیوانی سـەرگیراوی ستووندار دەبینرا. شتـاق دەنـگـی لـێوە نـەدەهـات. چـوونـە نـهـۆمـی دوویـەمـیش. لـە هـەمـوو دەرگاکانیان دا و کردیانەوە و هـەر هیچ. لە هـەمـان هـەیوانی مەرگاوییەوە گەڕانەوە حەوشەکە.

شووکین وتـی: کـەل و کونی دەگـەڕێین. بـا بـچیـنـە گوڵـخـانـەکـان. هـیـچ بـەجـێ نـاهـێڵین. دوای ئـەوەش دەتـوانین تـەلـەفـوون بکـەین. لـە ڕێگـەی خشتـکـردی تـەنـیشت بـاخـچـەکـەوە چـوونـە حـەوشـەکـەی پشتـەوە. شیشەی ڕوونـاکی گوڵـخـانـەکـە دەرکـەوت. شووکین بـە ئـەسـپـایـی ئـاگـاداریکـردەوە: وریا برۆ! (دەمانچەکەی لەنێوقەدی کردەوە).

پۆلایتس وردتر گوێی هەڵخست و تفەنگە بچووکەکەی لە شان داگرت.

دەنگێکی سەیر و ناخۆشی وەك فیشکەفیشکی لۆکۆمۆتیو لە گوڵخانەکە و ئەو دەور و پشتەدا دەیفیشکاند.

فس– فس... فس– فس... س... س... س...س. گوڵخانە پڕبوو لە دەنگی فیشکەفیشك. شووکین بە سرتە وتی: ئۆهۆی، وریا بە، لەسەر پاژنە و بێدەنگ ڕۆشتن و بەرەو شیشەکان دانەوینەوە. پۆلایتس هەر کە چاوی بەنێو گوڵخانەکە کەوت کشایەوە و ڕەنگی پەڕی. شووکین واقی وڕما و دەستی بەدەمانچەکەوە وشك هەڵات. هەموو گوڵخانەکە وەك شۆربای کرم بوو. ماری زەبەلاح فیشکەفیشك وەك گلۆڵە بەن لێك ئاڵابوون، سەریان دەگەڕاند و لوولیان دەخوارد و لە تەختی گوڵخانەکەدا دەخزان. توێکڵی شکاوی هێلکە لەسەر عەردەکە بوو و لەژێر لەشیاندا قرچەقرچ دەشکا.

لە سەرەوەش گلۆپی ئەلەکتریکی بەو پەڕی توانایەوە ئەم دیمەنەی نوور باران دەکرد و گوڵخانەکە سەرپاکی بە ڕووناکاییەکی خەست داگیرسابوو.

تەختی ژوورەکە سێ قوتووی گەورەی ڕەشی وەك قوتووی وێنەگریی لەسەربوو. دوانیان لارەوە ببوون و کوژابوونەوە و ئەوی سێهەمیان پەڵەیەك ڕووناکیی بچووك و زریشکیی تێدابوو.

ماری درشت و ورد بەسەر تێل و وایەرەکاندا بەرەو شیشەکانی گوڵخانە دەخزان و لە کونەکانی بنمیچی گوڵخانەوە دەچوونە دەر. ڕەش مارێکی خاڵ خاڵی درێژ خۆی بەحوبابە ئەلکتریکییەکەوە هەڵواسیبوو سەری لەپاڵ گلۆپەکەدا وەك پاندۆڵی کاتژمێر جۆلانێی دەکرد. لەو قرمەژنەدا دەنگێکی وەك دەنگی جیك جیکەی منداڵ دەهات و لە گوڵخانەکەدا بۆگەن شەپۆلی دەدا. جگە لەمانە پیاوەکان جۆرێك کە نەیان دەتوانی لێی تێبگەن بڕێك هێلکەی پەرتەوازە و باڵندەیەکی گەورەی لاق درێژیان بینی کە بێ جووڵە لەپاڵ قوتووەکاندا ڕاکشابوو و تەرمی پیاوێکی خۆڵەمێشی

پۆشیان لە تەنیشت تفەنگەکەدا بینی. شووکین وتی: بگەڕێینەوە و دەستی ڕاستی بەدەمانچەکەوە بەرزکردەوە و بەدەم کشانەوەوە توانی نۆ جار تەقە لە دەوروپشتی گوڵخانەکە بکات. فیشکەی مارەکان تا دوایی زیادی کرد و لە وەڵامی تەقەکەی شووکیندا هەموو گوڵخانە کەوتە جم و جووڵێکی سامناك. سەری پان لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە سەرەتاتکێیان بوو. شریخەی گوللەکان هەموو ساوخۆزەکەی تەنی و یاریی ڕووناکایی لەسەر دیوارەکانی کۆشك بەردەوام بوو: تەق... تەق... تەق... تەق.

پۆلاتیس بەدەم کشانەوەوە تەقەی دەکرد. دەنگی خشەخشی سەیری چوارپێیەك لە پشتەوە هات. پۆلایتس لەپڕ زریکاندی و تەختی عەرزەکە بوو.

دەعبایەکی قاوەیی سەوز بەپێی لار و گێڕ، قەپۆزی گەورە و تیژ و کلکی گرنج گرنجی وەك سووسمار و کەچی گەورەتر لە سووسمارەوە، بە پەلە لە سووچی هەمارەکەوە دەرپەڕی و بەیەك تەکان پێی پۆلایتسی قرتاند و دای بەعەرزدا. پۆلایتس زریکاندی: فریام کەوە! هەر ئەم کاتە دەستی چەپی بەقرپەیەك شکا. لە کاتێکدا بێهوودە هەوڵی دەدا دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە، دەمانچەکەی بەسەر عەرزدا کێش کرد. شووکین گەڕایەوە بە پەشۆکاوی پەلی دەکوتا، بێئەوەی بزانێ دەتوانێ چی بۆ هاوڕێکەی بکات. تەنیا ئەوەی لە دەست دەهات تەقە لە دەوروپشتی دەعباکە بکات. چونکو دەترسا گوللەکانی بەر پۆلایتس بکەوێ. گوڵخانەکەی دایەوە بەر دەسڕێژ. چونکو لەوێوە لەنێو لمۆزی مارە بچووکەکانەوە، دەمێکی داپچڕاوی خەنەیی پەلاماری دا. ئەم دەسڕێژە مارە زەبەلاحەکەی پاڵ خست و شووکین سەرلەنوێ بۆ لای پۆلایتسی نیوەگیان گەڕایەوە و بەدوای جێگەیەکدا بتوانێ لێیەوە لە دەعباکە بدات و پۆلایتس ڕزگار بکات، پەلەقاژەی دەکرد.

سەرکەوت. دەمانچەکە شریخەی هاتەوە و ئەو ناوەی بەتیشکی سەوز ڕووناك کردەوە. تیمساحەکە هەڵبەزییەوە و پان بۆوە و سڕ بوو و ناچار وازی لە پۆلایتس هێنا. باڵ و دەمی پۆلایتس شەلاڵی خوێن بوو و لکە اتێکدا شانی دادابووە سەر دەستە نەشکاوەکەی، پێی چەپی کێش کرد، چاوی ڕوو لە کزی بوو. بەدەم هەنسکەوە قیژاندی: شووکین... ڕابکە... خۆت ڕزگار کە. شووکین کە. شووکین چەند جار تەقەی لە گوڵخانەکە کردەوە و چەند شیشەیەك خرمەیان کرد. بەڵام فەننەرێکی زەبەلاحی خەنەیی و نەرم لە پشت شووکینەوە لە پەنچەرەی ژێر زەمینەوە دەرپەڕی و بە لەشی زەبەلاحی هەموو حەوشەکەی تەنی و برِی و لەدەوری پێی شووکین پەپکەی خوارد و کێشی کرد. دەمانچە بریقەدارەکە داکەوت. شووکین زریکاندی و ئان و سات سارد بۆوە. بازنەی ڕەنگاوڕەنگ لە دەوری لەشی ئالاَّ و گەشتە سەری و پێستی سەری داماڵی. سەری شووکین تلەشا.

ساوخۆز چیدی دەنگی تەقەی لێ نە دەهات و فیشکەفیشك و خشەخشی مارەکان هەموو دەنگێکی دیکەی قووت دا. تەنیا لوورەی سەگەکانی کانۆسفکا کە با دەیهێنا دەنگی مارەکانی دەسەندەوە. بەڵام چیدی دیار نەبوو ئەوە لوورەی سەگە یان قیژە و زریکەی مرۆڤ!

## ١٠

# کارەسات

لـە نـووسیـنـگـەی بـێ پشووی ڕۆژنـامـەی هـەواڵ، گـڵـۆپـی زۆر ڕوون داگیـرسابـوون و سەرنـووسەرە قـەڵـەوەکـەی، لـەسەر مـێزێکـی سووربـی، شریتی دووهـەمی تێلێگرامی «یەکیەتی کۆمارەکان»ی دێکدەخست، کە هـەواڵێك سەرنجی ڕاکێشا. بەچاویلکەی پێنسی لێی ورد بۆوە و پاشان دایـە قـاقـای پـێکـەنین. بـانـگـی لـە هـەڵـەبڕ و دازایـنـێرە کـانـیش کرد و هـەواڵەکەی پیشان دان.

لەسەر شریتی باریکی کاغەزەکە ئەم هەواڵە چاپ کرابوو: «گراچفکا، ناوچەی ئیسمالنسك – لە ناوچەکەدا مریشکێك بینراوە بەقەد ئەسپێك گەورە کە وەك ئەسپیش لەقە خستووە. لەباتی کلکیش، چەند پەلێکی بۆرژوایی ژنـانـەی پێوەیـە !... پیـتچـنـەکـان دایـانـە قـاقـای پێکـەنین. سەرنـووسەر بە شەکرە بزەیەکەوە وتی: بیرمە بەگەنجی ئەو کاتەی لە نووسینگەی وانیا ئیسیتین کارم بۆ ڕۆژنامەی «قسەی ڕووسیا» دەکرد، جارێکیان هێند سەرخۆش ببوون کە فیلیان بینیبوو! ئێستا وشترمەلیان بینیوە!

پیتچنەکان لە پێکەنیندا بوورانەوە. دیزاینێرەکە وتی:

بەڵێ: وا دیارە وشترمەلیان بینیوە. ڕاتان چییە؟ چاپی بکەین؟ ئیوان ڤۆنی ڤاتێوویچ؟

سەرنووسەر وەڵامی دایەوە: خۆ شێت نەبوویت؟ پێم سەیرە چۆن سکرتێر مۆڵەتی دەرچوونی پێداوە. ئەمە تەنیا تێلێگرامی کەسێکی سەرخۆشە و براپەوە. پیتچنەکان پشتیان گرت: وا دیارە شاییان بووە و دیزاینێر هەواڵی وشترمەلەکەی لەسەر مێزەکە لابرد. بەمجۆرەش، ڕۆژنامەی هەواڵ وەك هەمیشە، بەکۆمەڵێك هەواڵی خۆش و سەرانجڕاکێشەوە چاپ کرا: بێ ئەوەی وشترمەلەکەی گراچفسکا لە کوولەکەی تەڕدا باسی بکرێ.

ئیوانۆفی یاریدەر کە خوێنەری هەمیشەی هەواڵ بوو، لە نووسنگەکەی ڕۆژنامەکەی داخست، باوێشکێکی دا و وتی: شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە و دەستی دایە ڕووپۆشە سپیەکەی. پاش کەمێك لە ژوورەکەیدا چرا ئەلکولییەکە داگیرسا و قرپۆقەکان دەستیان بە بۆقەبۆق کرد. لە ژوورەکەی پێرسیکۆفیش هەرا و زەنا بەرپا بوو. پانکراتی ترساو دەستەونەزەری وستابوو و دەیگوت: تێگەشتم... تێگەشتم!... بەچاوان!

پێرسیکۆف پاکەتێکی لاك و مۆرکراوی پێدا و وتی: یەکسەر دەچی بۆ بەشی ئاژەڵداری بۆ لای ئەم سەرۆك پتاخا و پێی دەڵێی تۆ تەنیا یەك دانە خووکی پیسی. بڵێ من – پرۆفیسۆر پێرسیکۆف – وام وت و پاکەتەکە بدە دەستی.

پانکرات، بەرەنگی پەرپوەوە لە دڵی خۆیدا وتی: ئای لەو فەرمانە و، پاکەتەکەی هەڵگرت و تێی تەقاند.

پێرسیکۆف ژوورەکەی نابوو بەتەوقی سەریەوە. ئەمسەری دەکرد و بەسەر دەستکێشەوە دەستی پێکدا دەماڵی و دەیجیقاند: هەر خوا لەمانە

دەگات. ئەمە ئەتکێکی گەورەی من و زانستی جانەوەرناسییە! چۆن دەتوانن هەر خێرا لۆری لۆری ئەو هێلکە گەورانە بنێرن، کەچی من دوو مانگە چاوەڕێی داوایەکم دەکەم و هیچیش. چما دەستیان لە ئامریکا بڕاوە و ڕوو لە قرپۆقەکان هاواری کرد: ئاژاوەیە جەنابتان! کەس لە کەسە.

پاشان بە پەنجەکانی ژماردی: دۆزینەوەیان... دەی ئەو پەڕەکەی دە ڕۆژ... با بڵێین پانزە... ئەمەش بیست. ناردنیان... دوو ڕۆژ تا لەندەن... لەندەن تا بێرلین یەك ڕۆژ... لە بێرلینیشەوە تا ئێرە شەش کاتژمێر... چ کەس لەکەسێکە! بە تووڕەیییەوە پەلاماری تەلەفوونەکەی دا تاکو لەگەڵ کەسێك قسە بکات.

حەوشەکەیدا دەزگای پۆلی کۆپیی ڕۆژنامەی هەواڵ هەموو بیناکەی دەلەراندەوە و تەقەتەقی بوو.

نووسینگەی سەرنووسەرەکەی شپرز و ئاڵۆسکاو بوو و خۆی بەچاوی سووری مەییوەوە، ئاڵۆز و دەستەوەستان بەدەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا و جنێوی بە زەمین و زەمان دەدا. دیزاینێر کە بێ گوێدانە جنێوەکان دوای کەوتبوو و لە کاتێکدا هەناسەی بۆنی شەرابی دەدا دەیگوت: با سبەینێ پاشکۆی تایبەت دەربکەین. خۆ ناتوانین ئەم ژمارە لە دەزگاکان بێنینە دەر.

پیتچنەکان نەڕۆشتنەوە و پۆل پۆل و پەرتەوازە پەلەقاژەیان بوو. کۆدەبوونەوە و ئەو تێلێگرافانەیان دەخوێندەوە کە چارەك بەچارەك تۆقێنەرتر دەبوونەوە.

لەژێر ڕووناکایی سوور و ناشیرینی چاپخانەدا، کڵاوە قووچەکەی ئالفرێد برۆنسکی هەڵقوڵی. کابرای کەتەی میکانیکییش خەریکی ملومۆ بوو و جیکەجیکی دەکرد. درگای هاتنە ژوورەوە شەقژنی بوو و هەواڵنێر

ماخۆلانیان گرتبوو. هەر دوانزە تەلەفوونەکەی چاپخانە زرەیان دەهات و تەلەفوونخانە وەك کاروانسەرا یەك لە دوای یەك بەتەلەفوونە بەردەوام و سەیرەکانی دەگوت «کەسی دیکەی لەگەڵە»... «کەسی دیکەی لەگەڵە». بـۆقـی بـەردەم خـانمی خـەواڵـووی تـەلـەفـوونـخـانـە هـەمـوو شەوگـار بۆقەبۆقیان بوو. پیتچنەکان دەوری کابرای کەتەی میکانکییان دا و کاپیتانی دەریا دوورەدەستەکان پێی وتن: ناچارین چەند فڕۆکەیەك بەگازەوە بنێرین.

پیتچنەکان بەیەك دەنگ وتیان: وایە، ڕاستە، دەبێ ئەم دۆخە ڕابگیرێ.

دەلەرییەوە و گەڕکی دەزگای کۆپی بۆقە و هات و هاواریان بوو. چما بینای خۆڵەمێشیی ناقۆڵا ئاگری تێبەربووە.

ڕۆژ هـەڵات و چـرا و چـزیسکـی دامـرکـاو، نـەك هـەر ئـاگـرەکـەیـان نەکوژاندەوە بەڵکو کڵپە و نێڵەکەشیان پتر کرد.

ماتۆڕ بە قیژ و واژ و دووکەڵەوە لە بندەستی ئۆتۆمبێلەکانەوە خۆیان دەکرد بە حەوشەی ڕۆژنامەدا.

مۆسکۆ لەخەودا بوو و پەڕەی سپی ڕۆژنامە وەك باڵندەی کاغەزی لەسەری نیشتنەوە. کاغەز لە ئاسمانەوە دادەباری و بەدەستی هەمووانەوە خشەخشی بوو.

ئەگەرچی لەم مانگەدا ڕۆژنامەکە یەك میلیۆن و نیو تیراژی بوو، بەڵام تەنیا تا یانزەی سەرلەبەیانی خۆی دەگرت و شتاقی نەدەما.

پرۆفیسۆر پێرسیکۆف کە لە ماڵەوە بە پاس هاتبوو، گەشتە ئەنستیتۆ. هەواڵێکی تازە چاوەڕێی دەکرد. لەوی بەدیداری سێ سیپی ڕێکوپێك و جوان کە بەشریتی ئاسنی پێچرابوون شاد بوو.

لەسەر نیشانی ڕەنگیی سپیەکان بەئالمانی شتێك نووسرابوو و لە سەرەوەیان بە زمانی ڕووسی بە گەچ نووسرابوو: وریا بن– هێلکە!

پرۆفیسۆر کە لە خۆشییانا زمانی شکابوو هاواری کرد:

ئاخرەکەی گەیشتن! پانکرات زوو بیانکەوە. وریا بە هێلکەکان نەشکێنی. سپیەکان بێتە ژوورەکەی خۆم.

پانکرات ئەمری بەجێ هێنا و چارەکێك دواتر نووسینگەی پرۆفیسۆر پڕبوو لە ئاردەدار و لەت و کوتی کاغەز.

دەنگی نرکەی پرۆفیسۆر خەریك بوو ناوکی پانکرات بخات.

– پێم ڕادەبوێرن. پاشان بەدەم تەکاندانی مشت و دەستاودەستکردنی هێلکەکانەوە قرووسکاندنی: خووگێکی پیسە ئەم کابرا... نا... پتاخا... ناهێڵم گاڵتەم پێبکەی، ئەمە چییە؟

پانکرات بە خەفەتبارییەوە وتی: هێلکە!

– هێلکە، تێدەگەی... هێلکەی مریشك! گشتیان بەلەعنەت بن، ئەمانە بە کەڵکی من نایەن. بیاندەن بەو سەگبابەی ساوخۆرز!

پێرسیکۆف بۆ لای تەلەفوونەکە هەڵهات. بەڵام دەستی پێی گەشت و نەگەشت... لە ڕێڕەوی ئەنستیتۆدا دەنگی ئیوانۆف هات: ولادیمیر ئیپاتیچ... ولادیمیر ئیپاتیچ.

پێرسیکۆف گەڕایەوە و پانکرات خێرا خۆی لادا تاکو ڕێگە بۆ یاریدەر چۆڵ بکات. ئیوانۆف ڕۆژنامەیەك بەدەستەوە هاتە ژوورەوە و بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی هەمیشە جێنتێڵمەنانەی، کڵاوە خۆڵەمێشییەکەی لەپشت ملی هەڵنەگرت.

هاواری کرد: ولادیمیر ئیپاتیچ ئاگاتان لێیە چی قەوماوە؟ پاشان

ڕۆژنامەکەی بەسەردێڕی «پاشکۆی تایبەت» و وێنەیەکی ڕەنگیی گەورەوە لەبەر چاوی پرۆفیسۆردا شەکاندەوە.

پێرسیکۆف کە دەکرێ بلێین هەر گوێی بەقسەکانی ئەو نەدابوو، لە وەڵامدا شیراندی:

– نا ئێوە سەیر بکەن چ پەندێکیان داوە. دەیانەوێ ئەم هێلکانە تێکم بدەن. ئەم پتاخا کەرێکە بەچوار پێوە. سەیری کە!.

ئیوانۆف بۆ ساتێك تاسا و بە سەرسامییەوە سیپەکانی کرد. پاشان چاوی بڕییە ڕۆژنامەکە و سەیری هێلکەکانی کرد. خەریك بوو چاوی لە کاسە دەرپۆقێ.

بەدەم هەناسە بڕکێوە لە ژێر لچەوە وتی: ئەها... ئێستا تێدەگەم باسەکە چۆنە... نا... ولادیمیر ئیپاتیچ ئێوە گوێ بگرن! خێرا ڕۆژنامەکەی کردەوە و پەنجەی لەرزۆکی خستە سەر وێنەیەکی ڕەنگی. مارێکی زەیتوونی بەپەڵەی زەرد لەسەر پشت، لە ناوکۆییەکی لێڵی سەوزدا، وەك لوولەی پلاستیکیی ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە پەپکەی خواردبوو بەکۆپتەر وێنەی لێ هەڵگیرابوو.

– ولادیمیر ئیپاتیچ بەڕای ئێوە ئەمە چییە؟

پێرسیکۆف چاویلکەکەی خستە سەر ئەنیەی و دووبارە داینایەوە. ورد سەیری کرد و تاسا و وتی:

– شەیتان بەلەعنەت بێ! ئەمە... ئەم ئاناکۆندا، بوایەکی ئاوییە!

ئیوانۆف کڵاوەکەی بێ مەبەست فڕێ دا و بەسەر کورسیەکدا درا. لەگەڵ هەر وشەیەکدا مشتێکی دەکێشا بەمێزەکەدا و گوتی:

ئەم ئاناکۆندا لە ناوچەی ئیسمالنسك بینراوە. سامناکە. تێدەگەن؟... ئەم

ناکەس بەچچە لەباتی مریشك، ماری بەخێو کردووە و ئەوانیش وەك قرپۆق هێلکەیان هەڵڕشتووە.

پێرسیکۆف بەمنجەمنجەوە جیقاندی: چۆن چۆنی؟ و سیمای ڕەش داگیرسا. پاش تاوێك وتی:

– پێتر ستیپانۆویچ بەڕاستتە؟ چووزانی؟

ئیوانۆف تاوێك لاڵ بوو، بەڵام زمانی بەر بوو و بەپەنجە ئاماژەی بۆ ئەو سیپە کرد کە تێیدا سەری سپی لە ئاردەداری زەرددا دەدرەوشانەوە و وتی: ئەمەش بەڵگە!

پێرسیکۆف کە تازە خەریك بوو تێدەگەشت، لووراندی: چ... چی؟

ئیرانۆف توندوتۆڵ مشتی تەکان دا و هاواری کرد: تکایە ئارام بن پرۆفیسۆر! ئەوان بەهەڵە هێلکەی مار و وشترمەلەکانی ئێوەیان ناردووە بۆ ساوخۆز و هێلکەی مریشکەکانیشیان ناردووە بۆ ئێوە.

پێرسیکۆف بەسەرسامییەوە وتییەوە: ئای خوایە گیان – خوایە گیان و... بەسیمای ڕەش داگەڕاوەوە، هێواش هێواش بەسەر کورسیە پێچپیەکەدا بوورایەوە. پانکراتیش کە لە پاڵ درگاکە ڕاوەستابوو ڕەنگی پەڕی، وشك هەڵات و زنج بوو.

ئیوانۆف هەستا، ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و نینۆکی بەژێر دێڕەکاندا هێنا و ڕوو لە پرۆفیسۆر نرکاندی: ئاوها، با بیخۆن، هی شپرزەیی خۆیانە! من هەر بەخەیاڵیش ناتوانم وێنای بکەم چی ڕوودەدات، ولادیمیر ئیپاتیچ گوێ بگرن! پاشان بەدەنگی بەرز دەستی بەخوێندنەوەی دێڕێك کرد:

پۆل پۆل مار کە جۆرێکی سەیر هێلکەیان کردووە، بەرەو مۆژایسك بەڕێوەن. هێلکەیەکی زۆر لەناوچەی «دۆخۆفسك» بینراوە. جگە مار،

بڕێکی زۆر تیمساح و وشترمەلیش بینراون. لێژنەی بەڕێکراوی دەوڵەت و فەرمانبەرانی گا. پیّ. ئۆ، بەئاگردانی جەنگەڵەکانی دەوروپشتی شار جووڵەکەیان ڕاگرتوون و ترس و ئاژاوەی شاری ویازمایان کەم کردۆتەوە».

پێرسیکۆف چەند ڕەنگی گۆڕی و لەسەر سپی ڕایگرت. لە کاتێکدا شێتی لە چاوێدا دەپەنگایەوە، لەسەر کورسیەکە هەستا و ئەگەرچی هەناسەی تەنگ ببوو هاواری کرد: ئاناکۆندا... ئاناکۆندا...ئەژدیها ماری ئاوی... خوایە گیان!... ئیوانۆف و پانکرات هیچکات حاڵی وایان لە پرۆفیسۆر نەدیبوو.

پرۆفیسۆر کراواتەکەی داڕنی. قۆپچەی کراسەکەی دادڕی. چما کتوپڕی کردبیّ سیمای قاوەیی داگەڕا و بەچاوی شیشەیی و لێڵەوە، لەترە لەتر لە ژوورەکە ڕایکردە دەرەوە. دەنگی شەپۆڕان لەژێر گومەزی قورسی ئەنستیتۆدا بەرزبۆوە و دەنگی دایەوە: ئاناکۆندا... ئاناکۆندا.

ئێوانۆف بەگوێی پانکراتدا کە ئێستە لە ترسانا وەك بووکی دەستی لۆتی کەوتبووە هەلەکەسەما شریخاندی: بیگرە... ئاوی فریا بخە... سەکتەی کردووە!

## ١١

# خەبات و مەرگ

گەش و شێتە شەوێك باڵی بەسەر مۆسكۆدا كێشابوو. چی چرابوو پێبوون و ماڵ نەبوو ڕووناكییەكی تێدا نەگرێ. لە مەزنە مۆسكۆی چوار میلیۆن كەسیدا، جگە منداڵانی بێ خەم و خەبەر، خەو نەچووە چاوی كەس. خەڵك بەهەرچی دەستیان كەوتبوو شێویان كرد. لە ئاپارتمانەكانی هەموو لایەكەوە دەنگی شین و هاوار شەوی دەڕدەدا و بێ هەدادان سیمای هەراسان و لارووێر لە پەنجەرەكانەوە ملیان دەكێشا و چاویان لە ئاسمان دەبڕی كە بەڕووناكایی یەكبڕی پرۆژۆكتۆرەكان مینای ڕۆژ داگیرسابوو.

ڕووناكایی سپی و دەنگ هەڵبزركاو، قووچ لە ئاسمانەوە بەر عەرد دەكەوتن و دەگەڕان. هەراوزەنای یەكوچانی فڕۆكەكان مەندیی ئاسمانی شەڵقاندبوو. بەڵام هیچ كوێ وەك شەقامی «تۆرسكایا – یامسكایا» تێكنەچووبوو. واگۆنی باریی پلە یەك، پلە دوو تەنانەت تانكێریش شپرز و ناقۆڵا پێكەوە بەسترابوون و دە خولەك جارێك دەوەستان و كۆمەڵێكی تێكتەنراو و تاساویان هەڵدەڕێژایە عەردی وێستگەی ئالێكساندرۆفسكی.

لـە شەقـامـی تـۆرسکـایـا – یـامسکـایـا مـەحشەرێك بـەرپـابـوو. دەرزی نـەدەوکـەوتـە عـەرز. لـە پـاسدا خـەڵك تـەنـگیـان بـەیـەك هـەڵدەچنی، لـە تراموا‌کاندا یەکیان پاڵدەنا و دادەکەوتن و گەڕکی تراما لوولی دەدان.

لە وێستگەی قەتار، گوللە بەسەر حەشاماتدا شریخەی دەهات و ئەمەش یەکێك بوو لە چالاکییە گەورەکانی ئاسایش بۆ هێمنکردنەوەی ترسی خەڵك و ڕاگرتنی هێرشی وەحشییانەیان بۆ ڕەیلەکانی هێڵی ئیسمالنسك – مـۆسکـۆ. شیشەکـانـی وێستـگـە بـەردەوام بـە شڵـپـەیـەکـی ئـەستـەمـەوە دەردەپەڕین و لۆکۆمۆتیوەکان بەهەموو هێزێکیانەوە فیکەیان دەکێشا. تـەختـی شەقـامـەکـان بـەو پـلاکـاردە پێشێلکراوانـە تـەنرابـوو کە لـەسەر دیوارەکانیش لەبەر ڕووناکایی سوور و گەشی پرۆژۆکتۆرەکاندا خۆیان دەنواند. پلاکاردەکان دۆخی نائاساییان لە مۆسکۆ ڕاگەیاندبوو و ترس و سەرشێتییان بەتەواوی قەدەغە کردبوو. ڕاشیانگەیاندبوو کە هەندێ یـەکـەی «ئـەرتـەشی سوور» پـڕچـەك بـە گـاز بـەرەو نـاوچـەی ئیسمـالنسك بەڕێوەن. هەمووان ئەمانەیان دەزانی و کەس نەیدەخوێندنەوە. هیچ، نە پلاکارد و نە شریخەی یەك لە دوای یەکی تفەنگەکانی ئەو شەوە تۆقاو و پـڕ لـوورەیـان پـێ کـەوی نـەکرا. لـە ئـاپـارتمانـەکـان قـاپ و گوڵدان لە دەستـەکـان بـەردەبـوونـەوە و دەشکـان. مـرۆڤ لـە شتـەکـان دەکـەوتـن و سەرەونخوونیان دەکردنەوە. بەرەو ئەملاو ئەولا هەڵدەهاتن و بوخچە و جـانـتـایـان دەپـێـچـایـەوە و دەکردەوە. هـەنـاسە سارد بـەرەو گۆڕەپـانـی کـالانـچۆسکـایـا هـەڵدەهـاتـن بـەڵکو فریـای قـەتـاری یـاراسلـۆفسکـی یـان نیکۆلایۆفسکی بکەون. جەخار هەموو وێستگە و هێڵێکی بەرەو باکور و ڕۆژهـەڵات، چڕ بەسەرباز پەرژین کرابوو و لۆریی گەورە زرەی زنجیریان دەهـات و تـا بـیـنـەقـاقـا سندووقـیـان لـەسەر هـەڵـچـنـرابـوو و لـەسەر سندووقەکانیش ئەرتەشیەکان بە کاسکێتی نووك تیژەوە دانیشتبوون و تفەنگە نێزەدارەکانیان ڕوو کردبووە دەور و پشتیان و زەخیرەی پارەو

شمشی زێڕ و هەندێ سندووقیان ڕادەگواست کە لەسەریان نووسرابوو «وریابن – گالێریی ترێیا کۆفسکایا». ئۆتۆمبێلەکان لە هەموو شەقامەکاندا پەلەپەل گرمەیان دەهات.

دووره دەست، بە ئاسۆ، کڵپەی سووتان نێڵەنێڵی بوو و گرمەی بەردەوام و وەك هەوره شریخەی تۆپ، تاریکایی چڕی مانگی ئووتی دەشڵەژاند.

لە مۆسکۆی بێخەو، تا بەیان چی چرابوو گڕا و بەیان ئەژدیهای زەبەلاحی ئەرتەشی سواره بەزرمەی پتەو و قورسی سمیەوە، هەموو کەس و هەموو شتێك و تەنانەت ئەوانەش کە بەدرگا و ویترینەکانەوە نووسابوون و بە پاڵەپەستۆ شیشەکانیان شکاندبوو، گەسك دەدا و ڕایدەماڵی. کڵاوی شۆڕ بەسەرشانی خۆڵەمێشییەوە هەڵواسرابوون و سەری تیژی ڕمەکان ئاسمانیان هەڵدڕیبوو. خەڵك، کە شێتانەو دەستەوەستان ماخۆلانیان گرتبوو و هەڵدەهاتن، کە چاویان بەم حەشیمەتدا دەیکێڵا و دەچووه پێش، گیانێکی تازەی بەبەردا دەهاتەوه و لە شۆستەکاندا بەهیوایەکی تازەوە لوورەیەکی نوێی تێ هەڵکرد. لەنێو دەنگەکانیشدا ڕەنگی زیقی ژنان ئاشکرا دیاربوو کە دەیانزریکاند: «بژی ئەرتەشی سواره»!

پیاوانیش بۆیان دەسەندەوە: «بژی»!

لە جێگەیەکەوە جیقاندیان: تلیقامەوە... ئای ی ی... کوڕه تلیقامەوه! لە شۆستەوە هاواریان کرد: ئای... فریام...!

پاکەتە جگەره، سکەی زێو و سەعاتی دەست لە شۆستەکانەوە بەسەر سوارەکاندا بارین.

ژنان زۆر ئازایانە بازیان دەدایە سەرشەقام و چاونەترسانە بەرەو ئەسپەکان دەچوون و ڕکێفەکانیان ماچ دەکرد.

تەقەتەقی سمی ئەسپەکان بەدەگمەن ڕێگەی بەدەنگی سەرپەلەکان دەدا کە هاواریان دەکرد: ئازاد! لە سووچێکدا بێخەمێك گۆرانی دەگوت. دەموچاوی ژێر کڵاوە لێوار هەڵگەڕاوە زریشکیەکان لەژێر ڕووناکایی لەرزانی ڕێکلامەکاندا ڕاست و چەپیان دەکرد.

کۆمەڵێك سواری دیکە بە ماسکی سەیر و سەمەرەی لوولەدار و کەپسوول لەکۆڵ شەتەکدراو دەرکەوتن. بەدووشیاندا تانکێری زەبەلاح بەبۆریی ئەستوور و درێژی لاستیکیی وەك لوولەی ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوەوە ڕیزیان بەستبوو و دوای ئەوانیش دەبابەی قورس بەدەلاقەی بچووکەوە، سەنگەرشیان دەفلیقاندەوە و بەزنجیرەکانیان چنگیان گیر دەکرد و دەکشان.

ڕیزی سوارە کۆتایی هات و، ڕیزی دوایی ئەو ئۆتۆمبیلانە بوون کە بە زرێ تاو درابوون و بۆریی وەك ئەوانی دیکەیان لێوە هاتبووە دەر لە هەر دوولایان نووسرابوو: «گاز – کیمیایی – ئالی»و لە پاڵیاندا نیشانی کاسەسەر و ئێسکی یەکبڕی سپی (مانای مەترسیی مەرگ) کێشرابوو.

لە شۆستەوە هاواریان دەکرد: برایان، فریامان کەون! ئەو دەعبایانە بکوژن! گیانی ئێوە و گیانی مۆسکۆ! جارجارەش لەنێو ئاپۆرەکەوە جنێویان پێدەدرا: دایك سەگ!

پاکەتە جگەرەکە لەبەر ڕووناکایی پرۆژۆکتۆر و چراکاندا هەڵدەبەزینەوە و چنگی سوارەکان پڕیان دەدانێ و ددانی سپیی خۆیان بۆ سپاس پیشانی ئەو پەرێشانە دەدا.

ئاوازێکی کز و کپ لەنێو ئاپۆرەکەوە هات، کاری لەدڵان کرد و بەرەبەرە گۆڕا بۆ درۆشمێکی پۆڵایین و هەمەگیر:

«نە بیبییە نە شا نە ئاس

حوکمـان ئەوەتا بـە دەس

کوشتنی مـاران سانایە

سەربـازی مە یەك دونیـایە!»

لـەپـڕ دەنگی «هـوورا» لـەنێو حـەشیمـەتـەکەوە ئـاسمـانـی دڕدا. چـونکو دەنـگـۆی ئـەوە داکـەوت لـە پێشەوەی ریزی سوارەکـاندا یـەکێك لـەو کڵاو زریشکیانە فەرمـاندەیەکی پیر و سەر و ڕیش سپییە کە دە ساڵ پێشتر حەمـاسەی خولقـاندووە. بـانگی هوورا.

هوورای تێکەڵ بە کەنین و فرمێسك، دڵە نیگەرانەکانی تۆزێك ئارام دەکردەوە و ڕووی لە ئـاسمـان کرد.

***

ڕووناکییەکی کز لە ئەنستیتۆ دەگڕا. ڕووداوەکانی دەرەوە تەنیا وەك هـەنـدێ دەنـگـدانـەوەی لـێڵ و کـپ دەگـەشتـە ئـەوێ. مـەگـەر دەنـگـی ئـەو دەسڕێژەی لـەژێر کـاتـژمـێرە سوورەکـەی پـاڵ سەیـرانـگـەکـەدا ئـەو تالانچییانەی پێ تیرەباران کرا کە پەلاماری پارتمانێکی والخۆنکایان دابوو. ئێستە هـاتوچووی ئۆتۆمبێلەکان تەنك ببوو و کۆی هـاتوچووەکان گـوێزرابـۆوە وێستگـەی قـەتـار. لـە ژوورەکـەی پێرسیکۆف چرایەکی کز دەسووتـا و پرۆفیسۆر سەری نابووە سەر دەستی و قڕوقەپ دانیشتبوو.

دووکەڵ، چین چین لە دەوریدا هەلەکەسەمای بوو و هەڵدەکشا. تیشك لە قوتوەکەدا کوژابۆوە و قرپۆقەکان نووستبوون. پرۆفیسۆر بەپێچەوانەی هـەمـوو کـات نـە هـیچی کرد و نـە خوێندیـەوە. لـەژێر ئـەنیشکی چـەپیدا ڕۆژنامەی لۆچی دوانیوەڕۆ بوو کە لێی نووسرابوو: ئیسمالنسك تەواو سووتا و تۆپخانە جگە تەفروتووناکردنی کانی هێلکەی تمساحەکان لە چاڵە شێدارەکاندا، جەنگەڵی مۆژایسکیشی یەکسەر تۆپباران کرد.

وەکی تر، چەند فڕۆکە لە چالاکییەکەی سەرکەوتووانەدا گازیان بەسەر هەموو ناوچەی ویازمادا کرد، کە بەداخەوە بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچە ئاگاداری ئەو بەرنامە نەبوون و لە کۆمەڵی پەرتەوازەدا ڕایانکردبوو، قوربانییان لەو ناوچە زۆر بووە. ڕۆژنامەکە نووسیبووشی لەشکری سوارەی قەفقاز توانیبووی بەسەر مێگەلی وشترمەلەکاندا سەرکەوێ و تەفروتوونایان بکات و هێلکەکانیان بشکێنێ. لەم چالاکییەدا لەشکرەکە زیانێکی کەمی بەرکەوتووە. بەپێی ڕاگەیاندنی بەرپرسانی دەوڵەتی، ئەگەر هێرشی خشۆکەکان لە دوو سەد کیلۆ مەتریی پێتەخت بترازێ، فەرمانی چۆڵکردنی مۆسکۆ دەدرێ. کارمەندان و کرێکاران دەبێ لەسەرخۆ و ئارام بن، ئەگینا دەوڵەت بەتوندی دەست بەکار دەبێ بۆ ئەوەی بەسەرهاتەکەی ئیسمالنسك کە بووە هۆی هێرشی لەپڕی چەندین هەزار ماری زەبەلاح و ئاگر کەوتنەوە بەهۆی ڕاکردنی بەکۆمەڵ و بەجێهێشتنی سۆبەی هەڵکراوەوە. دووپات نەبێتەوە.

وەکی تر، ڕاگەیەندرابوو کە لانی کەم بەشی نیو ساڵی مۆسکۆ کەلوپەل پاشکەوت کراوەو لە دواییشدا ڕاگەیەندرابوو فەرماندەیی گشتی دەستی داوەتە هەندێ چالاکیی خێرا بۆ ئامادەکردنی ماڵەکانی پێتەخت بۆ ئەوەی ئەگەر ئەرتەشی سوور وو فڕۆکەکان  نەیانتوانی بەر بە مارەکان بگرن، لە ماڵەکانەوە لێیان بدرێ.

پرۆفیسۆر هیچکام لەم هەواڵانەی نەخوێندەوە. بەچاوی بێ گلێنەوە لە شوێنێك ڕامابوو و جگەرەی دەکێشا. جگە لەو، تەنیا دوو کەس لە ئەنستیتۆ بوون: پانکرات و ماریای پیر کە گریانی نەدەبڕایەوە و بۆ سێهەم شەو بوو بەدیار پرۆفیسۆرەوە دەمایەوە، چونکو پرۆفیسۆر نەیدەویست ئەو تاقە قوتوە کوژاوە بەجێ بێڵێ کە بۆی مابۆوە.

ماریا ستیپانۆنا لەژێر سێبەردا و لەسەر کاناپەیەکی بەرگ مشەممایی

دانیشتبوو و گوێی لە قوڵتەقوڵتی کتریەکە گرتبوو کە لەسەر سۆبە گازییە سێ پێیەکە دەکوڵا و خەیاڵ بردبوویەوە. هەموو شتێك لەپڕ ڕووی دابوو.

لە شۆستەکەوە دەنگی سەیر و نائاسایی نزیك و نزیکتر دەبوونەوە. ماریا ڕاچڵەکا و زریکاندی. لە شەقامدا چراکان چریسکەیان هات و گەورەتر بوونەوە. لە دەرەوە دەنگی پانکرات هات. پرۆفیسۆر گوێی هەڵخست. پاشان بۆ ساتێك سەری هەڵبڕی و لەژێر لچەوە وتی: ئای لەوە، خۆ هار بوون؟! جا چیم لە دەست دێ؟

پاشان ویستی بچێتەوە دۆخی داهێزراوییەکەوە کە هەڵبەت نەیتوانی. درگای ئاسنی ئەنستیتۆ لەسەر شەقامی گرتسین، ناڵەی لێ هەستا و دیوارەکان لەرینەوە. ئاوێنە گەورەکەی ژووری تەنیشت پرۆفیسۆر دارما و شیشەی ژوورەکەی خرمەی کرد. خرە بەردێکی خۆڵەمێشی لە پەنجەرەکەوە فڕکەی کرد و مێزە شیشەییەکەی شکاند. قرپۆقەکان لە ترسانا خۆیان پەستاوتە سووچی کونەکانیان و هاواریان کرد. ماریا ستیپانۆفا بە هەڵەداوان هەڵدەهات و دەیزریکاند. بەپەلە خۆی گەیاندە پرۆفیسۆر، دەستی گرت و قیژاندی: ڕابکە ولادیمێر ئیپاتیچ، ڕابکە!

پرۆفیسۆر لەسەر کورسیەکەی هەستا، خۆی ڕاست کردەوە. بۆ ساتێك هەمان بریسکەی پێرسیکۆفی ڕاستەقینە لە چاویدا بریسکایەوە و قولاپی پەنجەی لە بەردەم پیرەژنەدا سووڕاند و وتی: بۆ هیچ کوێ ناڕۆم. لاپ گەوجییە! ئەوان وەك شێت بە چوار قوڕنەی شاردا هەڵدێن. ئەگەر هەموو مۆسکۆ شێت بووە کوێ ماوە بۆی بچم؟ تکایە ئێوەش مەزریکێنن. من چیم لەم بەسەرهاتە داوە؟!

پاشان هاواری کرد: پانکرات! بەدواشیدا دەستی بەزەنگەکەدا نا. چما دەیەویست پانکرات ئەو ئاژاوە ڕابگرێ کە پرۆفیسۆر هیچ کات لەگەڵی نەبووە.

بەڵام پانكرات چی پێدەكرا. ناڵە و نركەكە درگاكانی ئەنستیتۆی شكاند و زرمەزرمی خێرا و قورسی پێی مرۆڤ و دەنگی گوللە و هاوار و هارەی شیشەكان هەموو ئەو ناوەی تەنی.

ماریا ستیپانۆفا قۆڵی پرۆفیسۆری گرت و دەستی كرد بەزریكە و هاوار. پێرسیكۆف قۆڵی لە چنگی پیرەژنە دەرهێنا، ڕەپ و ڕاست ڕاوەستا و بە ڕووپۆشە سپیەكەیەوە لە ڕێڕەوەكە هاتە دەر.

پرسی: ئەمر، چیتان دەوێ؟

درگاكان كرانەوە و لە هورووژمی حەشیمەتدا كە بەرەو ساڵۆنەكە دەهات، پیاوێكی جلی سەربازی لەبەر كڵاوێكی زرتیشكی و ئەستێرەیەك لەسەر شانیدا دەركەوت. كابرا بەدەم تەقاندنی دەمانچەكەی دەستیەوە، بەناچار لە بەردەم هورووژمەكە لاچوو و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە پێرسیكۆف و نەڕاندی: پرۆفیسۆر، خۆتان دەرباز بكەن. من چیتر ناتوانم بەریان بگرم. قریشكەی ماریا قسەكانی بۆ سەندەوە. كابرا بەخێرایی بەتەنیشت پێرسیكۆفی ڕەنگ وەك پەیكەرەی گەچی هەڵبزركاودا تێپەڕی و لە تاریكایی پێچاوپێچی ڕێڕەوەكانی ئەنستیتۆدا توایەوە. خەڵك بەدەم هاوار و لوورەوە، بەرەو نێو بیناكە بەربوونەوە.

تێیهەڵدەن... بیكوژن!

– ئەی نەگبەت... بەكرێگیراو! تۆ ئەم دەعبایانەت پەروەردە كرد!

دەموچاوی لار و گێژ و پڕ لە ڕق و جلی پڕ لە ڕێڕەوەكانی بیناكەدا حەشریان نابۆوە. تەقەیەك كرا. هەندێ تێڵڵا لە حەوادا هەڵسووڕان. پێرسیكۆف بە بینینی دۆخەكە سڵەمایەوە. درگای ژووری كارەكەی گاڵە دا كە تێیدا ماریا سوژدەی بردبوو و لەبەر درگاكەدا وەك عیسا لەسەر خاچ، دەستی كردەوە و قیژاندی:

– ئەم شێتبازییانە مانای چییە؟ ڕەفتارتان دەڵێی ڕەفتاری حەیوانە... چیتان دەوێ، بۆ دەرەوە، گووم بن. وەك هەمیشەش قسەکانی بەم وتە تەواو کرد:

– پانکرات، ئەمانە بکە دەرەوە!

بەڵام پانکرات چیدی کەسی پێ دەرنەدەکرا، پێشێل و سەر و بەچك شکاو و بێ گیان، لە ...... کەوتبوو و هورووژمی تازەی حەشیمەت، بێ گوێدانە تەقەکانی پۆلیس بە تەنیشتیا تێدەپەڕی.

پیاوێکی کورتە باڵای پێ وەك لاقی مەیموون خوار، کۆت و جلیقەی شڕ و داچەکاو لەبەر، پێشیان کەوت. پەلاماری پێرسیکۆفی دا و بەیەك تەکانی تێڵڵا سەری تلیشاند.

پێرسیکۆف تەکانێکی دا و بەلادا هات و دوا وشەیەك لە دەم داپچڕاندا وتی ئەمە بوو: پانکرات... پانکرات.

ماریا ستیپانۆفای داماویان لە ژووری کارەکەدا کوشت و ئەنجن ئەنجنیان کرد. قووتووی کوژاوەی بێ تیشکیان لەتوپەت کرد، ژووریلە و قرپۆقە تۆقاوەکانیان فلیقاندەوە. مێزە شیشەییەکانیان شکاند. پرۆژۆکتۆرەکانیان ورد و خاش کرد. تا یەك کاتژمێر دواتریش هێشتا ئەنستیتو هەر دەسووتا. لەبەر درگای ئاسنی کە چەکدار بە دەمانچەی ئەلکتریکی گەمارۆیان دابوو، تەرم هەڵدرابۆوە و ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە بەهەموو هەناسەیانەوە ئاوی بۆریەکانیان هەڵدەمژی و دەیانپژاند بە پەنجەرە گڕ گرتووەکاندا.

١٢

## سەرمای غەیبی

نۆزدە و بیستی ئووتی ساڵی ١٩٢٨، سەرمایەك پەلاماری مۆسكۆی دا لە بیرەوەری هیچ کەسدا نەبوو. سەرمایەکی ژێر ١٨ پلە کە دوو شەو و ڕۆژی خایاند. دانیشتوانی سەرسام و تۆقاوی مۆسكۆ هەموو درگا و پەنجەرەکانیان گاڵە دابوو. تەنیا لە ئێوارەی ڕۆژی سێهەمدا زانییان هەر ئەم سەرما فریای مۆسكۆ و زەمینە بێ سنوورەکەی دەوروپشتی کەوتووە و لەو بەڵا گەورەیە ڕزگاری کردووە.

ئەرتەشی سوارە، لە دەوروپشتی مۆژایسك شکابوو و پتر زیاد لە سێ لە چواری سوارەکانی کوژرابوون.

سکادرانی فڕۆکەکان چیدی نەیاندەتوانی بەر بەو خشۆکە نەفرەتییانە بگرن کە لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا لە ڕۆژئاوا، باشووری ڕۆژئاوا و باکورەوە بەرەو مۆسكۆ دەهاتن.

شەختە و سەرما قڕی کردن. مێگەلی خشۆك نەیانتوانی لە دوو شەو و

ڕۆژ زیاتر بەرگەی سەرمای ژێر هەژدە بگرن و لە کۆتاییەکانی مانگی ئووت و لە کاتێکدا شەختە تەنیا لەسەر گەڵای سەرمابردووی درەختەکان نمی هێشتبووەوە، کارەسات کۆتایی هات. کەس نەمابوو پێویست بێ بەرنگاریی بکرێ.

جەنگەڵ و چیمەن و زۆنگە بەربڵاوەکانی دەرەوەی مۆسکۆ هێشتا پڕبوو لە هێلکەی نەناسراو، ڕێك وەك ئەو چاڵ و بەرز و خاڵە سەیرانەی کە ئالێکساندر سیمۆنۆویچی بێ سەر و شوێن، بەپیساییان تێگەشتبوو. بەڵام چیدی مەترسییان نەبوو چونکو سەرما و شەختە بردبوونی.

دەشتی بێ سنووری دەرەوەی شار، تا ماوەیەکی زۆر پڕ بوو لە کەلەشی بێژمار و بۆگەنیوی تیمساح و ماری لە هێلکە جووقاو و، لە شەقامی گرتسین تەرمی مرۆڤ لەبەر تیشکی هەتاودا بێ خاوەن داکەوتبوون. ئەگەرچی ئیتر جێگەی مەترسی نەبوون. بوونەوەرە ناسکەکانی خمخۆرك و زۆنگە گەرم و گەنیوەکانی ئامریکا، لە دوو ڕۆژدا شتاقیان نەما و بۆگەنیان سێ ناوچەی گرتبۆە. دوای ئەوەش بەهۆی کەلەش و تەرمی خشوك و مرۆڤەوە پەتای جۆراوجۆر داکەوت. ئەرتەش بۆ ماوەیەکی زۆر لە باتی گاز خشۆك و مرۆڤەوە پەتای جۆراوجۆر داکەوت. ئەرتەش بۆ ماوەیەکی زۆر لەباتی گاز بەکەرەستەی هەڵکەندنی زەوی و تانکری نەوت و بۆریی ئاوەوە، بەهەموو خاکی وڵاتدا دەچووە پێش و خاوێنی دەکردەوە. بەهاری ساڵی ٢٩ هەموو شتێك کۆتایی هات.

مۆسکۆ سەرلەنوێ بە چرای بانگەشەکەر و بریسکەی پەنجەرە و کۆگاکان ڕووناك بۆوە. گزنگ و تیشکی ڕەنگامە بەشاردا سووڕانەوە و هەرا و زەنا و هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان بەرز بۆوە. لەسەر گومەزی کەنێسەی عیسای مەسیح کەوانی مانگ بەدەزوویەکی نادیارەوە هەڵواسرابوو. لە جێگەی بینا سووتاوە دوو نهۆمەکەی ئەنستیتۆ، بینای تازەی

جانەوەرناسی کرایەوە و سەرۆکایەتییەکەی درایە ئیوانۆف.

بەڵام پێرسیکۆف بەفری پار زستان بوو. چیدی قولاپی دڵنیای پەنجەی لەبەر چاوی کەسدا نەگەڕا و کەس دەنگە زیق و ناخۆشەکەی گوێ لێ نەبوو. هەموو جیهان ماوەیەکی درێژ، تێر لەسەر تیشکەکە و کارەساتی ساڵی ٢٨ ڕۆشتن و نووسییان. بەڵام بەرەبەرە ناوی پێرسیکۆف گەردی فەرامۆشیی لێ نیشت و مۆمی یادی کوژایەوە. هەر چۆن ئەو تیشکە سوورەی نیوە شەوێکی ئاوریل دۆزرابۆوە، دامرکا و چیدی بەکەس هەڵنەکرایەوە. ئەگەرچی جێنتێلمەنێکی ناسك یان هەمان پرۆفیسۆری ئاسایی – پیتر ستیپانۆویچ ئیوانۆف چەندین جاران هەوڵی دا پێی بکاتەوە.

شەوی کوشتنی پێرسیکۆف، خەڵکە تووڕەکە قوتووەکەی یەکەمیان شکاند. سێ قوتووەکەی ساوخۆزیش هەر لە یەکەم هێرشی سکادرانەکەدا سووتان و ئیوانۆف ئەگەرچی پاش تەقەللایەکی زۆر توانی قوتووەکان دابنێتەوە و بەساناییش دەیتوانی ڕەنگدانەوەی تیشکەکان لە ئاوێنەدا ڕێك بکاتەوە، کەچی تەلیسمی دروستکردنەوەی قوتووەکە بە کەس نەکرایەوە.

ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئەم کارە شتێکی تایبەتی زیاد لە زانستی مرۆڤی دەویست؛ شتێك کە لە هەموو جیهاندا تەنیا یەك کەس هەیبوو:

– پرۆفیسۆری ڕەحمەتی، ولادیمیر ئیپاتیچ پێرسیکۆف.

**مۆسکۆ – ئۆکتۆبەری ١٩٢٤**

## پێڕست


بڵێی وەستان لە بەرامبەر ئیستالیندا چۆن بێ؟ ..... ٥

چاوخشاندنێك بەژیاننامەی پرۆفیسۆر پێرسیکۆفدا ..... ٩

؟؟؟؟؟؟؟؟؟ ..... ١٦

کەشفەکەی پێرسیکۆف ..... ٢٤

دێرزدۆوا، ژنی قەشە ..... ٣٠

بەسەرهاتی مریشکەکان ..... ٤٠

مۆسکۆ لە ژوەنی ساڵی ١٩٢٨ ..... ٦٠

ڕۆك ..... ٦٥

بەسەرهاتی ساوخۆز ..... ٨٠

شۆربای زیندوو ..... ١٠١

کارەسات ..... ١٠٨

خەبات و مەرگ ..... ١١٦

سەرمای غەیبی ..... ١٢٥